# وەرزە سەوزەکانی ئەوین

شیعر

# وەرزە سەوزەکانی ئەوین

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٨

ناوی کتێب: وەرزە سەوزەکانی ئەوین
بابەت: شیعر
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ:٢٠١٨
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٧٤٧) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

پێشکەشە بە:

**شەرمن رەشید پارچەیەک لە جوانی و**
**نزیکترین مرۆڤ لە روحم**

هەواڵنامەی کتێب

# عەشق هەڵزنانە بە باڵای تەنهاییدا

عەشق

ئەو گۆرانییە غەمگینەیە

پێش چڕینی دوا کۆپلە کۆتایی دێ و

دوای خۆی دوو مشت خۆڵەمێش

لە ناو کەمانچەی شکاوی رۆژگاردا جێدەهێڵێ

فووکردنە لە چرای کامەرانی

لە تاریکترین رۆژە تەمومژاوییەکانی گومان،

نوێژێکە لە هەزارەها رکاتی چەمانەوە و

هەواڵنامەی کتێب

دڵشکان پێکهاتووە
ئازیزم، تۆ ببینە
عەشق کانیاوێکی سوورە
لە سەرچاوەوە لێڵ بووە و
سوور سوور بووە بە خوێناویی
ئەوانەی لە یەکەم نیگادا کوژران و
بوونە چیرۆکی ئەفسووناویی و
حکایەتە درێژەکانی شەوانی زستان
ئازیز، تۆ بڕوانە عەشق شەڕفرۆشتنە
بەو کچە لیمۆییەی دنیای پڕ کردووە لە ناز و
لە نێو چاوەکانیدا جوانییەکی بکوژ و
لە بەشی چەپی سینگیدا ئاسنێکی رەق هەیە و
لەگەڵ بەربوونەوەمان
بۆ نێو ئەو جیهانەی لای چەپی سینگی
مێشکمان ئەپژێ و
لەسەر دیوارەکانی تەمەنێکی بەفیڕۆچوو
بە دوا قەترە خوێن ئەنووسین
خۆشەویستی نەسیم نییە،
بەڵکو گێژەڵووکەی شووم و نەگبەتییە
هاوڕێ، تۆ دیقەت بدە
عەشق گلانی سوارچاکەکانە
لەسەر چیای دڵەوە

بۆ نێو نشێوییەکانی دابڕان و
دۆڵە ڕەشەکانی گریانێکی ئەبەدی،
خۆخواردنەوەی ئەو لافاوەیە
بەرەو کەنارەکانی مەرگ و
تیاچوون دەمانبات
لەوێش دەمانکاتە هاوەڵی گیانی بە گیانی
هەڵاڵە هەڵوەریوەکانی ئارەزوو
هاوڕێ تۆ بیر لەوە بکەوە
عەشق پەیژەیەکی رزیوە
کەس ناتوانێ قاچ بخاتە سەری و
بەر نەبێتەوە نێو دەربەندی تەنهایی و
ژووره تەمومژاوییەکانی خۆکوشتن،
لەوێندەرێش لەنێو پەناگە نسرمەکانی
دوور لە هەتاوی ڕۆمانسییەت
لە پەنا هەناسە ساردەکان و
عومری لە کیسچووەوە
بە دۆشداماویی دەوەستێت و
ئەڵێیت ئای خودایە
عەشق چەند درۆیەکی شیرین بوو!
هاوڕێ تۆ بە قووڵی سەرنج بدە
عەشق ئاوێنەیەکی شکاوی لێو خوێناوییە
سوێندم پێ مەخۆ لەوەتی هەیە

هەر رۆحی ئەو کەنارییانە تیغ ئەکا
کە ئەیانەوێ چارەنووسی خۆیان
لە ناویدا ببیننەوە
عەشق قوم قوم خواردنەوەی حەسرەت و
هەڵزنانە بە باڵای بەرزی تەنهاییدا و
سەماکردنە لەسەر پشکۆی عاتیفە
ئەو عاتیفەیەی خەریکە
لەنێو تەمومژی غوربەتا ون ئەبێت
هاوڕێ تۆ تەنها تەماشا بکە
عەشق رژانی پەرداخێک پێکەنین و
هەڵوەرینی ئەو گۆرانییە بەهارییانەیە
بە دەنگی کەوە کوژراوەکانی
ئەو بنارە دەوترێنەوە
عەشق لورە لوری گورگی غەریزە و
ورشەی کەوا قەترانییەکەی دڵتەنگییە
هاوڕێ لێرەوە لێی بڕوانە
عەشق کۆژانی ئەو کۆترە سیاپۆشانەیە
بەر لە خۆکوشتن دووپشکی خیانەت
ژەهری مەرگی خستە گیانیانەوە
عەشق لرفەی ئەو رەشەبا تووڕەیەیە
چارۆگەی کەشتییەکانی دڵ
لە دەریای بێ بنی فیراقدا ئەدڕێ

هاوڕێ ئەمەوێ لەوە تێبگەیت
عەشق ژەهراویبوونی بای شەماڵە
هەناسەکانت پڕ دەکات لە نائومێدیی و
پێش ئەوەی خۆری نیگایەک
چاوەکانت رووناک بکاتەوە
تۆزی دڵشکان بیناییت تار ئەکات
عەشق خنکانە لە رووباری بێهودەییا و
بەربوونەوەیە لەسەر پەلکەزێڕینەی خەیاڵەوە
بۆ نێو دۆڵەکانی کابووس
هاوڕێ، ئەمەوێت نیشانت بدەم
عەشق هاڕەکردنی دڵە شووشەییەکان و
وێرانبوونی تەلارە گەردن بەرزەکەی غرورە
عەشق ئاگرێکە لە تافی گەنجیمان بەردەبێ و
دەمانکاتە خۆڵەمێشێکی پیری بابردوو
هاوڕێ من چەندان جار
لە دەرگای عەشقم داوە
لەوێ جگە لە سڕبوونی
شەپۆلەکانی تەمەنم هیچی ترم نەدی
لەوێ جگە لە چڕینی سرووده بەردینەکان
هیچی ترم نەوت
لەوێ جگە لە نەفەسدان
لە سیگاری ئارەزووەکان

بەلێوی وشک هەڵاتووی بیابانئاسام
هیچی ترم نەکرد
لەوێ جگە لە نرکە نرکی
خۆزگە مۆمیاکراوەکان
گوێم لە هیچ هاوار و ناڵەیەکی تر نەبوو
هاوڕێ تۆ سەیرێکی من بکە و ببینە
عەشق گۆرانییەکی تەواو نەبووە و
مەرگ دوا کۆپلەی ئەو گۆرانییە
لەسەر جەستەی ساردەوەبووم ئەچڕێ
هاوڕێ تۆ ببینە عەشق ....
عەشق
عەشق

ئەڵمانیا – کۆڵن
ئاگۆست – ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# لە شەمەندەفەردام بەرەو لای تۆ

گێژەڵووکەی عەشق لە مندا تاو ئەسێنێ و
هەڵیگرتووم بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر
تاکو لەبەردەم تۆدا
گەڵا گەڵا تەنهاییم هەڵوەرێنێ
شەمەندەفەرەکەم خێراتر لە بروسکە دەئاژوێ و
هێشتا من پێموایە هەنگاوەکانی سستن و
ئەم ڕێگا تولانییە
هێندەی عومری نوح درێژ بووەتەوە
ئەمەوێ زووتر لە زوو بە تۆ بگەم و

هەواڵنامەی کتێب

گریانەکانی خۆم
لە رووباری خەندەکانت بشۆمەوە
رۆژووی ئەم هەموو کەساسییەم
لە ئامێزتدا بشکێنم
رووی گوناهەکانم
لە مەرقەدی پاکیزەیتدا سپی بکەمەوە
کڵپەی ئەو هەموو سووتانەم
بدەم بە دەم شەپۆلەکانتەوە
ئەو سەحرا وشکەی دەمم
بە ئاوی لێوی ئاڵت تەڕ بکەم
رەنگی تاریکم
لە ئاتەشگای چاوەکانتدا رووناک بکەمەوە
دەستە تەزیوەکانم لە گیرفانی قاپوتی
یادگارییەکانتدا گەرم بکەمەوە
لە شەمەندەفەردام بەرەو لای تۆ
ئەخوازم خێراتر لە خێرایی تیشک بگەم بە تۆ،
بگەمە ئەو عەشقەی
وەک گوڵەی وێڵ نووسا بە تەوێڵمەوە و
لە بری خوێن،
پێکەنین لە رۆحمەوە فیچقە ئەکات
بگەم بەو دەستانەی
گوڵی میهرەبانیی ئەدا

لە یەخەی کراسی قەترانیی
زامە دێرینەکانم و
لاپەڕەیەک لە مێژووی من
لەگەڵ خۆی ئەنووسێتەوە
کە تیایدا رۆژنامەکان
هەواڵی ماچ ئەکەنە مانشێت
گۆڕستانەکان بە ئاوی ژیان
غوسلی خۆیان دەرئەکەن و
عەشق،
خەنجەری سووری ناموسپەرستی
لەبەر پشتێنی گرێچنی
کولتوور دەرئەهێنێ و
دەیخاتە نێو ئۆقیانووسی دیرۆکەوە
مەبەستمە، پەلەتر
لەو باڵندە کۆچەرییانەی لە وەرزی سەرمادا
بەرەو گەرمیان کۆچ ئەکەن
بەرەو تۆ بێم
بەرەو تۆ دێم
تا لە زستانی شەختە و سارددا
لە کورەی شەوەکانی مەنفاتدا هەڵکڕوزێم
تا لەسەر شۆستەی پەمەیی ئاوێزانبوون
حەیرانێک بە باڵای نەورەسێکی کوژراوی

هەواڵنامەی کتێب

نیشتماندا بچڕین
تاکو لە کۆماری تەژی
گڕی مۆمستانی سینگتدا
ببمە سەرۆکێک کە
بۆنی مێخەک لە سووتانی بێت
تاکو لەبەردەم پەنجەرەی چاوەڕوانیتدا
ببمە گوڵدانێکی سپی و
پڕ پڕم بکەیت
لە رەیحانەی نیگا و
گوڵی مۆری ماچەکانت
خەونمە
گورجتر لەو فریشتانە بە تۆ بگەم
هەواڵی زەماوەندی چرۆ و چڵ
دەگەیەننە خودا
گورج دێم
سۆزی دەروونی هەڵقرچاوم
لەنێو تەزیوییەکانی تۆدا ئەکەمە لاوکێک
بۆ ئەو لاولاوە رەشپۆشانەی لە یەکەم روانیندا
بەدەم هەڵقوڕانی
پێکێک لە نیگەرانییەوە مردن
دێم رووەو تۆ،
لەوێدا هەست ناکەم غەوارەم

هەست ناكەم فەنتازياكانم
ئەبنە قفڵی ژەنگاویی سەرم
هەست ناكەم دڕكی غەم ئەچەقێت
لە ئاوریشمی هەستم و
لەوێ بە شەونمی دڵنیایی
هەموو بەیانییەک خۆم دەشۆم
لەوێ گوێ لەو سترانە بزێو و
هەمیشەییە ئەگرم
سەرەتاكەی باوەش و
كۆتاییەكەی راموسانە
لەوێ لە پەنا گوناهەكانمەوە
لە ئاوی چاوەكانت هەڵدەكێشرێم و
كۆتایی هەموو پرسیارە شپرزە و شڵەژاوەكانم
بە یەک وشە و
بە «خۆشم ئەوێی» وەڵام ئەدرێنەوە
لە شەمەندەفەردام بەرەو لای تۆ
دەیان رێگەی نشێو و هەورازم بڕی تەنها
بۆ سەرخەوشكاندنێک لە ژێر ئاسمانی روونتدا
سەدان جار خۆم دایە بەر دەستڕێژی ئاگر
تاكو مەشخەڵێكت لێ بدزم بۆ رۆشنایی رێم
هەزاران جار شەوی دەیجوورم تێپەڕاند
تەنها بۆ رۆژكردنەوەیەک لەژێر پرشنگی باڵاتدا

ملیۆنان نامەی کۆنی دڵدارییم دڕاند
لەپێناو نووسینی دێڕێک شیعر بۆ عەشقی تۆ
دەیان جار تەماشای خۆرئاوابوونم کرد
تەنها بۆ ئەوەی لە سپێدەکەیدا بتدۆزمەوە
هاتووم بەرەو لای تۆ و بۆ شارەکەت و
بەردی عەشقم
فڕێ ئەدەمە گۆمی بێدەنگیتەوە
وەک کاپتنێکی سەرکێش و دڵشکاو
خۆم و پاپۆڕەکەم
ئەخەمە شەڕی شەپۆلەکانتەوە
وەک سوپایەکی ماندوو و تێکشکاو
رووبەڕووی شاڵاوی عەشقی ئەبەدیت ئەبمەوە
وەک سەرخۆشێکی بێ پەناگە و گەدا
شەرابی ئەوینت پێک دوای پێک ئەخۆمەوە
هاتووم بەرەو تۆ، وا هاتووم ناگەڕێمەوە
ناگەڕێمەوە،
چون شوێنێک شک نابەم بۆی بچمەوە
لە شەمەندەفەردام بەرەو لای تۆ
بەرەو لای تۆ.....

ئەڵمانیا – بیلەفیڵد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# دەڕۆم.. لەم سەرزەمینە بار دەکەم

ئەو باڵندە کۆچەرییەم
لە فڕین و سەفەردام
رووەو باوەشی ئەو ئاسمانەی
تەمی هەلاهەلابوون لێڵی نەکردووە
رووەو ئەو گۆرانییەی هێشتا نەوتراوە و
لەنێو قورگێکی پڕ گریاندا قەتیس بووە
رووەو ئەو شارە گەرمەسێرانەی
سەرمای بێ نازیی نەیتەزاندوون

هەواڵنامەی کتێب

پێش ئەوەی درەنگ بکات سەفەر دەکەم
ماڵی خۆم دەگوازمەوە گوندی بیرچوونەوە و
لە شەقامێکی بێ ناونیشاندا دەبمە دەستفرۆش
هەرچیم هەیە لە فرمێسک و دڵشکان هەڕاجی دەکەم
هەموو زەردەخەنە بێ کڕیارەکانم مەزاد دەکەم
لە کەنار دەریا و لە نێو شەپۆلەکاندا
کوخێک بۆ سەرەڕۆییەکانم ئاوەدان ئەکەمەوە و
هەموو بەیانییەک
پێشوازیی لەو گەشتیارانە دەکەم
لە زمانی ئاو تێناگەن و مغازەلەی ئەکەن
لە زمانی عەشق حاڵی نین و
پێیدا هەڵدەدەن
ئێوارانیش دەستی خواحافیزیی
بۆ ئەو ماسیگرانە بەرز دەکەمەوە
دەریا بە ماسیدا دەناسنەوە و
شەپۆل لەنێو تۆڕەکانیاندا کەلەپچە دەکەن
مەقامێکیان لە بارەی
عەزابەکانی خۆم بۆ دەخوێنم و
خورپەیەک لە دڵیاندا دروست ئەکەم
کە لە ناخی هەر یەکێکیاندا
پڵنگێکی دڕندە هەیە
لە کۆڵانی یەکەمی قارەی خۆکوشتندا

باڵەخانەیەک لە مەراقەکانم رۆ دەنێم و
دەیکەمە تابووتی ئەو وجودەی
هیچی پێ نەبەخشیم و
هیچی فێر نەکردم جگە لە راکردن
بەدوای کڵاوی بابردووی شۆخە ژنێکدا
هیچ لێی تێنەگەیشتم جگە لەوەی
ببمە بینەری ئەو شانۆگەرییە گاڵتەجارەی
دەوڵەمەندەکان هەژاران برسیتر ئەکەن و
هەژارانیش ئەسپی عەرەبانەی
خۆشبەختی ئەوان بەرەو پێش رادەکێشن
هیچ ئازادییەکم تێدا نەبینی
جگە لەو کۆتانەی زمانمانی پێوەند کرد و
سەری بیرکردنەوەمانی پێ پان کرایەوە
جانتای هیواکانم خاڵین لە ئومێد
بینایی چاوەکانم ئاسۆ نابینن
هێزی ئەژنۆم توانای یەک شەقاوی تری نەماوە
دەستەکانم لەم زستانی مرۆڤایەتییەدا سڕ بوون
بیرکردنەوەم بۆنی فرمێسکی سەربازێکی گرتووە
کە لە سەنگەرەکەیدا دوا نامە
بۆ خۆشەویستەکەی ئەنووسێ
سەرم بووە بە دۆلابێکی تەژی نهێنی
ئەو سوێسکە عاشقانەی، کێردی کولتوور

لە خەونی یەکەمین فڕینیان ئەچەقێنرێ
دەڕۆم و ماڵەکەم دەبەمە نێو خەون
هیچ کات نامەوێ بەخەبەر بێم و
لەسەر خەونەکانم، وەک یوسف
بمخەنە نێو بیرە تاریکەکانی بیرچوونەوە و
کراسێکی خوێناویی نیشانی یارم بدەن و
بڵێن عاشقەکەت گورگی خیانەت خواردی
هەر لەنێو ماڵی خەونەکانمدا ئەمێنمەوە
نامەوێ دیمەنی سەربڕینی مۆمەکان و
بە کۆمەڵکوشتنی باخچەکان ببینم
نامەوێ گریانی منداڵێکی بێ باوک
وەک شوشەی شکاو ڕۆحم تیغ بکات
نامەوێ گوڵە لاولاوێکی تیرۆرکراو ببینم
لە ئانی پاڕانەوە
لەو جەلادەی چەقۆ لە ملی دەسووێ
نامەوێ ئەو کرێکارە دەست قلێشاوە ئازارم بدا
نرکەی برسێتی تا کەشکەڵانی فەلەک ئەڕوات
هەر لە نێو ماڵە فراوانەکەی خەیاڵم دائەنیشم
لەوێ هەموو شتێک هەیە
تەنها گریان نەبێت
هەموو شتێک ئازادە
تەنها قەدەغە نەبێت

کوردانەی ئەب

هەموو شتێک رێپێدراوە
تەنها نیگەرانی نەبێت
دەڕۆم و
رەشماڵەکەم لە مەیخانەیەکدا هەڵدەدەم
ئۆکۆردیۆنی زەمەنی قەرەجیم ئەژەنم و
لایلایەی شەوانی دایکم ئەکەم بە میلۆدی
بەسەر پردی ئەندێشەی ئاڵۆزکاومدا ئەپەڕمەوە
ئەوبەری بێدەنگی و
ئەمبەری گەردەلوولی شەڕ
بارانێک لە خودا قەرز ئەکەم
بۆ شینکردنەوەی درەختی وشکبووی پێکەنین
ئینجانەیەکی سوور لە بەهەشت ئەدزم
بۆ رواندنی گوڵە مۆرەکانی ئەوین
لافاوێک لە زەریا نیگەرانەکە دەخوازم
بۆ رامالینی چڵکی کینە و ژاری ناپاکیی
دەڕۆم و
هەوارم دەگوازمەوە مەملەکەتی عەشق
کچی گاور لە شێخی سەنعان مارە ئەکەم و
زەماوەندێ بۆ پێکگەیشتی مەم و زین ساز ئەکەم
پەپولە تۆراوەکان
لەگەڵ گوڵەباخ ئاشت ئەکەمەوە و
دەستی جۆگە دەخەمەوە ملی مەزرای تینوو

زمانی خۆشەویستی دەکەمە زمانی فەرمیی
قوتابخانەکان پڕ دەکەم لە بۆنی نیشتمان و
خوێنی کورد لە وانەی مێژوو دەرئەهێنم
دەستی هەورە گەڕۆکەکان توند ئەگرم و
ئەیانبارێنم بەسەر وشکەساڵیی وڵاتدا
دەڕۆم و لەم سەرزەمینە بار ئەکەم
زەوییەکی تر دوور لە نرکە و ژان
ئاوەدان ئەکەمەوە
لەوێ کێڵگەکان
تەنها خونچەی دڵدارییان تیا ئەڕوێ
لەوێ جۆگەکان
تەنها ئاوی ژیانیان پێدا تێدەپەڕێ
لەوێ ئاسۆ
خۆری چاوی مەعشووقی لێ هەڵیێ
لەوێ رۆژ و شەو دوژمنی یەکتر نین
تاریک و روون بەسەری یەکتر تینو نین
ئاوابوون و هەڵاتن پێچەوانەی یەکتر نین
مرۆڤ و ئازادیی لە یەکتر دوور نین
عاشق و مەعشووق
لەسەر شەقامی دابڕان نین
مەستیی و ئاگایی
دەستیان ناچێتە خوێن یەکتر

دەڕۆم و لەم سەرزەمینە بار ئەکەم
بار ئەکەم بۆ نێو نیشتمانی خەونەکانم
بار ئەکەم...

دانیمارک – کۆپنهاگن
نۆڤەمبەری ٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

# رژام وەک دڵۆپە فرمێسکێک
# لە چاوی خودا

بەر لەوەی خۆر
لەنێو برژانگەکانمەوە هەڵبێ
شەوەکان لەلای پرشنگی رۆحم
سکاڵا لە پێستە تاریکەکانیان دەکەن
دەیانەوێت ئەرزوحاڵیان بگەیەنمە خودا
کە چەندە تاوان لە دڵیاندا بە بێدەنگی دەکرێ
ئەوان بێزارن لەو هەموو گوناهەی، مرۆڤ

لە ژێر پرچی رەشی شەودا ئەنجامی ئەدا
کەچی ئەوان نازانن ساڵهایە
رژاوم وەک دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوی خودا
بەرلەوەی خۆر
لەودیو سێبەرەکەمەوە ئاوا بێ
پۆستەچییەک بە هەناسەبڕکێ دێت و
بوخچەی سەدان نامەی غەمبار
لەبەردەم رەشەبای دڵما هەڵدەڕژێ
نامەی یەکەم، نامەی عارفێکە
هەمیشە روو لە قیبلەی یار و
دەست بەدەستنوێژی عەشق
بە خەتێکی درشت
لە کۆتا دێڕدا نووسراوە
لە کڕنووش بردن بۆ تۆدا ئەمرم و
کەچی دەچەمە چاڵە دۆزەخییەکانی دڵت
نامەی دووەم، نامەی سۆزانییەکە
هەرچی پیاوی سیاسیی هەیە
لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا
ناویان تۆمارە و
هەرچی بازرگانە چاوچنۆکەکانە
دەستێکیان لە باخەڵیدا جێماوە
دێڕەکانی نامەکە هێشتا تەڕ بوون

به فرمێسکی دوای سەرجێی نوسرابوون
لە سەرەتاوە بەم شێوەیە دەستی پێکردووە
چی لە نیشتمان بکەم
کە وەک من کراوەتە سۆزانییەک و
سیاسەتمەداران بە رۆژی روون
لاقەی دەکەن؟
چی لەو خەونانەی خۆم بکەم
کە بوونەتە مۆتەکەی هەموو شەوانێکم
کاتێ لە باوەشی گورگە پیاوێکدا دەنووم
نامەی سێهەم، نامەی دایکی شەهیدێکە
هێشتاش بۆنی مێخەک و رەیحانەی لێدێ
بە خەتێکی رەش وەک کراسەکەی بەری
لە سەرەتاوە تا کۆتایی
تەنیا ئەمەی نوسیبوو
کەس لە نهێنی مەلوولیم تێناگات
کۆترێکیش لە ژووره نسرمەکەم هێلانە ناکا
کەس نازانێ
ئەم بەلوعەی خوێنە کەی دەگیرێتەوە و
درەختی ئاواتەکانمان کەی چرۆ دەکات؟
نامەی چوارەم، نامەی نیشتمانفرۆشێکە
بە مرەکەبی خیانەت لەسەر لاپەڕەکی رەش
بەوپەڕی خوێنساردییەوە لەسەری نوسیوە

نیشتمان کەلاوەیەکە بۆ فرۆشتن
بەهای وڵات
لە مەزادخانەی ئێمەدا چەند تمەنێکە
نامەی پێنجەم، نامەی شاعیرێکی گەدایە
بە پێنووسی جوانیی و بە دڵی پەپولەیەکەوە
یەک کۆپلە شیعری تێدا نووسیوە
بەر لە هەزاران ساڵ رۆحم لە جەستەی
هەڵۆیەکی کوێستانەکانی وڵاتدا بوو
ئەوێ رۆژێ لوتکەی سەدان چیام بڕی
نەمبینی هیچ چیانشینێک دیلی دەستی
رەشماڵنشینێکی نێو غوباری سەحرا بێت
نەمبینی پەتی رزیوی سێدارەی بیابان
بۆ مل و گەردنی بەرزی چیا بێت
نامەی شەشەم، نامەی عاشقێکە
بە خوێنی ئاڵی خۆی نوسیوویەتی
پاکیزەکانی ئەم چەرخە
لەنێو دەڵاڵخانەکانی لەشفرۆشی کەوتوون
عاشقەکانی ئەم زەمەنە
لەنێو شێتی و خۆکوشتندا بزر بوون
جاڕچییەکانی خۆشەویستی
بۆ مشتێ پارە کڕ و کپ بوون
نامەی حەوتەم، نامەی رێبوارێکە

بیرەوەریی رۆژانی خۆی نوسیوە
لە گۆشەیەکی نامەکەدا
ئەمەم خوێندمەوە:
بە وڵاتێکدا گوزەر ئەکەم
جاران ئاوی کەوسەر و
هەوای جەننەت بوو
جاران شام شەکر و
ئەم وڵاتە شیرینتر بوو
ئێستاکە ئاوی لێڵە و
هەوای گڕەی ئەهوارەکانە
هەنووکە شام زەقنەبووت و
ئەم وڵاتەش کاولستانە
نامەکان زۆربوون و
هەموو بۆ ئەوە نێردرابوون
من بیگەیەنمە عەرشی مەزن
کەچی ئەوان نازانمساڵهایە
رژاوم وەک دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوی خودا
بەر لەوەی مانگ
لە نێو لەپی دەستەکانمەوە هەڵبێ
لە وەرزی کۆچ و گەرمیان و کوێستاندا
مەلێکی لە پۆل جێماو،
دەریایەک فرمێسکی بەسەردا رشتم

گوتی هەر دڵۆپە فرمێسکێک
حکایەتێکی غەمگینی خۆی هەیە
یەک یەک بیانخوێنەوە و
رازیان بگەیەنە بە خودا
دڵۆپە فرمێسکی یەکەمم خوێندەوە
بە خەتێکی بزماری لەسەری نوسرابوو
ئەی عەشتار، دەنگم پێت ناگات و
ئازارێکم هەیە تۆش لێی تێناگەیت
چاوم لە کاتی مردنیشدا هەر کراوەیە
چون هەمیشە لە چاوەڕوانی هاتنی یاردام
فرمێسکی دووەم
لە کوچەی غەریبان هەڵگیراوەتەوە
ئەوەندە حەزینە
ئەڵێی تەمبورێکی شکاوی لالشە
هەر ئەوەندە تێگەیشتم لێی، ئەڵێ
من فرمێسکی دێرینی کوردم
لەسەردەمی غەزاوەتەوە رێچکەم بەستووە
بە روخاندنی ئاتەشگاکان و
کورژاندنەوەی ئاگری ئاهورامەزدادا تێپەڕیووم
بە شەڕی میرنشینەکان و
ئەنفال و هەڵەبجەدا گوزەرم کردووە
نە خودا گوێی لە خورەم بوو

نە جەلادەکان دەستیان هەڵگرت
لە جۆگە هەڵبەستن بۆ شەپۆلی بریندارم
فرمێسکی سێهەمم
بە مەستیی خوێندەوە
بە فۆنتێکی هێرۆگلیفی لەسەری نووسرابوو
من ژنێکم کۆتی دەستی کولتوور
لەسەر بۆنکردنی گوڵێکی گەش لە باخی ئەوین
وەک دارکونکەرە لەشیان کردم بە بێژنگ
خوێنم بووە ئاوی شتنەوەی ئابڕووی تکاو
ڕۆحم بوو بە باڵی هەڵکڕوزاوی پەپولەیەک
فرمێسکی چوارەم
قەترەیەک بوو لە بارانی غەم
لە چاوی برسییەک ڕژابوو
هەر ئەوەندەم بۆ خوێنرایەوە
هەرچی ئومێدم هەبوو
بە مردوویی لە دایکبوون
هەرچی خۆزگەم هەبوو
کرانە گرێچنی ئەو سێدارەیەی
ناوی هەژاریی بوو
فرمێسکی پێنجەم
بەندی گۆرانیبێژێک بوو
بە بەرگی شادیی رووپۆشکرابوو

هەرچەند قووڵ بوومەوە نەگەیشتمە هیچ
جگە لە زامی قووڵی نیشتمانێکی گریاو و
هەلاهەلابوونی پەیکەری ئەویندارێکی بێ پەروا
فرمێسکی شەشەم
فرمێسکی عاشقێک بوو
ئۆپێرایەک بوو لە بێدەنگی و
بێدەنگییەک بوو لە کۆژانی چاخی مەحیبەت
یەک شت تێگەیشتم لێی
لە دایکبوونی عەشق
کەوتۆتە دوای مەرگی عاشق
فرمێسکی حەوتەم
خودی خۆم بووم
بە خێرایی بیرم کەوتەوە
من دەمێکە
وەک فرمێسکێک رژاوم لە چاوی خودا و
وازم لە خوێندنەوەی فرمێسکەکانی تر هێنا

ئەڵمانیا – کۆڵن
دیسەمبەری ٢٠١٧

# ئەی عەشق تۆ لە کوێی
# تەنیایی کوشتمی؟*

هەموو وەرزەکانی من
بە تەنهایی و بەدیار خەونێکی تەنیاوە
کەڕوویان کردووە
زەمەن بەنێو تەنهاییەکەمدا رەت ئەبێ و
ئاوڕێک لەو مەیتە کەساس و کۆنە
هەزار ساڵەیە ناداتەوە

سیگارەکەم هەروەک خۆم بێ نەوا
لە ژووورە چۆڵەکەمدا هێدی هێدی
بۆ رۆحی تەزیوم ئەسووتێ
ئاوێنە شکاوەکەی ژوورەکەم
هەمیشە بێزارە لەو درزەی چۆتە دڵی و
لەو گۆرانییە سواوانەی
هەموو رۆژێک پیاوێک
بۆ تەنهایی خۆی لەبەردەمیدا ئەیچڕێ
گیتاری خەونەکانم
وەڕس بوون لەو میلۆدییە دێرینەی
هەموو شەوێک
پیاوێکی ونبوو لە خۆی
بە پەنجەی خەمۆکی ئەیژەنێ
هەتاو لە درزی پەنجەرەوە
هەموو بەیانییەک بە خێرایی سڵاو ئەکات و
دەبینێ هەمان پۆشاکی تەنیایی دوێنێ و
بێزاریی پێرێم لەبەردایە
ئیدی لێم زووير دەبێت
دەڕوات، دەڕوات، دوور دەڕوات
کە لە مەغریبەوە ئاوا دەبێت
لە دڵی خۆیدا دەڵێت
بەڵکو ئەمجارە ئەستێرەیەک میوانی بێ و

دەست لەملانی یەکتر
لەناو بێشکەی راموسان‌دا
دیلانێ بکەن
مانگ بە دزی ئەستێرەکانەوە
بەتیلە چاو لێم دەڕوانێ
چاوەڕوان دەکات خەنجەرێک
لە جەرگی تەنهایی وەردەم و
بنێرمە خوازبێنی شەونمێکی تەڕ
لە ژێر رووناکی خۆیدا
پێکی ماچەکانمان هەڵدەین
دەیەوێت نزیک بێتەوە
بە گوێمدا بچرپێنێ
ئەی میری تەنهایی
بڕۆ گوڵێکی پەژموردە مارە بکە
ئادرێسی ئەو گوڵەش
لەنێو گیرفانی رەشەبا دەربهێنە
بەڵام ناوێرێت نزیکتر بێتەوە
لە ترسی دڵپیسی دەریا
دەکشێتەوە و ون دەبێت،
لەو کاتانەی دەمەوێ
نامەیەک بنووسم بۆ خودا
سکاڵای خۆمی پێ بگەیەنم

ڕەشەبا تووشم دەبێت
ئەو، کاغەزی دەستم ئەفڕێنێ
زۆرجاری تریش لێی دەپاڕێمەوە
ئادرێسی گوڵی پەژموردەم پێ بدا
لە ناکاو غەیب دەبێت و
توند گیرفانی شەرواڵەکەی دادەخا
بیریشم لەوە کردەوە
بڕۆم و لێی بدزم
بەڵام کولتووری دووزمان
خێرا هەواڵ دەداتە ڕەشەبا و
پێکەوە شاڵاو دەهێنن
دەریا بە شەپۆلەکانیدا
نامەیەکی تەڕ تەرم بۆ دەنێرێ
نوسیوویەتی ئەی ئاقڵترین شێت و
شێتترین ئاقڵ
تەنهاییەکەت هەروەک قووڵیی من وایە
هەموو بەلەم و پاپۆڕێک
تەنها بەسەرماندا تێدەپەڕن و
ناوێرن بێنە ناو ناخمانەوە
دەترسن لەنێو قووڵاییەکەماندا بخنکێن و
هیچ کات نەتوانن بگەڕێنەوە سەرەوە
تۆ ئەبێت لەوە بگەیت

بەلەمەکان بە خێرایی تێدەپەڕن
بێ ئەوەی بیر لە هێمنی قووڵایی و
بێدەنگی زمانی ناوەوەمان بکەنەوە
زۆر ئامۆژگاریی کردم بەوەی
شەپۆلەکانی ئەم تەنهاییە
بکەم بەگژ پاپۆڕێکی شۆخ و شەنگدا
رایپێچم بۆ بینینی ناوەوەی
هەستی پەنگخواردووی خۆم
باران لە وەرزی پایزدا
بە دوودڵییەوە قسەم لەگەڵ دەکات
دەیەوێت پێم بڵێت من و تۆ
وەک یەکتر سەرچاوەی ژیانەوەین
من کێڵگەکان زیندوو دەکەمەوە و
تۆش دڵە مردووەکان دەژێنیتەوە
باران وتی، بەڵێ باران وتی
ئەوەی سەیرە و دڵم دەرزیئاژن ئەکات
هەڵکردنی چەترێکی قەترانییە
لەژێر بارینی شیعرەکانت و
خۆش نەکردنەوەی گریانی چاوانت
کە هەر دڵۆپێک فرمێسکت
شمشێرێکی ئێجگار تیژە
بۆ هەڵدڕینی جەرگی تەنهایی

باران وتی، بەڵێ باران وتی
هاوڕێ کێ لە من و تۆ تێدەگات؟
وەک یەک فرمێسک دەڕێژین
هەزارەها گوڵ بە ئەسرینمان دەڕسکێ
خەڵک ستایشی باخەوان دەکات
هەزارەها کانیاو لەسەردەستمان دەژێتەوە
خەڵک سوپاسی هەور ئەکەن
تۆ ببینە من و تۆ چەندە بێ شانس و
چەندە قوربانی بەخشندەیی خۆمانین
ئاسمان من لە ماڵی خۆی دەردەکات و
تۆش بەخەنجەرێکی کول
خەونەکانت سەردەبڕدرێن
هەوا منی خۆش ناوێت و دەمگرینێ
تۆش ژیان پشتی تێکردوویت و
ملوانکەی خەیاڵەکانت ئەپچڕێنێ
زەوی چارەی منی ناوێ وشکم دەکاتەوە
تۆش جەنگەکان بلوری دڵت ئەشکێنن
من لەسەفەری ئاسمان و زەویدا تەنهام
تۆش لەم گەردوونە تاریکەدا
فانۆسێکی وێڵ و بێ هاودەمیت
وەرە هەردووکمان خۆمان بکوژین
پێش ئەوەی من

له ڕەحمی دایکە هەور بێمە دەرەوە و
پێش ئەوەی تۆش
لە هێلکەدانی شیعرێکی تردا لەدایک بیتەوە
ویستم دڵی بارانی هاوڕێم نەشکێنم
لەسەر باڵەخانەی ژیانەوە
خۆم هەڵدەمە شیوی مەرگەوە
لەم کاتەدا کە وەسوەسەی خۆکوشتن
کۆڵانەکانی مێشکمیان داگیرکردبوو
کۆترە شینکەیەکی ڕۆژهەڵات
کاتژمێری سفری خۆ کوشتنمی کرد
بە کاتژمێر یەکی شەیدابوون
تێیگەیاندم زووە بۆ خۆکوشتن و
درەنگە بۆ عاشقبوون
وتی وەرە لەگەڵم بفڕە و بفڕە و بفڕە
بفڕە بۆ ناو زەمەنی موحیبەت
بفڕە بۆ ناو کێڵگەکانی سۆز
چیدی بیر لە مێژووی کارەسات مەکەوە و
چرای عەشقی من هەڵبکە
چاوە ئەبڵەقبووەکانم بڕییە چاوی و
تەنیا توانیم بڵێم
ئەی ئەستێرەی بەختم
تۆ لە کوێی؟ تاریکی خواردمی

ئەی عەشق
تۆ لە کوێی تەنهایی کوشتمی؟

ئەڵمانیا – کۆڵن
کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٧

*ناونیشانی شیعرەکە هەڵگێڕانەوەی ناونیشانی شیعری «ئەی مەرگ تۆ لەکوێی ژیان کوشتمی»ی ئەحمەدی شاملۆیە، بەڵام بێ سوودوەرگرتن لەناوەڕۆکی شیعرەکەی شاملۆ.

# مەلەوانی رووبارێکی بە خوڕم

ئاشقەکان بە زمانی خۆرەتاو قسە دەکەن و
لە رووبارە تیژ تێپەڕەکاندا مەلە دەکەن
ئەمێستا من و عەشق
وەک دوو ئاسکە کێوی
بەسەر لوتکەکانی تەنهاییدا سەردەکەوین
سڵاو بۆ ئەو کانیاوە بۆنخۆشە دەنێرین
بەر لە خۆکوشتن خۆی خستە
ئامێزی مەزرایەکی وشکبووەوە

به تەنیشت گۆڕستانەکانەوە ڕەت دەبین
ئەو هەموو مردووە دەبینین
بێ ئەوەی تەنها جارێکیش
مەلەیان لە رووباری عەشقدا کردبێ
ڕەشەبای مەرگ
فووی لە فتیلەی تەمەنیان کردووە
بە ئەسپایی سەیری وڵات دەکەین
جۆگەلەی خوێن و بۆنی تەرم
ئاسۆی ژیانی لێڵ کردووە
میقسەڵە ژەنگاوییەکەی شۆڕش
خەونی زەرد و سووری
هەزارەها پەپولەی عاشقی
لە دەمی ماچکردندا پەڕاند
بە چاویلکەی پەژارەوە
لە ئاوێنە شکاوەکان دەڕوانین
ئەو ئاوێنانەی درۆ و ناپاکی
درزێکی هەمیشەیی خستە دڵیان و
بۆ هەتا هەتایە ناتوانن
لەگەڵ رووخسارە گەشەکاندا
راستگۆ و بە ویژدان بن
ڕێگە چۆڵەکان تەی دەکەین
لەوێ چەقۆیەک دەماننناسێتەوە و

لەشی گۆرانییەکەمان قاش قاش دەکات
لەویَ جنۆکەیەک تارمایی ئاسا
بەدوامان دەکەوێت و
قورگی مۆسیقا پڕ دەکات لە تۆنی گریان
لەویَ خودا دەماندۆزێتەوە و
مشتێک لە ئاگری دۆزەخ دەکاتە
سەر خەیاڵە فیردەوسییەکانمان
بە بەردەم هەورێکی دڵشکاودا ئەڕۆین
وەڵامی سڵاوەکەمان ناداتەوە
تێناگەم کام دەریای سەرشێت
دڵی ناسکی بارانی شکاندووە؟
تا بە حەسرەتەوە بڵێت
ئیدی شیعر بۆ کێڵگە نانووسم و
دڵی هیچ باخێکیش
بە فرمێسکەکانم خۆش ناکەم
دەڕۆم لە یەکێک لە کۆڵانەکانی ئاسمان
نزیک ماڵی خودا خۆم دەسووتێنم و
نوێژە بە بارانەی هیچ عارفێکیش
نامهێنێتەوە جەستەی هیچ پەڵە هەورێک
بەدەم ڕۆشتنەوە گەیشتینە کۆترێک
ماڵی لە هەسارەیەکی تر بوو
بە زمانێکی جیاوازتر

لە هەموو کۆترەکان قسەی دەکرد
زۆر هەوڵمدا بیدوێنم و
لە چاوە غەمبارەکانی رازێک بدزم
تەنها ئەوەندە تێگەیشتم
لە ترسی سەنگەساری پیرە هەڵۆ و
رێساکانی قالۆنچە هەڵاتووە
تەنیا لەبەر ئەوەی غەزەلێکی
بۆ کۆترە شینکەیەکی هۆزێکی تر
لەسەر تەمی پەنجەرەیەک نوسیوە
لە هاوینەواری چرایەکی دڵشکاو
لە خانەوادەی رووناکی، بارگەمان خست
حکایەتی هەموو ئەو پەروانانەی
کردبوو بە رۆمان
بە گەرمی عەشقی ئەو سووتابوون
سەربردەی خۆی لەگەڵ رووناکی و
گێچەڵی هەمیشەیی «با» دەگێڕایەوە
چاوی پرتە پرتەی دەکرد
ئەو دەمەی باسی
پەروانەیەکی غەریبی دەگێڕاوە
پەروانەیەک لە نەژادی ناسکیی و
لە قەبیلەی ئەڤین
کە ئاشقی شەوقی ناو دڵی بووە

لەو کاتەی ئامێزیان بە یەکتردا کردووە
پەروانە دڵی هەڵکروزاوە و
وەک شەهیدێکی عاشق
دوا هەناسەی کێشاوە
ئەو رقی لە گەرمی و رووناکی بوو
دەیووت پەروانەکان لە دوورەوە دێن
ئاشقی ئەو گەرم و تیشکەن
لە مندا داگیرساوە
ساتێک دەگەن، ئەو تیشکە سووتێنەرەم
پەڕ و باڵی ئومێدیان دەسووتێنێ
خۆ من تاوانێکم نەکردووە و
ناکرێت واز لە سروشتی خۆم بێنم
لە کاتی ماڵئاواییماندا
بینیمان نەوت لە دڵیدا نەما و
پڵیتەی لەشی بوو بە پارچەیەک خەڵوز
بە بێدەنگی گیانی دا و کوژایەوە
بە پاپۆڕێکی کۆنی رزیو
چووینە ئامێزی دەریایەکی خەوتووەوە
کپ و بێدەنگ، مات و مەلوول
رووخساری رەش هەڵگەڕابوو
پرسیارمان لە خۆمان کرد
ئەم دەریایە بۆچی وا کزۆڵەیە و

دەبێت لە پرسەی کام نەهەنگدا بێ؟
کە گەشتینە کەنار
قاچمان لەناو لمدا چەقی و
کەنارەکە بە زەردەخەنەوە پێی وتین
وەڵامی ئەو پرسیارەتان لای منە
ئەم دەریایە پیاوێکی خانەدان بوو
نەوەی حەزرەتی باران و
شاژنە لافاو بوو
عاشقی دەریایەکی تر بوو
لەبەری رۆژهەڵات
هەرچەند شەپۆلی دا
هەرچەند زەحمەتی کێشا
نەیتوانی دەریای رۆژهەڵاتیی
بکاتە بووکی باشوور
نەیتوانی باوەشێک بکات
بە دەریای رۆژهەڵاتدا و
پێکەوە ببنە ئۆقیانووس
دەستی کرد بە پاڕانەوە لە هەتاو
ئەوەندە تیشکی تێبگرێ
ببێتە هەڵم و بچێتە ئاسمان
تاکو جارێکی تر وەک باران
دابکاتە ناو دڵی دەریای رۆژهەڵات

هەتاو داواکەی ڕەتکردەوە و
بە خەمساردییەوە هەموو ئێوارانێک
دەستی ماڵئاوایی بۆ
ئەم دەریایە بەرز دەکردەوە
لە داخاندا دەریای باشوور
کە پیاوێک بوو لە گەشبینی و شەپۆل
بە گوریسی نائومێدیی
خۆی بەکەنارەکەی ئەوبەرەوە هەڵواسی
لە دوا شەپۆلدا پێش هەزاران ساڵ
گیانی دەرچوو
ئێمەش بە دەستەسڕی غەمگینی
چاوی پڕ فرمێسکمان سڕی
لە دوای دەریا، گەشتینە ڕووبارێکی بە خوڕ
کەنارەکانی هەموو گیا و
ڕووخساریشی ڕوون ڕوون
لەبەر خۆرەتاو
وەک ئەڵماس ئەدرەوشایەوە
بە عەشقەم وت
سوپاس کە منت تا ئێرە هێنا
من خۆم هەڵدەدەمە ناو ئەم ڕووبارەوە
دەبمە مەلەوانە تەنهاکەی ئەم ڕووبارە
ئێرە قیبلەی منە و

رۆژانە دەستنوێژ
بەو ئاوە روونە هەڵدەگرم و
هەزاران ركات نوێژی عەشق دەكەم
ئێستاش دەمەوێ بە زمانی ئاو
دوا ئایەتی عەشقی رووبار
بكەمە وێردی سەر زمان
هەنووكە دەمەوێ بە زمانی رووبار
دوا سروودی ئاو
بكەمە مارشێك بۆ عاشقان

سوێد – ستۆكهۆڵم/ سۆلنا
یانیوەری ٢٠١٨

# خەیاڵێک لە دووریی یار

**گالیسکەی خەیاڵ رامدەکێشێت**
**بۆ ئەو رۆژانەی من لەگەڵ یار**
**پێکەوە لە دەفتەری عەشقدا**
**وێنەی فرمێسکی شادیمان ئەکێشا**
**بە روخسەتی پەلکەزێڕینە**
**رێگە تاریکەکانمان ئەسڕییەوە**
**بە بەرچاوی رووی گرژی مەرگەوە**

پێک پێک شەرابی ژیانمان ئەخواردەوە
لەگەڵ یەکتردا
بەناو تاریکترین شەوەکاندا تێپەڕین
بە تونێلی رۆژە سەختەکاندا رەت بووین
بە سواری ئەسپی شیعرەوە
بە داڵانەکانی غەریبیدا رۆشتین
تاکو گەیشتینە ئامێزی نیشتمان
نیشتمانیشمان لەم
سەهۆڵستانەی باکووری زەویدا
تەنها و تەنها باوەشی یەکتر بوو
بە شەمەندەفەری عەشق رۆشتین
تا گەیشتینە ئەو شارە ماندووەی
هەزار جار چەقۆی قینی
بەسەردا باریبوو
تا گەیشتینە ئەو کوخە بچووکەی
بۆنی عەتری راموسانی لێ ئەهات
لەوێ پێکەوە
قاوەمان بۆ ئەستێرەیەک گرتەوە
دەستی شەوەکانمان خوێندەوە
تەفسیری خەونی پەلکە گیامان کرد
لە فنجانی قاوەی ئەستێرەکەدا
دوو مانگمان بینی کە خۆمان بووین

له ناو لەپی دەستی شەودا
دوو ڕێبواری یەک ڕێگەمان بینی
که هەر خۆمان بووین
له خەونی پەلکه گیادا
دوو چڵه نێرگزی رووتمان بینی
ئەویش هەر خۆمان بووین
پێکەوه حیبرمان کرده
ناو لەشی قەڵەمی عەشقەوه
لەسەر پەڕەی دڵ نووسیمان
یەکترمان خۆش ئەوێت و
پەیمان ئەدەین وەک
شەپۆل و دەریا پێکەوه بین
وەک ئەستێره و ئاسمان
لەناو رۆحی یەکتردا بین
وەک غەم و ئەسرین
له یەکتری جیا نەبینەوه
وەک خوێن و زام
ئاگر و رووناکی
پێکەوه گۆرانی بڵێین
پێکەوه له کانی عەشق
تینوێتیمان بشکێنین
پێکەوه وەک گوڵه گەنم

لەسەر خاکی نیشتمان بڕوێین و
لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەکەدا
بە خوێنی چاوەکانمان
ئیمزامان لەسەر کرد
پێکەوە ئەفسوونمان
لە برینە دێرینەکان کرد و
بە گیای عەشقێکی جاویدانی
تیمارمان کردن
لە خێڵی دڵ مۆمیاکراوەکان هەڵهاتین
تا گەیشتینەوە بە یەک
لە مەملەکەتی تاریکی بارمان کرد
دەستمان کرد بە شرۆڤەی ڕووناکی
لە دەریا سەرابییەکان دەربازمان بوو
لە چەمێکی غەریبدا خۆمان دۆزییەوە
لە شارە خۆڵەمێشییەکە رامانکرد
لەم گوندە بێ ئادرێسەدا
سەرمان لەگەڵ ڕەنگەکاندا دەرهێنایەوە
گوێمان بۆ دەنگی پیانۆیەک گرتبوو
غەریبی بۆ شرۆڤە دەکردین و
بە دەسماڵێکی سوور
ئەسرینی بۆ ئەسڕین
بە لای گۆڕستانەکاندا تێدەپەڕین و

نووسراوی سەر کێلەکانمان ئەخوێندەوە
لەگەڵ مردووەکان قسەمان دەکرد
پرسیارمان لێ ئەکردن
جیاوازیی مەرگ و ژیان چییە؟
هەر خۆمان وەڵاممان ئەدایەوە و
ئەمانووت ئەوەی عاشق نەبێت مردووە
هەر چەند لە شاری زیندووانیش بێت
پەنجەرە ژەنگگرتووەکانی
مێژوومان یەک یەک ئەکردەوە
بە دوای داستانەکانی عەشقدا
وێڵ ببووین، بەڵام
هیچ داستانێکمان نەدۆزییەوە
لە عەشقی خۆمان تراجیدی تر
لە عەشقی خۆمان شێتانەتر
لە عەشقی خۆمان جوانتر
بە تیلەی چاو بۆ یەکمان ئەڕوانی
بە چرپەوە بە یەکمان ئەوت
خۆشم ئەوێی و
لە باوەشی یەکتردا ئەنوستین
پێکەوە هەموو جوگرافیاکان رۆشتین
کوچە و کۆڵانەکانی زۆر شار ئەمانناسن
رووبارەکان بەشێک لە بیرەوەریی

ئێمەیان لە دڵدایە
مانگەشەو شاهیدێکی نهێنی پارێزی
ماچەکانمە لە ژێر رۆشنایی خۆیدا
بەناو سنوورە مینرێژکراوەکانی
رابردوودا تێدەپەڕین
بە ئامانجی دۆزینەوەی
کیشوەری ونبووی ئایندە
هەر ئەڕۆشتین و کاتمان نەبوو
ئاوڕێک لە مێژووی پەرتبوونمان بدەینەوە
هەر ئەڕۆشتین و نەماندەویست
بیر لە وەرینی نۆتەکانی ژیان بکەینەوە
هەر ئەڕۆشتین و نەماندەزانی
ئەم کەشتی عەشقە
لە کوێ لەنگەر ئەگرێ؟
هەر ئەرۆشتین و چاومان بڕیبووە
ئەو نیگارانەی ئایندە
بە فڵچەی یاخیبوون رەنگ کرابوون
هەر ئەرۆشتین، هەر ئەڕۆشتین
بێ ئەوەی بڕیارماندا بێ
لەم شەمەندەفەری دڵدارییە
لە هیچ وێستگەیەک دابەزین
ئەمانویست بڕۆین

بەرەو نێو باوەشی ئەو حکایەتانەی
ئەستێرەکان لەنێو خۆیاندا
دەماودەم ئەیانووتەوە و
ئەویش هەر باسی
لە دایکبوونی من بوو
لەنێو خەونە پەمەییەکانی یاردا
ئەڕۆیشتین و بەدزییەوە
گوێمان لە باران ئەگرت
باسی خوسانەوەی ئێمەی دەکرد
بۆ مەزرایەکی تینوو
ئامۆژگاریی باخچەکانی ئەکرد
لەگەڵ یەکەم پشکوتندا
فەرشێک لە گوڵە شەوبۆ
لەبەر پێی عەشقماندا راخەن
لە ئاسمان ئەپاڕایەوە
تۆزێک درەنگتر دەریبکات
تا بە دیمەنی ئاوێزانبوونی ئێمە
بکەوێتە گریان و
دڵی وشکەوەبووی
کێڵگەکان شین بکاتەوە
لە ناکاو خزانی بەردێک
لە چیای مێشکمەوە

بلوری خەیاڵەکانمی
هەپروون هەپروون کرد
کاتێک بە هۆش هاتمەوە
چرای ماڵەکەم
خەریکە کوێرم ئەکات
بۆنی گوڵی ناو ئینجانەکان
کاسیان کردووم
دەستەکانم تەڕ تەڕ بوون
وەک ئەوەی تازە
لە رەیحانەی پرچی تۆدا
شەونمیان بەسەردا باریبێ

ئەڵمانیا – بیلەفیڵد
«نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس»
فێبریوەی ٢٠١٨

# ژنێک لە ڕووناکی ئەمدۆزێتەوە

**تا دێت لە خۆم دوور ئەکەومەوە و**
**وەک تاقگەیەکی زیوین**
**ئەڕژێمەوە نێو خەیاڵەکانمەوە**
**بە پەنجەی خەناویی مانگ**
**دڵی شەقامەکانی تەنهایی ئەژەنم**
**بە پێنووسی گوومان**
**وێنەی شێتییەکانم ئەکێشم**
**بە خوێنی مۆمە یاقووتییەکانی**

نێو خەونە زڕاوەکانم
ژنێک لە رووناکی ئەدۆزمەوە
ژنێک لە دووری دوورەوە
بۆ گۆرانییە خەفەتبارەکانم
سەمای ئەوین ئەکات و
لە نزیکی نزیکەوە
دەست بەسەر عەرشی دڵما ئەگرێ
لە رۆژە فرمێسکاوییەکانم ئەڕوانێ و
لە شەوە بێدەنگەکانم ورد ئەبێتەوە
کتێبەکانی غوربەتم ئەخوێنێتەوە
لە قووڵایی هەستیدا ئەمشارێتەوە
ئەو چاوەڕێمە
لە شارێکی کەساسدا لە ئامێزی بگرم
پێک پێک فرمێسکەکانی بخۆمەوە
رازی ناو پێکەنینەکانی بدۆزمەوە و
بیکەمە زاخاوێک بۆ سەر لێوە
وشکهەڵاتووەکانی شیعرم
ژنێک لە چیاکانی خەیاڵمەوە
وەک شیرینترین کانیاو هەڵدەقوڵێ
هەمیشە نامەم بۆ ئەنووسێ
نامەکانی بۆنی نێرگزیان لێدێ
وشەکانی ئاورینگیان لێ ئەڕژێ

به کامێرای چاوە خومارییەکەی
وێنەم ئەگرێ و
ئەیخاتە نێو ئەلبومی دڵییەوە
لەسەر هەر وێنەیەکیشم
بە خەتێکی ئاڵتوونی ئەنووسێ
تۆیت جەنەراڵی عیشقی من
لە دووری دوورەوە
وەک سوێسکەیەکی ماندوو دێت
لەسەر چەمی شیعرەکانم
تینوێتی سەفەری دەشکێنێ و
بۆ ئەبەد لەنێوان هەردوو لەپی
شیعر و سۆزمدا هێلانە ئەکات
منیش هەموو ڕۆژێک
بیری دەهێنمەوە هەموو تەمەنم
لەسەر باڵەکانی ئەو داناوە و
بۆ کوێ بفڕێت منیش لەوێم
هەموو شەوێک
چیرۆکی جێمانی خۆمی بۆ ئەگێڕمەوە
لەو پۆلە قەرەجەی
نیشتمانیان کردە نێو جانتایەکی سەفەر و
لە مەملەکەتی سەهۆڵدا
هێمن هێمن بەسەر بێکەسی خۆیاندا توانەوە
ئەو پەرییە ڕۆژهەڵاتییە

به گوێیەکانمدا دەچرپێنێ
نیگەران مەبە، بە خامۆشبوونی چرایەک
لەنێو رۆحی هەلا هەلاتدا
ئیدی خۆر گەرمی و تیشکت بۆ دەهاوێژێ
دەست ئەخاتە سەر دڵم و
ترپەکانی ئەژمێرێ
بە دەنگێکی شمشاڵئاسا دەڵێت
بێزار مەبە لە داڵەکانی غوربەت
پەرییەک لە رۆژهەڵاتەوە
سروودی وەتەنت بۆ ئەچڕێ و
رەنگی نیشتمان دەخاتە
رۆژە بێ رەنگەکانی مەنفاتەوە
لەبەر خۆمەوە وڕێنە ئەکەم و
ئەڵێم ئاە خودایە
ئەم ژنە گێلاسییە چۆن منی دۆزییەوە؟
چۆن وا خێرا هات و
شیلەی گوڵی عەشقی کرۆژتم؟
چۆن توانی بە لێوی تەڕی خەیاڵ
فلووتی تەنهاییەکانم بژەنێ؟
چۆن توانی بە نەرمە نیگا
بە عەشقی خۆیەوە لە خاچم بدا؟
منێک نە کوخێکم هەیە بۆ گۆرانی
نە کەنارێک بۆ لەنگەر

نە شەقامێک بۆ پیاسەی ئێواران
چۆن ئەم پەروانە ئاگرییە
بە چارەنووسی خۆمەوە بپێچم؟
ئەو رازی ناو دڵمی خوێندەوە
وەک شنەبایەک
سینگی پڕ پشکۆی فێنک کردمەوە
بێ ئەوەی هیچ بڵێ،
تەنیا بە نیگایەکی قووڵ و بێدەنگ
هەزار و یەک وشەی درکاند
ئاگرێکی لە ناخمدا کردەوە
بارانی بانگ کرد
گۆرانی فرمێسکمان بۆ بڵێت و
لە ژێر گەڵای زەردبووی تەمەندا
رەنگی سەوزی ژیان
بخاتەوە نێو چاوەکانمان
رەشەبای بانگ کرد
چیتر خۆڵی غوربەت نەخاتە
نێو نیگا شەرمنەکانمانەوە
بەفری قایل کرد
بەسەر دڵماندا نەبارێ و
نەبێتە پارچەیەک سەهۆڵ
شەوەکانی بێدار کردەوە
کاتێک من فرمێسکی تێدا دەڕژم

به باران بڵێت نابێ بباریێت
ژنێک لە ڕووناکی ئەمدۆزێتەوە
پڕ پڕ لە شەپۆلی هەست و
ماندوو لە دووریی و دڵشکان
بە وێنەی گوڵێکی دڵتەنگ
لەناو ئینجانەی غەریبیدا
تامەزرۆی باخچەکانی عەشق و
باخەکانی شیعرم ببوو
هەروەک ئەستێرەیەکی ڕووخۆش
یان نەسیمێکی ڕۆژهەڵاتی
چاوی حەزی بڕیبووە
ماچێک لە ژێر دار پرتەقاڵی ئەویندا
وەک تریفەیەکی سەرخۆش
یان ئاورینگێکی دڵ تەڕ
چاوی ئارەزووی بڕیبووە
باوەشێک لە نیشتمانی عەشقدا
ژنێک لە ڕووناکی ئەدۆزمەوە
ژنێک لە ڕووناکی ئەمدۆزێتەوە

ئەڵمانیا – بیلەفیڵد
١٠–٦–٢٠١٨

# بۆ عەشقی تۆ ئەسووتێم

ئەی گەرمتر لە ئاگر
من سوێندت بۆ ئەخۆم
بە شەوقی مۆم و
ناسکیی رۆحی پەپولە
بە ئایەتەکانی رەشەبا و
پێکەنینی گوڵ
بە حەرفەکانی باران و
باخچە شەرابییەکان

به موچڕکەکانی عاتیفە و
درەختە چاو سەوزەکان
بە رەنگی تریفەیی زەمەن و
غەزەلە خومارییەکان
بە سروودەکانی ئەوین و
بە دەریا شەپۆلاوییەکانی شیعر
بە چاوە ماندووەکانی مێژوو و
بە جوگرافیا پرشنگدارەکانی دڵ
ئەم سووتانەم
تاوی گەرمی عەشقی تۆیە
ئەم سووتانەم
گڕی هەناسە گەرمەکانی تۆیە
سوێندت بۆ ئەخۆم
بە دەنگی زوڵاڵی شەپۆل و
ئامێزی سەوزی گیا
بە گۆرانییەکی بێزار و
نیگای سپی بەفر
بەو شیعرانەی نەمنووسیون و
بەو خوێنەی لە روانینمەوە دێ
ئەوەی رووناکی لە چاوم ئەدزێ
عەشقی تۆیە
ئەو ئاورینگەی لە رۆحم ئەڕژێ

دڵۆپی ئەو ماچانەیە
لە ئێوارەیەکی تەزیودا
هەناوی من داخ ئەکات
سوێندت بۆ ئەخۆم
بە کریستاڵی هەست و
ڕەنگی پەمەیی سۆز
بە دارستانی غەمەکان و
چیمەنەکانی تەنهایی
بە پێکە تاڵەکانی هەقیقەت و
خوێنی مەییوی بێدەنگی
بە خاچی نیگا تیشکاوییەکان و
کوژرانی ئەستێرەیەک
بەدەستی تاریکی
ئەوەی لە مندا وەک کانی هەڵدەقوڵێت
عەشقی تۆیە
ئەوەی لە مندا بۆ ئەبەد دەژی
ئەو خەونە ئاڵانەیە
من لەگەڵ تۆدا،
لەبن دارسنەوبەرەکانی قەدەردا
بە یەکتر دەگەیەنێ
سوێندت بۆ ئەخۆم
بە تنۆکە شینباوەکانی ئاو و

رووباره شەرمنەکانی وەسوەسە
بە باڵای دار بەڕووی ئازار و
موناجاتەکانی دڵێکی بریندار
بە لەشی رووتی گەڵا و
هاواری غەمگینی تەمبور
بە رژانی مەرکانەی ماچ و
ئەبڵەق بوونی لێوە تامەزرۆکان
بە ئاینەکانی جوانیپەرستی و
خەیاڵە ئاوریشمییەکانی هەتاو
بە جامە پڕەکانی لەزەت و
پرچە نوتەکەکانی شەو
ئەوەی وەک باراناو ئەمخواتەوە
مەزرا وشکەکانی عەشقی تۆیە
ئەوەی وەک هەوا هەڵمدەمژێ
هەناسە شێدارەکانی عەشقی تۆیە
سوێندت بۆ ئەخۆم
بە کتێبی پیرۆزی ئەڤینداریی و
خوێنی رژاوی شۆڕەبییەک
بە درزی رۆحی ئاوێنەکان و
خەیاڵەکانی شمشاڵی سەفەر
بە بەلەمەکانی کەناری خەون و
مرەکەبی پێنووسی یەئس

به بۆنی عەتری هەناسەکانت و
گوڵاوی فرمێسکە روونەکانت
بە جریوەی چۆلەکەی فەنتازیا و
قاسپەی کەوی کوێستانەکانی گریان
بە سەری بڕاوی ئازادیی و
هێلانەی تێکدراوی روانین
بە دەفتەرە مۆرەکانی ئەفسوون و
لاپەڕە گرینۆکەکانی زەمەن
بەو تاوانانەی هێشتا نەمکردوون و
ئەو خەونانەشی تا ئێستا نەمبینیون
ئەوەی لە قەفەسی عەشقی تۆدایە
باڵندەی سرکی رۆحی منە
ئەوەی لە گۆرانییە عاشقانەکانی مندایە
دێڕ بە دێڕ خورپەکانی دڵی تۆیە
ئەوەشی لەم جەنگەی عەشقی تۆدا
ورد و خاش ئەبێت، منم
سوێندت بۆ ئەخۆم
بە نامە تۆز لێنشتووەکانی غوربەت و
ئەو گوڵانەی بە ماچ سکێجمان کردن
بە درەوشانەوەی تەنیایی
لەم زەمەنە پڕ ژاوەژاوە و
بزەیەکی هەناسە سارد

لەم سەحرا وشکەڵانەی ژیاندا
بە ئاسمانە مەلولەکەی نیشتمان و
یادگارییە خۆڵەمێشییەکانی بیرکردنەوە
بە مەرقەدی تیشکاویی هەور و
گۆڕە تەنگەبەرەکانی حوزن
بە بەیداخی کەشتییە ڕەشپۆشەکان و
هەڵچوونی پیانۆیەکی زامدار
بە عیشوەی گوڵە نازناز و
حیکمەتی بێدەنگیی پەروانە
بە ژێی پڕ هاژەی ڕووباری مەراق و
بەربوونەوەی سێوی بێهودەیی
لە پیرە داری جەنگەکان
ئەوەی لەم جەنگی عەشقەدا
وەک تەرمێکی دێرین دەکەوێ، منم
ئەوەی لەناو ئەم عەشقە کڵپەسەندووەدا
پەڕ و باڵی ئەسووتێ، هەر منم
ئازیزم سوێندت بۆ ئەخۆم
بە بریسکەی چاوەکانت
ئەوەی بۆ عەشقی تۆ ئەسووتێ
منم، من

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد
١-٧-٢٠١٨

# چیتر لە خۆم ناچم

**گوێ رابگرە، ئەو هاڕەیە**
**شکانی روانینە شوشەییەکانی منە**
**لەم وەرزە بەردینەی گوماندا**
**گوێ رابگرە، ئەو ناڵەیە**
**کەوتنەوە خوارەوەی چاوی منە**
**بۆ ناو گلێنە ئاگراوییەکانی یار**
**گوێ رابگرە، ئەو نرکەیە**
**دوا هەناسە شیرینەکانی منە**

لەم کۆڵانە تاڵەی وجوددا
گوێ رابگرە، ئەو هاوارە
سەدای خنکاوی گوڵەکانی منە
لە نێو ئینجانەکانی گوناهدا
گوێ رابگرە، ئەو چرپەیە
وەسێتنامەی نامرادی منە
لەم مەزادخانەیەی نیشتماندا
گوێ بگرە، دەنگی ئەو گەردەلولە
شەپۆلی ئەشکی داگیرساوی منە
لەم چاخە قەترانییەی پێکەنیندا
بیر بکەوە، پێشتر چۆن بووم؟
کاسە بەتاڵەکانی بینایيم
پڕ دەکردەوە لە شەرابی نیگا
دەمی شەوم دەکردەوە و
قەترە قەترە تیشکی سپێدەم پێدەدا
لێوی وشکی پیرەداری زەمەنم
بە ماچە حەرامەکانی ژیان تەڕ دەکرد
مەرکانە تینووەکانی مەراقم
پڕ دەکردەوە لە ئاوی سازگاری ئومێد
گیرفانە تەسکەکانی دوێنێم
پڕ پڕ دەکرد لە شیلکی ئەمڕۆ
مەزرا سوتماکەکانی دڵم

به باراناوی عاتیفه دەژیاندەوە
زیندانە نوتەکەکانی فەنتازیام
پڕ دەکرد لە پەپولەی ئازاد
کەلاوە وێرانەکانی دابڕانم
بە ژوانێکی تر ئاوەدان دەکردەوە
تێکەڵی ئەو لافاوانە ئەبووم
رێیەکیان لە چاوەکانی تۆ و
رێیەکیان لە ئارەزووەکانی من بوو
کتێبەکانی چارەنووسم ئەخوێندەوە
پەڕەیەکیان دەچووەوە سەر زەردەخەنە و
پەڕەکانی تریش سەر حەسرەتی هەڵوەرین
پەنجەرە روونەکانی مێژووم ئەکردەوە
ماڵئاواییم لە دوێنێی خۆشنودی ئەکرد و
خۆم بۆ سەفەری ئەمڕۆ ئامادە ئەکرد
سەفەرێک بۆ مەملەکەتی خورپە و
بەرەو دوورگە سەرابییەکانی عەشق
بیر بکەوە پێشتر من چی بووم؟
لە دارستانی کپیدا، تەور بووم
لە دەریای ئەویندا، کەشتی بووم
لە جەنگەڵی گڕدا، ئاو بووم
لە زریانی تاریکیدا، مۆم بووم
لە بیابانی دڕکەزیدا، گوڵ بووم

لە قووڵایی ئاسماندا، ئەستێرە بووم
لە بەستەڵەکی هەستدا، ئاگر بووم
لە چاوەڕوانیدا، کورتترین رێ بووم
لە ماچدا، شیلەی سەر لێو بووم
لە باوەشدا، گەرمی لەش بووم
لە لێکئاڵاندا، حەزێکی شێت بووم
لە قەفەزی تاریکیدا، مانگەشەو بووم
لە چیای بێهودەییدا، هەڵۆی ئومێد بووم
لە کۆشکی شیعردا، ساقی بووم
ئێستا وەرە سەیرم بکە
وەک کارمامزێک هەموو رۆژێک
لە شاخەکانی تۆوە هەڵدەدێرێم
بەرەو دۆڵە خەزانییەکانی پەژارە
وەک پیرە بازێکی ناو غوبار
چاوی فڕینم کوێر بۆتەوە و
کەوتوومەتە نێو مێرگی مەمکەکانت
کە وەک خونچە گوڵ شکۆفەیان کردووە
وەک سەربازێکی مەیدانی جەنگ
هەموو ئازادیی خۆمم خستە
قەفەزی تیشکاویی دڵی تۆوە
وەک نێچیرێکی بێ چارە
قاچم کەوتە ناو داوی عەشقت و

رۆژژمێری درەوشانەوەم
لە ناو دەمارەکانی دیرۆکدا
بوونەتە سوتووی بەر رەشەبا
وەک باڵندەیەکی تەزیو
لە نێو بەفرستانی غوربەتدا هەڵدەلەرزم و
لە نێو کورەی چاوە بڵێسەدارەکانتدا
پەروانەئاسا هەڵدەکڕوزێم
وەک ئەو کچە دڵشکاوانەی
لە بەردەم ئاوێنەکانی ناپاکیدا
بۆ پاکیزەیی عەشق دەگرین
شیوەن ئەگێڕم
بەسەر تەرمی خۆمدا
لەو کاتەی وتم سەفەرێکم لەبەرە
سەفەرێک بۆ ئاسمانە باراناوییەکانی ئەوین
سەفەرێک بەرەو ونبوونی خۆم
لە رێگا پێچاوپێچەکانی دڵی تۆدا
من تێر تێر ئەگریم
بۆ ژینی تاڵی ئارامی پێشووم و
رۆژانی شیرینی بێ ئۆقرەی ئێستام
لەگەڵ تۆ
ئیدی من چیتر لە خۆم ناچم
نە ئەو نەورەسەی جارانم

ئاسمان پڕ بکەم لە بۆنی هێمنی و
نە ئەو کۆترە شینکەیەی پێشووم
بەسەر قوبە بەرزەکانەوە ستران بچڕم
من ئەمێستا کوڕی ڕەهێڵەم و
باوکی هەموو تۆفانەکانی سروشت
ئەمێستا برازای گەردەلوولم و
مامی هەموو ڕەشەباکانی کەون
ئەمێستا نەوەی باپیرە هەورم و
باوە گەورەی گشت بارانەکانی عەشق
ئەمێستا هیچ لە پێشووی خۆم ناچم
من زۆر گۆڕاوم، زۆر زۆر

ئەڵمانیا – بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
٨–٧–٢٠١٨

# منم عاشقی کوردستان

لە گاگۆڵکێی ژانەوە
من لەناو دڵیدا ترپە ترپمە
لە هەر کۆڵانێک گوڵ بپلیشێتەوە
من پرسە دائەنێم
لە هەر ماڵێک نان نەبێت
من سفرەیەکی نیگەرانم
لە هەر شوێنێ ژنێک بکوژرێ
من فلوتی ماتەمینیم

من لە یەک کاتدا
برینێکی سارێژنەبووی دێرین و
ڕەشەبایەکی مەلوولی ڕەنگ پەڕیوم،
لە شەقامی ڕەهێڵە و گەردەلوول
لە دایکبووم و
لەناو بێشکەی مەراقی
گەلێکی پەژمووردەدا پێم گرت
گەنجیم بەخشی
بە ئازادیی نیشتمانێکی لاقەکراو و
ئێستا سەر و ریشی ماش و برنجیم
خستۆتە نێو کۆشی غوربەتێکی دڵڕەقەوە
من لە یەک کاتدا
لە سولالەی شێخی نەهری و
تفەنگە ماندووەکەی مەلیک مەحموودم،
پەتی گەردنی «قازی»یە
لە ملی ئازادیم ئالاوە و
خوێنی ئەنفالە
وەک کانی لە جەستەم هەڵدەقووڵێ و
تاکو عەرعەر و نوگرە سەلمان
ڕێچکە ئەبەستێ
عومەری خاوەر پاسپۆرتە جیهانییەکەمە و
پێنج هەزار پەپولەی هەڵەبجە میدالیای بەرۆکمە

گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەبوغرێب ناسنامەمە و
پێشمەرگە شەرەفی نەتکاوە
گەریلا پاسەوانی خەونەکانمە
من لە یەک کاتدا میراتگری شێخی پیران و
بەیتێکی هیچ کات نەگوتراوی (ئەحمەد خانی)م
رەشەبای سلێمانیم و
گڕی چاوەکانی بابەگوڕگوڕ
تووڕەییەکانمە لەو قەمچییانەی
قەعقاع و حەجاجەکان
لە ئەسپی سەرکەشیمی ئەوەشێنن
قەڵای هەولێر
سەری بڵندی کوردبوونمە و
چوارچرای مهاباد
زنجیری پچڕاوی دەستەکانمە
قامیشلۆ و ئامەد
دوو بووکی تارا رەشی دیرۆکی منن و
لە زاوای نیشتمانەکەم زەوت کراون
من لە یەک کاتدا
چاویلکەکەی شەهید ئارام و
چڵە نێرگزێکی گوندی ئەڵمانە و
سەر گۆڕی کاک فوادم
رووسووریی ژنە ئێزدییەکی شەنگالم
کە چڵکی بیابانشینەکان و

شمشێری غەزەوات
نەیتوانی پەڵەیەک
لەسەر بێگەردییان دروست بکا
نەبەزینی «کوبانی»م
کە تەپڵی سەرکەوتنمی تێدا لێدرا و
بوو بە گۆڕستانی قالۆنچە رەشەکانی دنیا
نرکە نرکی خۆڕاگریی
زیندانی شوومی «ئەوین»م
کە عەمامە و مێزەری ئایەتوڵاکانی تێدا
ریسوا کرا و
بەدەم چڕینی سروودی ئەی رەقیب و
بژی کوردەوە
زەندەقی ریش رشکاوییەکانی تارانی تیا برا
من لە یەک کاتدا
خوێنی پەڕەمووچی شەرەفخان و
گوللەی برنەوەکەی «بارزانی»م
خوێنی بەناهەق رژاوی قاسملۆ و
شەوە درێژەکانی ئیمراڵی و
نێو زیندانەکەی ئاپۆم
بەرخۆدانی چیاکان و
خۆپیشاندانەکانی شارم
دەستێکی پۆڵاینم هەیە
بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان

دەستەکەی تریشم
ئاوریشمە بۆ ئاشتەوایی
خاوەنی سەروەریی
خوێناویی «گوردانی شوان» و
داستانی ئەفسووناویی
هەندرێن و دابان – هەلاجم
من لەیەک کاتدا
هەڵبەستێکی پڕ ورەی مەلا عەلی و
تەڵێکی پڕ نەعرەتەی
سازەکەی شڤان پەروەرم
ژن پێشڕەوی شۆڕشمە
و گڕی لەشی زیلان و
پەتی رزیوی سێدارەکەی لەیلا قاسمم
هەشت هەزار جامانەی
لە خوێنا سووربووی بارزانم
رووناکیی هەردەم نەکوژاوەی ئاتەشگا و
بریسکە و مەشخەڵی
داگیرساوی مەزدا ئاهورام
گوندی لە خاچدراوم و
شاری خنکێنراوم
هاواری سەربەخۆیی و
نەسیمی ئازادیم
سەرەخۆرەی سەدام و

ئەتاتورک و شای گۆڕ بەگۆڕم
من کوڕی ڕەسەنی نیشتمانێکم
لەشیان پڕ برین کرد
کەچی ئەو هەر لە جێی خۆیەتی
دڵیان هەپروون هەپروون کرد
کەچی ئەو هەر نەمرد
خەردەلیان کردە چاوەکانی
کەچی هەر ئاسۆ ئەبینێ
من لەیەک کاتدا
فرمێسکی بەخوڕی
دایکێکی ڕەشپۆش و
زەردەخەنەی پەلکەزێڕینەیی
منداڵە شەهیدم
منم لە میدیاوە
تاکو ئێستا کۆت و زنجیر ئەکرێم
بەڵام لە کۆتاییدا
هەموو زنجیرێک ئەپچڕێنم
منم شاعیری کوردستان
منم عاشقی کوردستان

١٥-١٠-٢٠١٧

ئەڵمانیا - کۆڵن \ کالک پۆست

# وەرزە سەوزەکانی ئەوین

ئەزانم رۆژێک لە رۆژان ماڵتان لە ئاسمان
لە کوچەی ئەستێرە و پرشنگ بووە
تۆش دڵنیایت ساڵێک لە ساڵان
تریفەی مانگێک بووم
لە بەردەم دەرگای ماڵتان
****
چۆن دەزانم تیشکی خۆر ناگات
بە دیدەنی مانگەشەو

منیش بە تۆ ناگەم
هەر لەبەر ئەمە
لە رۆحی زەردهەڵگەڕاوی شیعرەکانمدا
تارای سپی بووکێنیت ئەکەمە سەر
****
هەرکات چیا توانی
باوەشی گەرمی زەوی جێبێڵێت
منیش لە دڵتدا بار ئەکەم
هەرکات گوڵ دڵی پەپولەی پێ شکا
تۆش بەرد بگرە شووشەی هەستم
****
ملی رێگەم بەرەو خۆم گرتبوو
کەچی لە رووباری ئەوینتا خۆم دۆزییەوە
ملی رێگەت بەرەو خۆت گرتبوو
لە کۆتاییا گەیشتیتەوە بە کانی فرمێسکم
****
لەم سەهۆڵستانەی تەنهاییمدا،
چاوەڕوانی تینی ئاگردانی چاوەکانتم
لەم دووکەڵ و غوباری سەرەمەرگەدا،
ئێشکگری نەسیمی بۆنداری ژوانم
****

لە غەمەکانم پەیکەرێ
بۆ فرمێسک دابتاشە
لەسەر باڵەخانەی سۆزت داینێ
لە هەنسکەکانت تابلۆیەک
بۆ عەشق دەنەخشێنم و
لە دڵما هەڵیدەواسم
****
لە دارستانی چاوەڕوانیما
تۆ سەوزترین سنەوبەری تامەزرۆ بوویت
لە گەردەلوولی بێ ئۆقرەییما
تۆ ساماڵترین ئاسمانی سەرکێشیم بوویت
****
پاییزێک بووم هیچ گوڵێکم هەڵنەوەراند
جگە لە خونچەی دڵی خۆم
بەهارێک بووم هیچم تێدا نەڕوا
جگە لە گوڵزاری عەشقێکی پڕ غەم
****
فرمێسکە روونەکانت خەنجەرێکی تیژن
جەرگی شادمانییەکانم ئەبڕن
پێکەنینەکانت چیایەکی باڵا بڵندن
بەر بە رەهێڵەی رۆندکەکانم ئەگرن
****

ویستم لە ڕۆژانی هەمیشە بێدەنگیا
نۆتەی عەشق بخەمە گەرووتەوە
ویستم بۆ زیندووبوونەوە
دوو ماچی شیرین بخەیتە کفنەکەمەوە
****

بیرم دەکردەوە ماڵێکت بۆ چی بکەم
لە تەنیشت تیشکی خۆرەوە
بیرم دەکردەوە ژوانێکت لەگەڵ ببەستم
لەژێر لافاوی بە جۆشی ماچەوە
****

تەنیاییەکانم پڕن
لە تەمی ڕۆژانی سەرمەستیم
بە عەشقی بێ بنی تۆوە
تەنیاییەکانم خاڵین لە خۆم
وەختی بوومە پوشێ
بەدەم زریانی شێتی ئەوینتەوە
****

ڕۆژێک دێ لات نابم، بەڵام بانگم بکە
لە بری من شیعرەکانم وەڵامت ئەدەنەوە
شەوێک دێ بووبم بە غوبار، بەڵام بانگم بکە
لە بری من ئەستێرە ئاوڕ ئەداتەوە
****

ئازیزەکەم دوێنێ من دێوانانە هاتم
ئەوە تۆ بوویت دەرگاکەت داخستبوو
سبەی تۆش قەرەجانە بەرەو لام دێی
ئەوە منم
تەمی نێو دەفتەری بیرەوەرییەکانت
****

تۆ دەڕۆیت
ئەوە منم نیگا ئاگراوییەکانت
لە چاوەکانمدا بۆ ئەبەد هەڵئەگرم
تۆ دەڕۆیت، ئەوە منم بە چوارمێخەی
ژان و فرمێسکەوە لە خاچ ئەدرێم
****

بە رووبارم گووت، پێناسەت بکات
گەرووی وشک بووەوە و هیچی بۆ نەوترا
بە هەورم وت، پەسنی میهرەبانیتم بۆ بکا
زمانی لاڵ بوو بە هەناسەبڕکێوە گریا
****

کتێبی پیرۆزی عەشقم چەندان جار خەتم کرد و
لە هەموو دێڕێکدا خۆم بە کوژراویی بینییەوە
خونچەیەک بووم، ئەوینت وەک گەڵایەکی زەرد
دامی بەدەم هەڵمەتی شێتترین رەشەباوە
****

وا نەزانی کانگای شیعرم وشک ئەبێت و
دڵی دیوانەکانم ئەوەستێ
پەیمانم بە شیعر داوە، تاکو تۆ هەبیت
پرچی تەڕترین هۆنراوەت بۆ دابهێنم
****
من و تۆ ، لە پەرستگای گەڵاڕێزاندا
نوێژمان بۆ پایز دەکرد
بەڵکو پێکەوە هەڵمانوەرێنێ
من و تۆ, لە پەرستگای باراندا
کڕنووشمان بۆ بەهار ئەبرد
بەڵکو لە ئامێزی یەکترا سەوزمان بکاتەوە
****
ئەو عەشقەی تۆ وای کرد
مەیخانەکانم خۆشبوێ و
سەرم بۆ هەمیشە بە ئەوینت مەست بێ
ئەو عەشقەی تۆ وایکرد شیعرم خۆشبوێ و
ڕۆحم بۆ تاهەتایە لە کۆڵانی بەیتێکا بزر بێ
****
پێش جەنگ «کەناریی»
لەسەر منارەی دڵم ئەیخوێند و
موناجاتی عەشقێکی سەرمەدیی ئەکرد
پاش جەنگ کوندەپەپوو

لەسەر کەلاوەی رۆحم ئەیخوێند و
خوێنی رژاوی گوڵە ئاشقەکانی ئەژمارد
****
لە سەمای یەکەم بە یەکگەیشتندا پێتوتم
ناوت ئەنێم ئینجانەی گوڵە مۆرە شەکەتەکان
لە دوا سەمای یەکتر جێهێشتنا پێتوتم
ناوت ئەنێم دوایین دڵۆپە خوێنی عەشقێکی ناکام
****
ئەمەوێت شیعرێکت بۆ بنووسم
تاکو ئێستا هیچ قەڵەمێک نەینووسیبێ و
هیچ زارێکیش دەرینەبڕیبێ
ئەمەوێت سووتانێک بۆت بسووتێم
تاکوو ئێستا هیچ دارستانێک ئاگری وەها
لە لەشی سەوزی بەرنەبووبێ
****
وێڵم بە دوای
ئەو ژنە یاقووتییەی پرچی پەلکەزێڕینە و
زەردەخەنەکەی پڕ لە شەپۆلی رەنگە
وێڵم بە دوای
ئەو ژنە تریفەییەی چاوەکانی دەریا و
هەستەکانی پڕ لە گوڵی نیلوفەرە
****

گوێیەکانم سەڕاوێژن لە سۆزی دەنگت و
چاوە دەریاییەکانم لێوانلێون
لە روانینە خەمۆکەکانت
دەستەکانم تەڕتەڕن بە تاڤگەی ئەسرینت
دڵ و رۆحیشم
لە مێژە چزاون بە پشکۆی ئەوینت
****
بمخوێنەوە وەک دارسنەوبەرێک
لە کاتی خۆکوشتندا و
بمچڕە، زۆر خێرا بمچڕە
وەک سترانێکی رەشبین
ئەتخوێنمەوە وەک پاڵەوانی
چیرۆکێکی غەمناک و
ئەتژەنم، توند ئەتژەنم
وەک «ساز»ێکی زۆر کەساس
****
لە حەزرەتی ئاو بپرسە
من کوڕی کام هەسارەم و
لە جەنراڵ زریان بپرسە
من لە کوێوە هاتووم؟
لە ئاسمانی موحیبەت پرسیار بکە
کەی دەبارێم و

لە بێستانی هەستت
بپرسە کەی لەتۆدا خۆش ئەکەمەوە؟
****

سروشتم وایە لە کۆتاییەوە
دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا و
لە سەرەتاکانیشەوە دێمەوە نێو کۆتایی
زۆر سەیرە لەسەر شارێی
هەموو سەرەتاکان و
کۆتایی گشت ڕێگاکان
هەر دەگەمەوە بە تۆ!!
****

بمبورە ئەگەر لە ناکاو
وەک ئەستێرەیەک ون بووم و
لە هیچ شوێنێکی گەردوون ئاسەوارم نەما
هیچ دڵتەنگ مەبە و چاوەڕێی بەهارێک بکە
وەک چڵە نێرگزێک بڕوێم لەسەر ڕێتا
****

لەوەتی من هەم
خەونی ڕەنگاورەنگت پێوە ئەبینم
چەشنی خەونی هەژارێک بۆ پارچەیەک نان
لەوەتی من هەم بە بێدەنگی خۆشم ویستی
هەر وەک عەشقی باڵندەیەک بۆ ئاسمان
****

هێشتا تێناگەم لە کوێوە هاتی
هەروەک ئەو شنەبایەی
ژیلەمۆی دڵم ئەگەشێنیتەوە
هێشتا لەو بڕیارە تێناگەم
بۆ کوێ ئەڕۆیت
کە ڕۆحم وەک فەرشی سوور
ڕاخستووە لەبەر پێتا!!
****
نێرگزەجاڕێکی سووتاو و
زەوییەکی سووتماک نیم
فەرهەنگێک لە شیعر و
نیشتمانێک لە ئەوینم
گوڵێکی کێویی و
دارستانێکی پرچ رووتاوە نیم
تەمبوورێکی گرینۆک و
بزەیەکی بابردووم
****
تارمایی مردن ئەبینم
لە کۆڵانی پشتەوەی ژیان
شەبەنگی عەشقتم لێ دیارە
لە شەقامی ئەوبەری رۆژگار
لەسەر دەفتەری باران

وێنەی رووتیتم رەسم ئەکرد
لەنێو ئامێزی خەونە سەوزەکانتا
گۆڕم بۆ کابووسەکانم هەڵئەکەند
****

بڕیارمداوە ئەگەر بڕۆیت و نەیەیتەوە
هەموو رۆژێک وێنە لەگەڵ ئازارەکانم بگرم
بڕیارمداوە ئەگەر بمێنیتەوە و نەڕۆیت
هەموو شەوێک پەیمانی ژیانت بۆ تازە بکەمەوە
****

ئاسنگەرێک سەری عەشقمان ئەکوتێتەوە
کولتوور چاو لە رۆمانسییەتمان سوور ئەکاتەوە
خودا نەفرەتی خۆی ئەڕژێتە سەر حەزەکانمان
کەچی من و تۆ
رێ دەکەین و یەکتری لە باوەش ئەگرین
****

ئەگەر مردم بە دڵۆپە فرمێسکەکانی یار بمشۆن و
گوڵاوی کتێب بڕژن بەسەر کفنە سوورباوەکەما
ئەگەر مردم بە ئایەتی شیعر تەلقینم بکەن و
لە زەردەپەڕێکدا لە گۆڕستانی تەنهاییدا بمنێژن
****

بەردم هێنایە قسە و بەچاوی پڕ گریانەوە وتی

من ڕەقتر نیم لەو دڵانەی دەست ئەنێن
بە ڕووی کەوە عاشقەکانەوە
دەریام هێنایە گۆ و بە چاوی فرمێسکاوییەوە
وتی من لەو عاشقانە شەپۆلاویتر نیم
چاویان بڕیوەتە ڕووی پڕ نازی یار
****

لە جێگەیەک لە دایکبووم
دڵنیام نیشتمان نەبوو
بەڵکو نێو ڕێگا پێچاوپێچەکانی
غوربەتستانی دڵی یار بوو
لە شوێنێک ئەمرم
ئەزانم زێدەکەم نییە
بەڵکو تاراوگەی ساردوسڕ و
بێ شەوقی ڕۆحی یارە
****

یارم خەون بە ئایندەوە ئەبینێت و
منیش مردوویەکی کۆنم و
لەسەر چیمەنی ڕابردوو کەوتووم
مەعشووقەکەم زیاد لە هەر شت
ئارەزووی فڕین ئەکات و
منیش لە مێژە حەزی فڕینم

به تفەنگی رزیوی رەشبینی کوژراوە
****
دڵدارەکەم گوومان ئەکات
هیچم پێ نەبەخشیوە
بێ ئاگایە لەوەی شاعیرێک
یاقووتی شیعری پێشکەش کردووە
دڵدارەکەم بێزارە لەوەی
هیچم بە دیاری بۆ نەبردووە
بێ ئاگایە لەوەی میری عاشقان
خودی خۆی خەڵات کردووە
****
گوێم لە دوو پەڵە هەور بوو
بە چرپەوە ئەدوان
ئەیانووت ئێمە لە چاوی ئاسمان ئەتکێین
کە هەوا لە باوەش ئەگرێ
گوێم لە شاخێکی بەفرین بوو
بەدەم هەرەسەوە هاواری ئەکرد
ئەژنۆم شکا و وا عەشقی شێتانەی خۆر
دڵی سەهۆڵیم ئەبرژێنێ
****
وا مەزانە بە رێکەوت لە حەوشەی
حەزێکدا تۆم دۆزییەوە

نا، من بەر لەسەدان ساڵ
لە خەونی یەکەمدا تۆم ناسیوە
وا تێمەگە شنەبایەکم دێم و
بە پەلە رەت دەبم
نا، خودای عەشق هەزاران ساڵە
تۆی لە چارەی من نوسیوە
****
لەو هەموو بارانەی من
خۆت نەخستە بەر تەنها دڵۆپێکیش
تا لە سەحرای وشکی
پیاوێکی تردا لە تینوویێتیدا خنکایت
لەو هەموو شیعرەی من
تەنها یەک دانەشت هەڵنەگرتەوە
تا لە رەقایی دڵی پیاوێکی تردا
هەر وەک شوشە شکایت
****
لە یادمە وتت ئەبمە
دەزگیرانی شاعیرێکی سەرشێت و یاخی
بۆ ئەوەی بە خوێنی خۆی ناوم
لەسەر دەفتەری شیعرەکانی هەڵکۆڵێ
لە بیرمە وتم، ئەبمە
دیلی ژنێکی رەنگ تریفەیی بەرزەفڕ

بۆ ئەوەی کۆتری عەشقم
لەنێو قەفەزی سینگیدا ئارام بنوێ
****

دووکەڵ و بۆگەنیوی جەنگ و
باروووت کاسی کردووم
ئەوە منم لە جەنگی ئەوینی تۆدا
یەکەم نیگا ئەمرم
شەڕی خێڵی جنۆکە
بەر دەرگای ماڵی نیشتمانی گرتووە
ئەوە منم لە شەڕی عەشقی تۆدا
لە یەکەم ماچدا دەکوژرێم
****

ون ببووم
لە فنجانی قاوەکەی تۆدا
خۆم دۆزییەوە و
لەگەڵ یەکەم پێکی عەشقتدا
تاکو قیامەت مەست بووم
ون ببووم
لە قووڵایی لاپەڕەیەکی مێژوودا
منت دۆزییەوە و

لەگەڵ یەکەم هەنگاودا
کەوتمە شاری ئاوەدانی هەنوکەتەوە
****
ئاوێنەیەکی وردوخاش بووم
بۆ هەپرونبوونی خۆم ناگریم
نا، غەمی ئەوەمە ئیدی یاری بریندارم
خۆیم تێدا نابینێتەوە
کانییەکی وشک بووم
بۆ تینوویێتی خۆم شیوەن ناگێڕم
نا، شینی من بۆ ئەوەیە
چیدی لێوی یاری بێنازم تەڕ ناکەمەوە
****

پرسیارم لێ ئەکەیت
بۆچی بە زمانی فریشتە ئەدوێم و
تەنها ئاشنای فرمێسک و
ڕێگا بنبەستەکانی ئەویندارییم؟
پرسیارم لێ ئەکەیت
بۆچی وشەکانم زۆر غەریبن و
بە تەنهاش خاوەنی ماڵێکی
سارد و ژوورێکی چۆڵم؟
وەڵامەکەیم لا نییە

ڕەنگبێ لەبەرئەوە بێ شاعیرم!!
****

کە تەرمی منت بینی
وا تێمەگە ئەمە کۆتایی ڕێگایە
زۆرجار ڕێگە سەختەکە
لەوێوە دەست پێئەکات
کە وتم ماڵئاوا و ئیدی نایەمەوە
ناڵێم چاوەڕوان مەبە
زۆر جار گەڕانەوە
لەناو ماڵئاواییدا خۆی شاردۆتەوە
****

قەدەری من و تۆ
هەروەک قەدەری ئاو و ئاگر وایە
من ئاگرێکم لە ئاوی بە خوڕی
چاوەکانتا ئەکوژێمەوە
قەدەری تۆ و من
وەک چارەنووسی کەشتی و دەریا وایە
تۆ کەشتییەکی بروسکە ئاسا
بە دەریای هەستما تێدەپەڕیت
****

زەمەنێک شک نابەم

لە دەرەوەی زەمەنی بێ ئۆقرەییەکانم
ئاگردانێک شک نابەم جگە
لە کڵپە و گڕی هەناسەکانم
کەسێک لەم دنیا گەورەیە
هاوڕێم نییە جگە لە وەهمەکانم
مەعشووقێکیشم نییە بەدەر
لە خەیاڵی نێو شیعرەکانم
****
ئازیزم، تۆ ناتوانیت
بەرگەی سەرکێشییەکانم بگریت
ناتوانیت خۆت بدەیتە
بەر شەپۆلی ئاگرەکانم
ئازیزم، تۆ ناتوانیت
لە شیعرەکانمدا خۆت رەسم بکەیت
ناتوانیت کورتە وچانێکیش بدەیت
لەنێو گەردەلوولەکانم
****
لێم تێناگەیت چۆن گەڵاجاڕی ئومێدم
بە نائومێدیی سووتاند
لێم حاڵی نیت چۆن
لە نیشتمانێکی بێ جوگرافیاوە هاتووم
دەرکی ئەوە ناکەیت
بینم نا بەهەر کانییەکەوە سوێراو بوو

ئەو دەریای عەشقەی بەدوایدا رامدەکرد
تەنها سەراب بوو
****
خەڵکی شەرابی هیوا ئەنۆشن
من بێهیوایی ئەمخواتەوە
خەڵکی کۆنیاکی رق هەڵدەقوڕێنن
من ئەوین هەڵمدەقوڕێنێ
خەڵکی گۆرانی بۆ مردوو ئەچڕن
من ژیان بە ستران ئەمچڕێ
خەڵکی گۆڕ بۆ عەشق هەڵدەکەنن
من عەشق گۆڕم بۆ هەڵدەکەنێ
****
نیگارکێشێکم بە پەڕەمووچی گریان
تابلۆ ئەنەخشێنم
سەیرە وێنەی هەرچی دەکێشم
شێوەی دێتەوە سەر تۆ!
مۆسیقاژەنێکی نامۆم
بە پەنجەی خەیاڵ پیانۆ ئەژەنم
سەیرە هەر ئاوازێ ئەژەنم
ناگاتە دامێنی دەنگی ناسکی تۆ!
****
کە تیری ئەوینت چەقییە دڵم

خوێنی شادمانیم بەربوو و
کێڵگەی وشکبووی چاوەڕوانیم
سەرلەبەر بوو بە باخ
کە هەنگاوی جێهێشتنم
ڕۆژی ڕوونی کردمە شەوەزەنگ
وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار
لە چاوی ئاسماندا کوژامەوە
****
شەوان بە دیار گۆرانییەکی غەریبەوە
خەو دەمباتەوە و
بەیانیان بە هاواری
نێو خەونەکانی بێ تۆیی ڕادەچڵەکێم
بەهاران خوێنی عەشقم
ئەزێتە نێو دڵی بێرووونی تۆوە
پایزان گەڵا گەڵای
پیرە درەختی تەمەنم
لەبەر پێتا ئەوەرێ
****

لەوەتی بیرم دێ هۆنراوە
بۆ خۆشەویستی ئەنووسم و
هیچ کاتێ شۆخە ژنێک
شیعرێکی تەڕی منی هەڵنەگرتەوە
لەوەتی فامم کردۆتەوە
لەبەردەم قاپی عەشقدا هەڵئەلەرزم
هیچ ساتێ کچێک بە ئاگردانی
جەستەی گەرمی نەکردمەوە
****
دوای تۆ بڕیار ئەدەم سەفەر بکەم
بەڵام نازانم بۆ کوێ!
پاش تۆ بڕیار ئەدەم بمێنمەوە
بەڵام نازانم لە کوێ!!
دوای تۆ هەموو مێژووم
پڕ دەبێت لە ئێشی نەبڕاوە
پاش تۆ ئەوەی لێرە ئەمرێت
شاعیرێکی روح سووتاوە
****
کە هەر ئەڕۆیت با یادگاریی
ناو جانتای سەفەرت من بم
کە هەر ئەڕۆیت با فرمێسکی
رێگای دوورت هەر من بم

که هەر ئەڕۆیت با دواهەمین
دڵداری عومرت من بم
که هەر ئەڕۆیت بهێڵە
ئەوەی هاوسەفەرتە هەر من بم
****

چیدی چاوەڕوانت ناکەم
سەرم هەڵدەگرم و دەڕۆم
بەڵام هەرچی یادگارییەکانتە
دەیبەم لەگەڵ خۆم
چیدی لە بۆتەی
شیعرێکی تەڕدا ناتنووسمەوە
چون هەرچی گەڵای شیعرمە
دانە دانە لەبەردەمتا
بە زەلیلی هەڵوەران
****

بەو هەموو گڕەی من
نەتتوانی مۆمێک داگیرسێنی
بۆ ڕووناککردنەوەی
ئەو تاریکستانەی ناو رۆحت
پاش ئەو هەموو چاوەڕوانییە

نەتتوانی هەنگاوێک بنێی
بەرەو  ئەو سەنگەرەی عەشق
کە بە خوێنی خۆم سوورم کردبوو
****
هیچ شتێکم نەوت بەر لەوەی فویەک
لە چرای تەمەن بکەم
چونکە لە کۆتایی هەر شەوێکدا
نەموت عاشقتم
لەم ئێوارەی تەمەنەدا
هەموو شتێکم بە ناتەواویی جێهێشت
چون نە توانیم لە خۆم تێبگەم
نە فریا کەوتم تۆ بنووسمەوە
****
چ زەمەنێکی تاعوونییە ئەم چەرخە
مریەم لەشفرۆشی ئەکا
عیسا لە خاچەکەی هاتۆتە خوار و
نیشتمان هەڕاج ئەکا
منیش لە لیستی عاشقەکاندا
ناوی خۆم ئەسڕمەوە و
تۆش بەسەر پشتی ئەسپی ماڵئاواییەوە
خوێنساردانە لێم ئەڕوانی
****

لە حکایەتەکانی داپیرەم
لە شەوانی زستاندا ئەوەم بیر ماوە
دەیووت پێکەنینم پێوە نایێ
خودا ئەم پێکەنینە بەخێر بگێڕێ
لە چیرۆکی عەشقی مندا
تەنها ئەوەم لە یاد ماوە
تەنانەت خوداش نە پێکەنین
نە گریانی بەخێر نەگێڕا
****
لەگەڵ هەموو ئازارەکانما
خۆشەویستی تۆم هەیە
لە پەنا نیشتمانێکی زامدارەوە
چەند سەیرە
عەشقی تۆ تیمارە!!
لەگەڵ هەموو پووچییەکانی
ئەم تفتییەی ناوی ژیانە
چەند سەیرە
خۆشەویستیت تاکە ماقوڵە
خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم!!
****
من نازانم شیعرێک بنووسم
بۆ وەرینی گەڵاکانی پایزی عەشقت

من ناتوانم سەمایەک بکەم
لەسەر ئەو بەستەڵەکەی ناوی دڵی تۆیە
تۆ نازانیت حەیرانێک بڵێیت
لاس و غەزال لە شەقامی خەیاڵێکدا
دەستیان لەناو دەستی یەکتر بێ
تۆ ناتوانیت سەرچۆپی زەماوەندێک بگریت
تیایدا زین بووکی یەک شەوەی مەم بێ
****

بمبەرەوە بۆ مێژووی پێش هەڵوەرینم
لە زستانی پڕ رەهێڵەی ئەوینی ساردتدا
بمبەرەوە بۆ چاخی پێش خنکام
لە سەرابی نێو سەحرای چاوەکانتدا
دەتبەخشمەوە بە رۆژانی تەنهایی
کە باخچەیەک دەرگای بەهاری لێ نەکردیەوە
دەتبەمەوە بۆ نێو رۆژانی پێش ناسینم
کە خۆر لە پشت هەورەوە خۆی لێ دەشاردیەوە
****

چاوەڕوانیم قەوزەی کرد
تۆ هێشتا بیرت لە سەفەرێک نەکردۆتەوە
بەرەو خاکی هەستم

سەبری ئەیووبم پچڕا
تۆ هێشتا بیرت لە هاتنێک نەکردۆتەوە
پێش وەستانی کاتژمێری تەمەنم
****

لە مەسیح بێ تاوانترم
دامگرە بەخاچی پرچەکانتەوە و
لەنێو پەلکەزێڕینە بمنێژە
لە ئاوی کانی روونترم
مەهێڵە دابڕان لێڵم بکا و
لە نێو چۆمی ژنێتیتدا بمهێڵەوە
****

وەرە ئەی لە مەریم پاکیزەتر
وەرە ئەی لە باران تەڕتر
وەرە ئەی لە مانگەشەو rووناکتر
وەرە ئەی لە پەروانە سووتاوتر
لێرە لە ناو دڵی من
لێرە لەناو موروە سەوزەکانی چاوم
لێرە لەناو شەوانی دوور و درێژم
ماچێکی تر دەنووسینەوە
لەسەر پەڕەی لێوەکانمان،

لە پەرستگای لێکئاڵانمان
نوێژێکی خۆشنود دائەبەستین
****

مەڕۆ
برینێک لە تەنهاییمدا جێمەهێڵە
مەڕۆ
دوا گەڵا بە درەختی ئومێدەوە مەوەرێنە
کتوپڕ مەڕۆ درزێک مەخەرە
پەنجەرەکانی پەلکەزێڕینەوە
مەڕۆ و دوای خۆت
دەرگای خەونم لەسەر دامەخە
مەڕۆ و دوای تۆ
ئیدی من لە خۆم ئەڕەنجێم
مەڕۆ و دوای ڕۆشتنی تۆ
ئیدی نەورەسێکی دڵخۆش نیم و
لە هیچ ئاسمانێکی تردا
لە شەقەی باڵ نادەم
****

پرسیار مەکە
ئەو دڵە بێگەردەم لە کوێ بوو
بەیانییەک دوو فریشتەی خودا

لە ناو چەمی عەشقدا دڵیان شۆردمەوە
پرسیار مەکە
ئەو دڵە غەمبارەم لە کوێ بوو
عەسرێک وەک ئاوی کانییەک
ڕێبوارێکی نامۆ لێڵی کرد
پرسیار مەکە
ئەو دڵە کوژراوەم لە کوێ بوو
ئێوارەیەک وەک ریشۆڵەیەکی پەڕاگەندە
لە سەفەرێکدا بەرەو باکوور
بە گوللەی عەشقێکی وێڵەوە بوو
****
ئاڵای ئەم عەشقەت
لەسەر کەلاوە کۆنەکانی دڵم
بەرز دەکەمەوە
دەستە تەزیوەکانم
بەتینی پەنجە گڕاوییەکانی تۆ
گەرم دەکەمەوە
****
خۆشم ئەوێی
هەر وەک ئەو باڵندەیەی جگە لە ئاسمان
شوێنێکی تری نییە بۆ فڕین
خۆشم ئەوێی

وەک ئەو شەپۆلەی جگە لە کەنار
جێگەی تری نییە بۆ سرەوتن
****
هەرچەند لە چاوەکانتم روانی
بە بێدەنگی هەموو شتێکیان پێ وتم
هەرچەند پەنجەکانتم گووشی
گەرمی هەستت گەیشتە بەفراوی رۆحم
سەیرە نە من توانیم دێڕێک بڵێم
نە تۆ توانیت دڵت بکەیتەوە!!
****

کزە با ساردەکەی ئەم باکوورە
یاری بە تاڵ تاڵی پرچت ئەکرد
رەشەبا بێ ئۆقرەکەی ناو من
جۆلانەی بە بورکانی هەستت ئەکرد
کە لە ئامێزم گرتیت
دڵم وەک تاڤگەیەک کەوتە هاژە
کە لە چاویشم ون بوویت
بە فرمێسکم وت خۆت بگرە و مەبارێ
سبەی دێتەوە ژوان دووبارە
****

من و تۆ هەر ئەوەندە جیاوازین
من شەرابی سوور دەنۆشم و
تۆ شەرابی سپی
من و تۆ هەر ئەوەندە جیاوازین
تۆ گوڵی سپی باخی سۆزم
بۆ دەکەیتە چەپک و
من گوڵی سووری شیعرت
لە باخچەی هەست بۆ ئەڕنم
من و تۆ هەر ئەوەندە لێک دوورین
هەڵاوی هەناسەت وەک ئۆکسجین
دەڕژێتە نێو سییەکانمەوە
****

زۆر جادووگەرانە لێت ئەڕوانیم
بۆیە ماچەکانم بوونە پەپولەی شیعر و
لەسەر گوڵەباخی لێوت نیشتنەوە
زۆر رۆمانسییانە لێم ئەڕوانیت
هەنسکەکانت بوون بە قاقای پێکەنین و
رژانە نێو بێ ئۆقرەیی دڵمەوە
****

لە وێستگەی شەمەندەفەر
هەر لەگەڵ نیگاکردنەکانی تۆدا
چاوی تامەزرۆم لە فرمێسکا نغرۆ ئەبێ

له وڵاتی وەیشومە و بەفردا
رۆحی شەیدای چاوەڕوانم
لە لەشی ناسکی شیعر دەئاڵێت
وەرە ئەی ئاگری کڵپەسەندوو
سەری بەستووم لە مێژە
تینووی گڕی سووری تۆیە
****

بریا دەمتوانی میلی کاتژمێر رابگرم
زەمەن لەو بینینەدا بوەستێنم
تا بۆ هەمیشە لە ژوانی تۆدا بمێنمەوە
بریا دەمتوانی هەستی خۆمت پێبڵێم و
پڕ بە هەموو ئاسمان هاوارم بکردایە
خۆشم ئەوێی گوڵە ئەستێرە
بریا دەمتوانی ببمە هەورێک
دڵۆپ دڵۆپ، تنۆک تنۆک
بەسەر ژنێتیتدا بباریمایە
****

ئەمڕۆ رۆژێکی قەترانییە
لە ئاسمانەوە بێزاریی ئەبارێت
سەیرە من هەر عەشقی تۆم
بەسەردا ئەبارێ!

ئەمشەو شەوێکی شەختەیە
لە هەموو لایەکەوە گڤەی ڕەشەبایە
سەیرە من هەر شنەبای عەشقی تۆ
بەرەو ڕووم دێ!
****

لەودیو پایز و
گەڵاڕێزانی خەندەکانمەوە
بەهاری عەشقت، ئامێزی
بۆ منی شاعیری دڵشکاو کردۆتەوە
لەودیو زەمەنی چەقۆ و
زمانی بڕاوی هاوارە خەمۆکەکانمەوە
بزەیەکی عەشقی تۆ
هەزار شەوی تەنهایی
بۆ ئەبەد بیر بردمەوە
****

ئەو ساتە کابوساوییانەی
بە دیار تەماشای وێنەیەکی لاویمەوە
پیر پیر بووم
تۆ بوویتە شەرابێکی جادوویی و
لەگەڵ یەکەم پێکی عەشقت
سەرلەنوێ لە دایک بوومەوە
ئەو کاتە تەمومژاوییانەی

پرسەم بۆ مەرگی لاولاو دانابوو
شینم بۆ فڕینی چۆلەکەی
خۆشنوودیم دەگێڕا
تۆ وەک شاخێکی بەفرین
بەسەر عەشقی مندا
هەرەست هێنا
****
تۆ لە شەوی دەیجورمدا چرایت
لە وشکەساڵیمدا شەستە بارانیت
لە تەنهاییمدا هاوڕێی ئازارەکانیت
لە بێدەنگیمدا هاواریت
لە بێکەسیمدا هەموو کەسیت
لە ئاسمانمدا ئەستێرە گەشەیت
لە زەوی چاوەکانمدا رووباریت
لە خەونمدا واقیعت
لە واقیعمدا خەونێکی جوانیت
لە دڵیشمدا مەجنونترین لەیلایت
****
بە چاوی کانی لێم مەڕوانە
من رووباری عەشقم
بە چاوی تریفە لێم مەڕوانە
من پەلکەزێڕینەی ئەوینم

به چاوی باران لێم مەڕوانە
من زریانی ماچم
به چاوی زەوی لێم مەڕوانە
من ئاسمانی ئەبەدیی تۆم
****
هەستەکانم گزنگیان لێ ئەڕژێ
تەنیا جارێک به خەیاڵ
چاوم لە خۆر داگرتووە
پێکەنینەکانم فرمێسکیان لێ ئەچۆڕێ
تەنیا جارێک به خەیاڵ
توند توند تۆم لە باوەش گرتووە
****
هەرچی هات
شمشێری پێ بوو
تەنها برینی لەسەر رۆحم هەڵکۆڵی
هەرچی رۆیشت
جانتایەکی پەمەیی لەگەڵ خۆی برد
که پڕ پڕ بوو لە خەون و خەیاڵەکانم
****
گەشتی خەیاڵم ناوەستێ
تا تۆ لە ئاسمانی جەنجاڵی
ئەویندارییی نەدۆزمەوە

زمانی شیعرم ناپژێ
تا تۆ لە هەزاران بەیتدا
بە پەڕەمووچی جوانی
لەسەر دەفتەری فەنتازیا
نەنووسمەوە
****
کە هاتم وەک ڕەشەبایەک دێم
چۆن ڕەشەبا
درەخت رووت ئەکاتەوە
منیش هەر بەو جۆرە
رووتت ئەکەمەوە
چۆن ڕەشەبا، سەما
بە چڵ و پۆ ئەکات
منیش هەروا
مەمکت ئەخەمە سەما
چۆن ڕەشەبا، هەور
لەسەر دڵی ئاسمان رائەماڵێ
منیش سەرپۆشی شەرم
لەسەری تۆ لا ئەبەم
****
کە تۆم بینی
با ستیانەکەت لە ڕەنگی چاوم

کاڵتر بێ
دەستەکانت بۆنی مێخەکی
شیعری لێ بێ
ماچەکانت تاڤگە بن
وەک بارانی چێژ
بەسەر لێوەکانمدا هەڵڕژێ
****
تۆ کە ئەستێرەیەکی خۆشبەختی
نازانم بۆچی خۆت دەخەیتە
باوەشی ئاسمانێکی
پڕ غەمی وەک منەوە؟
تۆ کە فانۆسێکی دڵتەڕیت
نازانم بۆچی خۆت دەخەیتە
بەردەم گەردەلوولێکی
سەر شێتی وەک منەوە؟
تۆ کە باڵندەیەکی بەرزەفڕی
نازانم بۆچی خۆت دەخەیتە
نێو زیندان و قەفەزی
دڵی مەجنونێکی وەک منەوە؟؟
****
شتێک من و تۆ ، کۆ دەکاتەوە
لەوانەیە سترانێکی قەرەجی بێت

له ژێر ڕەشماڵی عەشقدا
لەوانەیە هێلێک بێت
له نیگای من بەرەو تۆ
لەوانەیە بزەیەکی وەریو بێ
له لێوی تۆوە بەرەو من
لەوانەشە گوڵی تۆ بێت
لەسەر تابووتی مەرگی من
****

تۆ کە لە گۆرانی من تێناگەیت
ئاوازی چیم بۆ دەژەنی؟
تۆ کە توانای خوێندنەوەی
دڵۆپێک فرمێسکت نییە
چۆن تەفسیری گریانەکانم دەکەیت؟
تۆ کە لە لەنجە و لاری هەوری
حەزە نارنجییەکانم تێناگەیت
چۆن لە حیکمەتی بارین حاڵی دەبیت؟
تۆ کە نابینیت خەریکە دەمرم
لە شەوە قەترانییەکانی غەریبیدا
چۆن پێناسەی ژیانم بۆ دەکەیت؟
****

من هەموو کاتێک لێرە نیم
نامەت بۆ بنێرم
ڕەنگە ڕۆژێک بێت
زۆر چاوەڕوان و تامەزرۆی
یەک تاکە نامەیەکم بیت
تێیدا نووسیبێتم
خۆشم ئەوێی
بەڵام ئیدی ڕەنگە چاوی قەڵەمەکەم
کوێر بووبێت
هەستەکانم لە گۆڕێکی تەنگدا
زیندە بەچاڵ بووبن
ئەوسا ناچار دەبیت
لاپەڕەی یادەوەریی
ناو دڵ و سۆزت هەڵبدەیتەوە و
بە دوای هەر نۆ پیتی
«خ ۆ ش م ئ ە و ێ ی»دا
بگەڕێیت و نەیدۆزیتەوە
****
من تۆم هەڵبژارد
هیچ شتێکت دڵتەنگم ناکات
تەنیا ڕاکردنت نەبێ
لەبەر شەپۆلی هەستەکانم

تەنیا ئاوڕنەدانەوەت نەبێ
لە تەرمی من
کە بۆ عەشقی تۆ
لە شەقامی تەنهاییدا دەکەوێت
****
وا تێمەگە
ڕۆژێک بێت و بتوانم
دەستبەردارت بم
تۆ نازانیت
من مەجنونم
بە لەیلای خۆم گەیشتوومەتەوە
وا تێمەگە
ڕۆژێک بێت و بتوانم
لێت دوور بم
من پەپولەیەکی سەرگەدانم
شەمعی خۆم دۆزیوەتەوە
****
لە کۆتاییدا
تۆ وەرزی سەوزی ئەوینی خۆمی
لە کۆتاییدا
تۆ مرواری دەریای هەستی خۆمی
لە کۆتاییدا

پرووشەی ئەوینی ئاسمانی رۆحمی
هەموو رەنجێک ئەدەم
ئەگەر ساتی گیانکێشانیشم بێ
دەم ئەنێم بە گوێتەوە و
بە چرپە پێت دەڵێم
خۆشم ئەوێی
ئەی کۆترە مەستەکەی
ناو هێلانەی دڵم
****
بەسەر پشتی «با»ی قەدەرەوە
بەڕێوەم بۆ کۆڵانی رەشی مەرگ
ئەوەی لە دوام جێدەمێنێت
تۆ و گوڵدانەکانی شیعرن
تۆ و ئەو ماسیەی عەشقن
کە عەیامێکە لە دەریای
هەستە نارنجییەکانمدا
مەلە ئەکەن
****
من بەستەیەک بووم
لە هۆزی گۆرانی جێمام
نەوڕەسێکی یاخی بووم
ئاسمان لە ژێر

خەونێکی بریندار‌دا ئەمنێژێت
عاشقێک بووم
وەک خۆر گەرم و پڕ تیشک
کە بەفری دڵی تۆم
هێدی هێدی ئەتواندەوە
****
تۆ هاتیت گریانە نەبڕاوەکانم
کۆ بکەیتەوە
تۆ هاتیت ئینجانە تەنهاکانم
پڕ بکەیت لە گوڵی ماچ
تۆ هاتیت دەست بکەیت
بە رنینەوەی سێوەکانی هەستم
تۆ هاتیت ئاگرێک بکەیتەوە
تێدا ببمە خۆڵەمێش و
سووتووەکەم بدەیت
بە دەم ڕەشەبای غوربەتەوە
****
تۆ هەمیشە
لە نێو شەوە تارەکانمدا
مۆمێکی رووخۆشی
تۆ هەمیشە
لە باوەشی زەردهەڵگەڕاومدا

سنەوبەرێکی سەوزی
تۆ هەمیشە
لەسەر لێوی وشکەوەبوومدا
بارانی ماچیت
تۆ هەمیشە
لە پایز و خەزانی تەمەنمدا
بەنازترین بەهاریت
****
من، لمی بیابانێک بووم
گەردەلولی عەشق بردمی
من گەڵایەکی زەرد بووم
لە داری خۆشبەختی بوومەوە
من زێیەکی خەمبار بووم
لە رووباری دڵداریی جیا بوومەوە
من دڵۆپێک فرمێسک بووم
لە چاوی ئەوینەوە رژام
****
تۆ هەمیشە لە چاوەکانمدا ئەنوویت
بۆ ئەبەد لەناو دڵی مندا ئەمێنیتەوە
شایەتمانم بە عەشقت هێناوە
لەسەر دینی خۆشەویستیت ئەمرم
بە شیعرەکانم بۆ تۆ تەلقین ئەکرێم

**بەناوی تۆوە زیندوو ئەبمەوە**
**لە دڵی تۆدا حەشر ئەکرێم**
**بەسەر پردی سیراتی رۆحتا ئەڕۆم**
**لە کۆتاییدا بەرئەبمەوە**
**باخچە فیردەوسییەکانی باوەشت**

**ئەڵمانیا – سوێد**
**سێپتامبەری ۲۰۱۷ – ئاگۆستی ۲۰۱۸**

# ئیدی خەون نابینم

تۆ هێشتا نازانیت
شەقامەکانی هەستم چۆڵە و
دڵم رووبارێکی نیگەرانە
درەختی تەمەنم
هەر تەنیا یەک گەڵای پێوە ماوە
ئەویش بە یەک شێتە «با»ی
عەشقێک دەوەرێت
وێرانم، وەک ئەو شارانەی

دەبنە خۆڵەمێشی جەنگ و
غەریبم وەک ئەو ڕێبوارەی
لە چۆڵەوانیدا ڕێ دەکات
دەگریم، هەر دەگریم
چونکە خۆمم لێ ون بووە و
لە هیچ کۆڵانێکی ڕووناکدا نایدۆزمەوە
چاوەکانم هەمیشە کراوەن
ئیدی خەونێک نەماوە بیبینم
لێوەکانم وشک بوونەتەوە
لەم وشکەساڵیی ماچەدا
هەناسەکانم هێندەی مەریخ قورسن
کەوتوونەتە سەرشانی مەرگ
چەندین سەدەیە دەفڕم
لە ئاسمانە ڕەش داگیرساوەکانی مەراقدا
هەزاران هەزار ساڵە
بەسەر فەرشی گریاندا ئەڕۆم
لە پاپۆڕی تێکشکاوی زەمەندا
لە کەناری ژیلەمۆدا لەنگەر دەگرم و
سووتانی ڕۆحم ئەچنمەوە
ئەمێستا پڕم لە گۆرانی حەزین
کەچی چڕینم لە بیر چۆتەوە
پڕ پڕم لە مۆسیقای غەم

کەچی ژەنینم بیر چۆتەوە
ئاسمانم پڕە لە هەوری ڕەش
کەچی بارینم بیر چۆتەوە
تۆ هێشتا نازانیت، شەوان
تاریکی رائەخەم و
بێدەنگی ئەستێرەکان
ئەدەم بە خۆمدا
هەر تینووم بوو
پەرداخێک لە خەیاڵی
باوەشت ئەخۆمەوە
کە برسیشم بوو
لەتێک لە کێکی یادگارییەکانت ئەخۆم
کە بیرم کردیت
خوداش لەگەڵ خۆمدا دەخەمە گریان
تۆ نازانیت هەموو شەوێک
پرسیاری تۆ لە مانگ دەکەم و
تریفە وەڵامم ئەداتەوە
تۆ نازانیت، هەموو ڕۆژێک
سۆراغت لای پەلکە گیا دەکەم
ئاورینگ وەڵامم ئەداتەوە
تۆ نازانیت، هەر کات بێدەنگ بیت
زمانی شیعرم لە گۆ دەکەوێت

تۆ نازانیت، هەر کات توورە بیت
زریانی فرمێسکم هەڵدەچێ
تۆ نازانیت، هەر کات ون بیت
ژیان خۆیم لێ حەشار دەدا و
لە کۆڵانەکانی دڵتەنگیدا
بەدەم نەفەسدان
لە دوا سیگاری تەمەنەوە
دوا هەناسەم هەڵدەکێشم

ئەڵمانیا – کۆڵن
ئاگۆستی ٢٠١٨

# خەمنووسێکی عاشق

لەسەر بانیژەی کات
بە قەڵەمی گرینۆکی تەنهایی
کتێبی بێدەنگیم ئەنووسی
ژاوەژاوم ڕەش دەکردەوە و
بە فۆنتێکی باریکتر
سەرگوزەشتەی شاعیرێکم
یادداشت کرد
کە بە پەلکە زێڕینە

شەقامەکانی ئاسمانی ئەڕازاندەوە
چۆڕاوی ئەو بارانەم ئەنووسی
لە چاوی بولبولێکی تۆراوەوە دەڕژان
پێناسەی ئەو شیعرانەم ئەکرد
لە هەزاران ساڵ پێش زایینەوە
بەڕێوەن و ناگەن بە هیچ کەس
خەونی ئەو ئاوێنانەم ئەخوێندەوە
هەزارەها رووی گوناهباریان دیوە و
شەلاڵن لە هەزارەها سەرنجی تاوانبار
کراسی خوێناویی ئەو پەروانانەم
لە رەنگی زەردی هەتاو هەڵدەکێشا
لە یەکەم ژوانی شەمعدا کوژران
دڵنەوایی ئەو نیگا سپیانەم ئەکرد
پڕ ببوون لە دوکەڵی خواحافیزیی
گوێم بۆ چیرۆکی دەریا دەگرت
کاتێک باسی بێ ئەمەکی
پاپۆڕەکانی ئەگێڕایەوە
خۆم دابووە بەر شەپۆلی خەیاڵ
کە ئەیبردم بۆ گۆڕستانەکانی مێژوو
لەوێ سڵاوم لە سەدان شاعیر دەکرد
لە نێو دیوانەکانیاندا
لەوێ هەزارەها جۆگەی خۆکوژم ئەبینی

لە کاتی گریانی ئاودا
لەوێ دەیان عیسای عاشقم ئەبینی
بە خاچی پەیمانی شکاوەوە
لەوێ هەزاران خەونی شیرینم ئەبینی
بەدەم رەشەبای تاڵی کابووسەوە
لەوێ هەزارەها بەهەشتی خنکاوم ئەبینی
لە بیرە دۆزەخییەکانی جەنگدا
لەوێ هەزارەها کۆتری سەربڕدراوم ئەبینی
بە کێردی شەرەفی دۆڕاوەوە
لەوێ هەزارەها باخی سووتاوم ئەبینی
بە کڵپە و گڕی عەشقی ناکام
لەوێ هەزارەها ماچی وەریوم ئەبینی
بەسەر روومەتی چرچی ژیانەوە
لەوێ هەزارەها پیاوی خراپەکارم ئەبینی
لە کاتی گوشینی مەمکی تاواندا
خۆم دابوو بە دەم تۆفانەکانی فەنتازیاوە
کە ئەیبردم بۆ کوچەکانی گوومان
لەوێ سەدان پرسیاری مناڵکارم بینی
بە دیار وەڵامەوە، ریشیان سپی ببوو
لەوێ سەدان فریشتەی خەمبارم بینی
بەدیار عەشقێکی شێتانەوە
پرچی سپییان هۆنیبووەوە

لەوێ سەدان باوەشی تەنیام بینی
لە حەسرەتدا ببوون بە پەیکەر
لەوێ سەدان دارستانی رووتەنم بینی
بۆ یەک تاکە خەندەی یار
قژی خۆیان رنیبووەوە
لەوێ سەدان مەلەوانی خنکاوم بینی
لە چۆمی شۆخە ژنێکدا نغرۆ ببوون
لەوێ سەدان دڵی شووشەیم بینی
بە بەردی دابڕان ورد و خاش ببوون
بە باڵی نەورەسەکانی ئەندێشە ئەفڕیم
بەرەو ئەو باخانەی
بە خوێنی عاشقان ئاو ئەدران
لەوێ هەزار پەپولەی لە سێدارەدراوم بینی
بە تاوانی تێپەڕین
بەناو تەلبەندەکانی حەرامدا
لەوێ سەدان چەمی وشکبووم بینی
کە لەناو دۆڵەکانی دابڕاندا خنکابوون
لەوێ هەزاران برینی تەڕ و قووڵم بینی
وەک تاڤگە هاژەیان ئەهات و
وەک کانیاو خوێنیان لێوە هەڵدەقوڵا
هەر برینێک حکایەتێکی هەبوو
یەکێکیان کریستاڵی چاوەڕوانی بڕیبووی

یەکێکی تر شوشەی مەراق تیغی کردبوو
یەکێکی تریش چەقۆی کولتوور
وەک دارکونکەرە لەشی کردبوو بە بێژنگ
لەوێ ملیۆنەها «قابیل»م بینی
کێردی بۆ کوشتنی «هابیل»
بە هەسانی ئیبلیس تیژ دەکردەوە
لەوێ چەندان شیعری هەڵوەریوم بینی
وەک فرمێسکێکی بێدەنگ
لە قەڵەمی شاعیرێکەوە دادەبارین
هەر شیعرێک داستانێکی حەزینی هەبوو
یەکێک ماچە وەریوەکانی دەگێڕایەوە
یەکێکی تر گۆرانی پەشیمانی ئەچڕی
یەکێکی تریش ئالودەبوونی
حەقیقەتی بە یەئس دەهۆنییەوە
ئەوانیتریش هەر هەموو
سەمفۆنیایەک بوون لە نائومێدیی و
پەنجەرەیەک بوون هەمیشە چاوەڕوان
ئاسۆیەک بوون هەردەم تاریک
خەونێک بوون هەمیشە بزڕکاو
پێکێک بوون لە شەرابی تێکشکان
پرسیارێک بوون بێ وەڵام
تێکست بوون، بێ هیچ خوێنەرێک

مەرگ بوون لە تابووتی ژیاندا
مەی بوون لە جامی زامدا
گریان بوون لە باوڵی پێکەنیندا
بەسەر پشتی گالیسکەی عەشقەوە
هێمن هێمن هەنگاوم ئەنا
رووەوە باخە رەنگاڵییەکانی تریفە
لەوێ تۆم بینی لە پیاڵەی خەمدا
پێک پێک شەرابی ئەوینت پێدام
لەوێ تۆم بینی ئاگرت ئەکردەوە
ئاگرێک بەربوو لە تەنهایی من و
لەو گیا وشکبووانەی رۆژانی غەریبیم
لەوێ تۆم بینی
کراسی کازیوەت لەبەردا بوو
پرشنگت ئەدا بەسەر برینەکانی مندا و
بە زەردەخەنەیەکی مۆنالیزاییەوە دەتووت
ئەی مەلولترین پیاو بەخێر بێیت
بۆ ناو ئێوارە رووخۆشەکانی من
لەوێ تۆم بینی، پەنجەرەکانی ژیانت
بە دەستەکانی ئومێد دەکردەوە و
پێت دەوتم ئەی نامۆترین پیاو
هەزاران ساڵە ئەم پەنجەرەیە
لە چاوەڕوانی تۆدا ئێشکی گرتووە

دڵی ژەنگی زەمەنی گرتووە
ئەوە منم بۆ یەکەمین جار
بە رووی تۆدا بۆ ئەبەد ئەیکەمەوە
لەویَ تۆم بینی کفنت ئەدوری
کفنێک بۆ مەراقە سەرمەدییەکانی من و
شەوە چاوەڕوانەکانی خۆت
کفنێک بۆ خەونە تاڵەکانی من و
رۆژە تفتە ناکۆتاکانی خۆت
کفنێک بۆ شیعرە وەڕسەکانی من و
خەیاڵە پەرێشانەکانی خۆت
لەویَ تۆم بینی مۆمێکت هەڵکردبوو
لە ناو شەوەزەنگی بیرکردنەوەی مندا
کاروانێکت لە خەندە بەڕیَ ئەکرد
لەناو بیابانی کاکی بە کاکی رۆحمدا
نەمامی بەرائەتت ئەڕواند
لەناو باخە گوناهبارەکانی مندا
ئۆپێرایەکی دڵخۆشت بۆ ئەخوێندم
کە بەدیار تەرمی خۆمەوە پیر ببووم
هەناسەی ژیانت خستە گیانمەوە
کە لەسەر تەلاری خۆکوشتن هەڵنیشتبووم
لەویَ تۆم بینی ئەسپەکەمت زین کرد
کە بڕیارم دابوو تا مەملەکەتی تەم

غاری پێ بدەم
ڕێگەی ئەو سەفەرە جاویدانییەت لێ گرتم
کە بڕیارم دابوو لە عەسرێکی تووڕەدا
لە نیشتمانی تەنهاییەوە
بۆ باوەشی گۆڕستان بیکەم
بەدەستی گوڵئاسات منت بردەوە
کوچەکانی عەشق و
کەناراوەکانی ئەوین
وتت ئەی کۆتری تینووی دڵداریی
لە ئۆقیانووسی عەشقی مندا
بەشی هەزاران ساڵ
ئاوی شیرینی عەشق بخۆرەوە
لەوێ تۆم بینی
وەک فریشتەیەک
لە چاوەڕوانیمدا بوویت
لەوێ تۆم بینی و
هەر تۆش ئەبینم

ئەڵمانیا - کۆڵن
٢١-٧-٢٠١٨

# ژوانێک تەڕتر لە باران

لەو شارە جەنجاڵەوە
باهۆزی عەشقم هەڵیکرد
لە ئێوارەیەکی هێمندا
کەرنەڤاڵی ئاوێزانبوونمان دەستیپێکرد
من ئەمەویست هەرچی خۆشاوی ماچە
لەسەر لێوی تۆ بیتوێنمەوە
تۆش بە چاوێکی شەرمنانەوە
باوەشت کردبوو بە پیاوێکی شێتدا
ئەو پیاوە دێوانەیەی

لەو سەری ئەوسەری دنیاوە
هاتە نێو خەونەکانتەوە
من ئەمویست، بتخوێنمەوە
وەک چۆن تینوو ئاو ئەخوێنێتەوە
ریشۆڵە رێگای کوێستانان ئەخوێنێتەوە
دەریا کتێبی چارەنووسی شەپۆل ئەخوێنێتەوە
تۆش ئەتویست، نیگام بکەیت
ئەتویست شتێک بڵێیت و هەر نەتوت
خۆ من ئەمزانی
رازی دڵە پەمەییەکەت چییە
خۆ من ئەمزانی چاوەکانت چی ئەڵێن
هەموو شتێکم
لە نیگا گەرمەکانتا خوێندەوە
دەمزانی ئەتەوێت وەک بڵێسەیەک
خۆت بخەیتە زەریای شیعرمەوە
دەمزانی ئەتەوێت وەک باڵندەیەک
لە رۆحی داگیرساوی مندا بنیشیتەوە
دەمزانی ئەتەوێت
مەشخەڵی عەشقێکی ئەبەدی
لە نێو چاوەکانی مندا داگیرسێنیت
هەموو شتێکم خوێندەوە
لە توێی دوا باوەشی بەر لە ماڵئاوایی

دەنگی شمشاڵی خۆزگەکانتم خوێندەوە
لە چاوبڕینە ناو چاوەکانم
بەهەشتێکی سەوزم خوێندەوە
من هەموو شتێک تێگەیشتم
کاتێک بە زمانی پەڵکەزێڕینە
باسی رنوە بەفری موحیبەتت ئەکرد
من خەیاڵم لەلای ئەو سروەی عەشقە بوو
لە جەمسەری باکووری دڵتەوە
بە ئەسپایی رووەو من ئەهات
کاتێک بە زمانی فریشتەیەک
حکایەتەکانی خۆت ئەگێڕایەوە
من لە ئەندێشەی تەمێکدا ون ببووم
کە تەنیا رووناکی تۆم لێ دیار بوو
کاتێک بە زمانی گوڵ
باسی ئینجانە شکاوەکانت ئەکرد
من بیرم لە لای ئەو سترانە بوو
بەناو رێگاکانی مەحاڵدا تێدەپەڕی
کاتێک بە زمانی بروسکە و تیشک
داستانی درێژی خۆت لەگەڵ
شەوە نوتەکەکان ئەگێڕایەوە
خەیاڵم پڕ ببوو لە سەرگوزشتەی
ئەو کۆترە زامدارانەی بەسەر تەرمی

دڵۆپە بارانەکاندا هۆن هۆن ئەگریان
کاتێک بە زمانی پاسارییەکان
هۆنراوەکانی مەستیت ئەخوێندەوە
من لە نێو دێڕ بە دێڕیاندا
خۆم ئەبینی، وەک ئیمپراتۆری
سەر عەرشی بەرینی ئومێد
خۆم ئەبینی، وەک گەدایەک
لەبەردەم پەیکەری ڤینۆسیی باڵات
کاتێک بە زمانی هەور
باسی ژوانێکت ئەکرد تەڕتر لە باران
من لەناو ئاونگی خەیاڵی خوسان و
توانەوەی پەشمەکی هەناسەکانتدا
وێڵ ببووم
کاتێک بە زمانی شەماڵ
باسی درەختی عاتیفەت ئەکرد
من لە نێو رووباری بەرائەتدا
وەک مەلەوانێکی بزێو نغرۆ ببووم
کاتێک بە زمانی رەیحانە
لە بارەی چنارەکانی عەشقەوە ئەدوایت
من رۆژووی مەراقە دێرینەکانم
بە جامێ شەرابی سۆزت ئەشکاند
من هەموو شتێک تێگەیشتم
لەو کاتەی بە بێدەنگی ئەدوایت و

بە هاوارەوە بێدەنگ بوویت
لەوە تێگەیشتم، ئەو قەدەرەی
من و تۆی لەم شارە نەناسە کۆکردۆتەوە
تەنها سەرکێشییەکی ئەویندارانەیە
ئەوەی من و تۆی بەیەک گەیاندووە
تەنها تەختەی شانۆی فرمێسکە
ئەوەی من و تۆی لێرە کۆکردۆتەوە
تەنها حەسرەتی درێژترین چاوەڕوانییە
ئەوەی من و تۆی پڕ کردووە لە متمانە
تەنها خەتمی کتێبە بریسکاوییەکەی
حەزرەتی جوانییە
من لە هەموو شتێک تێگەیشتم
لەو کاتەی لە باوەشمدا دەلەرزیت و
دەرزی عەشقی من لە دڵت دەچەقی
تێگەیشتم، لە عەشقێک
بۆنی کوچە گرینۆکەکانی
نیشتمانی لێدێت
تێگەیشتم، لەو پەنجەرە روونەی
لە دەلاقەکەیەوە سەیری
کۆترە یاخییەکانی گەڕەکت لێ ئەکرد
تێگەیشتم، لەو بزە بکوژەی
منی خستە ناو دارمەیتی ژیان و
لە باوەشی مانگەشەودا رواندمی

تێگەیشتم، لەو ئەسرینە روونەی
وەک جۆگە بە لای سنەوبەری
خەونەکانی مندا رەت ئەبوو
تێگەیشتم، لەو دڵە ئەڵماسییەی
سنووری غەریزە سەرشێتەکانی
منی ئەبڕی
من لە هەموو شتێک تێگەیشتم
لەو کاتەی وەک زریان هورژمم هێنا و
تۆش وەک کەفی دەریا
سپی هەڵگەڕابوویت
من تێگەیشتم، ئەو ئەستێرەیەی
لە ئاسمانی مندا دەرکەوتووە
نەوەی رەسەنی ئاهورامەزدایە
تێگەیشتم، ئەو پەرییە ژنەی
ئاسۆی تاریکمی رووناک کردۆتەوە
ژنێکە لە جنسی بەهار و
یەکەمین ژوانمان خوسان بوو
تەڕتریش بوو لە باران

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
کۆتایی هاوینی ٢٠١٨

# ئەو ژنەی بوو بە ئەستێرە

بۆ فەریبا قازی لە یەکەم ساڵیادی سەفەرە ئەبەدییەکەیدا *

**ژیان چەند دڵڕەقانە**
**رووی لێ وەرگێڕایت و**
**مەرگ چەند روو قایمانە**
**هاتە سەر ڕێی تەمەنت**
**من لەوێدا بووم و**
**دەستم لەسەر دڵم دانابوو،**

دەمزانی خۆت بۆ ئەوە ئامادە کردووە
ببیتە ئەستێرە و
لە شەوانی بێ ئۆقرەی تاریکا
نەرمە نیگامان تێبگری
تاکو بە چاوی تەڕەوە سەیری
سیمای سیحراویت بکەین
سەفەرت کەوتە ئەو پایزەی
بە فرمێسکەکانمان پەڵەی دا و
لە ناو گۆڕستانی ژیاندا
ئاگری خەمت بەربوو لە گیانمان
لە زەردەخەنەکەت دەگەڕێین و
لە هیچ جێگەیەک نایدۆزینەوە
لە میهرەبانیت دەگەڕێین و
لەهیچ سەر زەمینێک سۆراغی نییە
لە شۆخ و شەنگیت دەگەڕێین و
لە هیچ شوێنێک جێنەماوە
لە تۆ دەگەڕێین و
بێئاگا لەوەی ئەوەی ون بووە ئێمەین
ئای ئەستێرە ژن
تۆ بە زمانی پەتیی ژیان ئەدوایت
نازانم چۆن تەمومژی مەرگ
تەفسیری کردیت؟

ئای شەنگە ژن
تۆ خەونێکی سەوزی کریستاڵیی بوویت
نازانم چۆن مەرگ
دەستی چووە وردوخاشکردنت؟
ئای کۆترە ژن
خۆ تۆ کانییەکی یاخی نیشتمان بوویت
نازانم چۆن مەرگ
توانی دەست بخاتە بینەقاقاتەوە؟
ئای ئاوە ژن
خۆ تۆ سەرت خستبووە
سەر سەرینی ئومێد
نازانم چۆن مەرگ
گەڵای هیواکانی هەڵوەراندیت؟
ئەمێستا جگە لە زمانی گریان
زمانێکی تر شک نابەم
تاکو وەسفی پێکەنینی پڕ لە مۆسیقات
بۆ خودا بگێڕمەوە
ئەمێستا جگە لە فڵچەی هەنسک
هیچ فڵچەیەکی تر شک نابەم
تاکو پۆرترێتی مۆنالیزاییت بکێشم و
وەک میدالیا بیکەمە ملی گەردوونەوە
جگە لە سەیری ئاسمان،

هیچ سەیرکردنێکی تر شک نابەم
تاکو لەبەر رووناکی ئەستێرەیتا
شیعرێ بۆ هەڵوەرین بنووسمەوە
ئەمێستا جگە لە مارشی غەمگینی،
هیچ مارشێکی تر شک نابەم
تاکو بیکەمە گۆرانی
بۆ ئەو چۆلەکانەی
ئاسمان دڵیان دەشکێنێ
من و تۆ، لە پایزێکی هێمنا
لە هەیوانی غوربەتا پێک ئاشنا بووین
هەر ئەودەمە بوو باخچە
بە دواتدا دەگەڕا و
هەواڵی لە گوڵە رەنگ پەڕیوەکانی
ئەم غەریبستانە ئەپرسیت و
دەیەویست لە مەوسومی وەریندا،
سەوزایی تۆ بینایی رۆشن بکاتەوە
من و تۆ،
لەو تەماشاکردنەدا یەکترمان ناسی
کە رەنگەکانی ژیانم
لە چاوە خومارییەکانی تۆدا دۆزییەوە و
تۆش وەک شازادەیەکی غەمبار
لاوکت بۆ گوڵدانێکی شکاو دەچڕی

هەر ئەو ئێوارەیە بوو
دەریا بە دواتا وێڵ و شەکەت ببوو
چاوی بڕیبووە یەک بە یەکی
کەشتییەکانی خەیاڵ و
پێی خۆش بوو
لەبەردەم جوانیتا بنووشتێتەوە
من و تۆ،
لەژێر سێبەری دارمێوی چاوەڕوانیدا
یەکمان دۆزییەوە و
لێوی هەناریت بۆ قوومێ ئاوی
چەمی نیشتمان
بڵێسەی ئەدا
هەر ئەو عەسرە بوو،
بەفر بە گۆچانی دەستی و
ریشی سپییەوە لێت ئەپاڕایەوە،
دەستی بگریت
بۆ ناو گەرمیانی دڵی خۆت
پیرە درەختی پێکەنین
بۆ تاڵێک لە زەردەخەنەکەت
کڕنووشی دەبرد و
بارانیش تکای ئەکرد
بۆ هەمیشە لە چاوەکانتا خۆش بکاتەوە

من و تۆ ،
لە ژێر کەپری چەند جار
رووخاوی دڵدا یەکترمان ناسی
هەر ئەو رۆژە بوو ، باڵندەیەکی کۆتکراو
لەژێر عەبای رەشی شەرمەوە هانای هێنا
رۆحی بیماری بە پرشنگی عەشق تیمار بکەیت و
بە چرپەوە پێیوتی ژوانمان لە ئاسمانە
ئەو دەمەی تۆ ئەبیت بە ئەستێرە
ئاگرێکی یاخی خۆی کرد
بە چەمی هێمنی هەستەکانتا و
تاکو دامرکایەوە لەو چەمە
پڕ میهرەبانییەدا مەلەی کرد
ئای پەروانە ژن
تۆ بوویت ئێوارەکانت پڕ کردین
لە هەڵاتن کە لە ئاوابوون تۆقیبووین
بەیانییەکانت پڕ کردین لە گوڵ
کە تەمی جەنگ ئاسمانی گرتبووین
رۆژەکانت پڕ کردین لە گۆرانی
کە لە بەردەم ئەویندا کاس ببووین
شەوانت تەژی کردین
لە چرای دەم بەخەندە
کە تاریکی لووشی دابووین

ئای شۆخە ژن، سەفەرت نەکرد
بۆ ئەو وێستگەیەی چاوەڕوانمان دەکردی
بە تەنها رۆیشتیت
پێچەوانەی ئەو رێگایەی
گوڵچنمان کردبوو لە بەردەمتا
دوورکەوتیتەوە لەو سەر زەمینەی
ویژدانی تۆپیوی مرۆڤ بڕستی لێ بڕیوە
چوویتەوە بۆ باوەشی ئاسمان و
لەوێ بوویت بە گەشترین ئەستێرە

ئەڵمانیا – کۆڵن
نۆڤەمبەری ٢٠١٧

*فەریبا قازی، لە رۆژی ١٣–١١–٢٠١٦ بە نەخۆشی سەرەتان لە شاری سیدنی– ئوستراليا ژیانئاوایی کرد.

# یەک سەعات دوای عاشقبوون
# یەک سەعات پێش مردن

**عەشقت**

**عەشقی تۆ بوو**
**دەستی لە من وەشاند**
**شێتانە و بێ ئامانج رێ دەکەم**
**ناگەمەوە بە هیچ**
**جگە لە خەمەکانی خۆم**
**ناگەمە هیچ کوێ**
**جگە لە جەهەنمی خۆم**

من مانگەشەوی تۆ
وێڵ و شەیدای کردم
نەمزانی ئەو هەموو
لاواندنەوەی من
وەک وەڕینی سەگ لێکدەدرێتەوە
ئیتر من ئەڕۆم
مۆمی تەمەنم
بەدەستی خۆم ئەکوژێنمەوە
چاوی چرای بینایم
کوێر ئەکەم
عەقڵم رەوانەی
شێتخانەیەک ئەکەم
هەستەکانیشم
لە گۆڕێکی تەنگ و تاریکدا
بە خاک دەسپێرم
****

**هەرەس**

ئەو دەمەی
وەک شاخێکی بەفرین
هەرەسم هێنا
تۆ لە ماڵی خۆرەوە

له پەنجەرەی خەمەوە
لێت ئەڕوانیم
ئەو ساتەی لە ئامێزی غروبدا
وەک تیشکی رۆژ
کەوتمە دەریای ئازارەوە
تۆ لەگەڵ کازیوەدا
وەک خانمی سوورپۆش
بێهودە لە چاوەڕوانیما بوویت
من ئیتر بە تۆ ناگەمەوە
بەڵام تۆیت
فریودراوی وەهمەکانی خۆت
لە کاتێکدا، من
وەک خەیاڵێکی کورت و خۆش
هاتمە نێو
شەوە کابووسییەکانتەوە
هەر تەنها جارێک هاتم و
هیچ کات دووبارە نابمەوە
****

ئەڕۆم
من ئەڕۆم دواجارە گوێتان
لە نرکەی شیعرەکانم بێت

دواجارە ئازارەکانم ببیستن
ئەیدەم بەدەم ڕەشەبای سەفەرەوە
دواجارە ژوانتان لەگەڵ ببەستم
یادگاریی هەموو ژوانەکانم
ئەچنە بیری بێ بنی بیرچوونەوەوە
دواجارە من لەسەر ڕێی
ئەم گۆمە تەڵخەی ژیان ببینن
سەفەر ئەکەم، سەفەری بێ گەڕانەوە
بەرەو دوورگەی تەم و ونبوون
بەرەو باخچەکانی عەدەم
بەرەو هیچ
****

**لێم ببوورە**

ئەی نیشتمان لێم ببوورە
قاچەکانم هێزیان تێدا نەماوە
پیاسەیەک بە باخەکانی
ڕۆحتدا بکەمەوە
لێم ببوورە ئەی نیشتمان
بینایی چاوەکانم
کوێر بوونەتەوە
ناتوانم نیگا گەرمەکانم

لە کانیاوەکانت بگرمەوە
لێم ببوورە ئەی نیشتمان
دەستم چیتر
قەڵەم ناگرێت، تاکو
شانامەی سەربڵندیت بنووسمەوە
لێم ببوورە ئەی نیشتمان
هەناوم پڕ بووە لە گڕی غوربەت
چیتر ناتوانم
لێوی وشکم لە چەمی لێوی
کچە چاو قەترانییەکانتدا
تەڕ تەڕ بکەمەوە
****

بۆ «تاڤێن»ی کوڕم
دوای من نەهێڵیت
ئەو مەشخەڵی شیعرە
خامۆش بێت
دوای من نەهێڵیت
ئەو کانییە روونەی عەشق
لێڵ و کوێر بێتەوە
دوای من نەهێڵیت
ئەو خەونە جوانانە

پڕ بکرێن لە کابووس
دوای من نەهێڵیت
ئەو کۆترە جوانەی ئەوین
لە ئانی فڕیندا بکەوێتە خوارەوە
دوای من نەهێڵیت
ئەو پەرستگا پیرۆزەی دڵداری
بە ڕەهێڵەی درۆ بڕوخێ
دوای من نەهێڵیت
ئەو رووبارەی ڕۆژهەڵات
بەرەو باشوور لە ڕۆشتن بکەوێ
دوای من نەهێڵیت
گەڵای هیچ درەختێکی
ئەو باخچە رووخۆشەم بوەرێ
****

**ئەگەر**

ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە مردنە
ئەوا دەمرم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە سووتانە
ئەوا دەسووتێم

ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە فڕینە
ئەوا دەفڕم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە قوربانییە
ئەوا قوربانیم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە زەحمەتییە
ئەوا زەحمەتکێشم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە گریانە
ئەوا دەگریم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە یاخیبوونە
ئەوا یاخیم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە توانەوەیە
ئەوا دەتوێمەوە
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە مەستبوونە
ئەوا مەستم
ئەگەر عەشقی تۆ

پێویستی بە بێدەنگییە
ئەوا بێدەنگ دەبم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە ژیانە
ئەوا دەژیم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە دێوانەییە
ئەوا دێوانەم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە پێکەنینە
ئەوا پێدەکەنم
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە شەپۆلە
ئەوا من دەریام
ئەگەر عەشقی تۆ
پێویستی بە رۆشتنە
ئەوا ناڕۆم
هەرگیز ناڕۆم
هەرگیز ناڕۆم
هەرگیز
****

**خەون**

دوێنی شەو
بە کراسێکی تەنکی پەمەییەوە
هاتیتە خەونم
مەمکە هەناربیەکانتم
توند توند گووشی
تک تک
هەناراوی چێژمان
بەسەر یەکدا ئەباران
لێوەکانت پشکۆی داگیرساو بوون
لە نێو چەمی دەمی منا
خۆیان فێنک کردەوە
لەشت هێندەی رنوە بەفر
ناسک و تەزیو بوو
بە خۆرەتاوی جەستەی من
ورد ورد توایەوە
ماچەکانت منیان
لە فێی تەنهایی
ئارام ئارام کردەوە
لێوی حەزیشم
لە سێوەکانی سینگت
گیر کردبوو

لەو خەونە خۆشە
هەرگیز بێدار نەبوومەوە
****

**تریفەیەک لە عەشق**

تۆ هەروەک ئەو شەرابەی سوورەی
لەگەڵ یەکەم پێکدا
مەستم ئەکەیت
مەستبوونێک تا ئەودیو
سنوورەکانی لەزەت
تا باخچەکانی نێو
پرچە رەشەکەت
تا مژینی قۆخی گۆنا و
تامی ماچی مرەباییت
تا سەرخەوشکاندنێک
لە بناری مەمکەکانتا
تا شۆڕبوونەوە
بە سنەوبەری ئارەزووەکانتا
تا سەماکردن لەبەر
باراناوی جەستەمان
کە دڵۆپ دڵۆپ ئەبارێت
تا گووشینی نەرمایی ران و

خواردنەوەی هەناسەیەکی گەرمت
بە دەمی پڕ لە ئاوبووی حەسرەتم
تا توانەوە لە ژێر
لێفەیەکی سوورباو و
لە دایکبوونەوەیەکی تر
لە رامووسانی یەکتردا
ئاه تۆ ئەو شەرابە سوورەی
خوێنم رەنگی گرتوویت و
لە ئامێزی نێرگزیتدا
کوڵ و کۆم دائەمرکێتەوە
****

**شەوێکی ئیرۆسی**

شەوێک دێم ئاونگی ژنێتیت ئەخۆمەوە
لە نێو خەیاڵی حەزە ئیرۆسییەکانما
تاجی شاژنت لەسەر ئەنێم
لەسەر عەرشی رامووسان و ئاوێزانبوون
وەک ئیمپراتۆرێک ناوت ئەهێنم
لە پەرستگەی هەمیشەی ئاوەدانی دڵمدا
وەک خودای جوانی سەرت بۆ دائەنەوێنم
لە ماچستانی مەمکە لیمۆییەکانتدا
بۆ ئەبەد خۆم لە بناریاندا ئەگەوزێنم

له باوەشی پڕ لەزەتی هەردەم بەهارتدا
بە چەشنی بولبول بۆ دڵی نەرمت ئەخوێنم
****

**عاشقی ژنێکم**

ژنێکم خۆش ئەوێ
هەر کاتێک باسی کۆتایی دەکەم
ئەو سەرەتایەکی ترم نیشان ئەدا
سەرەتایەک لە چڕینی گۆرانی
بۆ خوێنی شەپۆلە کوژراوەکانم
سەرەتایەک لە هێورکردنەوەی بارانەکانم
لە نێو باوەشی بەهاریی خۆیدا
سەرەتایەک لە ژەنینی تەمبور
لەسەر تەرمی خەونە بزربووەکانم
سەرەتایەک لە سڕینی ئەسرینەکانم
بە ئاوریشمی ماچە تامەزرۆکانی
سەرەتایەک لە خوێندنەوەی
لاپەڕەکانی ڕۆژانی تەنهاییم
سەرەتایەک لە ڕاگرتنی ئاوابوونم
لە نێو هەتاوی پرچی خۆیدا
من عاشقی ئەو ژنەم
****

**مردن**

**ئەوکاتەی ئەمرم**
**مەلێکی گەڕۆک تەرمەکەم ئەناسێتەوە**
**ئەڵێت، ئاە خودایە**
**ئەمە کوڕی ئاسمانی ئێمە بوو**
**بەرەو ئاسمانێکی تر فڕی**
**وا بزانم ئاسمانی عەشق بوو**
**لەوێ پێش ئەوەی**
**بگاتە بەهەشتی باوەشی یار**
**راوچییەکی سەرشێت**
**کە ناوی دڵشکان بوو**
**گوللەیەکی لە دڵی دا و**
**بەر بووەوە سەحرای مەرگ**
**ئاە خودایە**
**چەند بەدبەخت بوو!**

********

**تاران – بیلەفیڵد – ستۆکهۆڵم**
**ئابی ٢٠١٧ – تەمووزی ٢٠١٨**

# بەدیار خۆمەوە پیر بووم

**من چیم داوە**
**لە هەڵکورمان بە دیار خەونێکی نەمەییوو و**
**حنجەکردنی سەرهەڵگرتنی پەروانەیەکی بێزار؟**
**خۆ من هێشتا پەشمەکی عەشق**
**لە نێو دەممدا نەتواوەتەوە**
**هێشتا نەباریومەتە سەر دڵی ژنێک و**
**شیعرم بۆ گوڵێکی سەربڕاو نەنوسیوە**
**هێشتا بۆنی مەنفا لە هەناسەکانم دێ و**
**ڕەنگی نیشتمان لە چاوەکانمدا ون بووە**
**ئەبێت خۆم لە کۆشی گۆرانییەکدا بدۆزمەوە**

ئینجا گیتار بۆ پەڕەسێلکەیەک بژەنم
ئەبێت فێری زمانی دەریا بم
ئینجا مغازەلەی مانگ بکەم
ئەبێت سەفەر بکەم بۆ دوورگەکانی بەهار
ئینجا سەوزیی دارستان بخوێنمەوە
من کە بە ژانی بیرەوەرییەوە مردووم
لە کوێ دەستم ئەگات بە هەنگوینی ئایندە و
لە باوەشی کام ئەستێرەدا
دوێنێ تاڵەکانم بنێژم؟!
لە کوێ ئێستای خۆم بدۆزمەوە؟
کە من لە کۆڵانەکانی بەرائەتی منداڵی و
پاکیزەیی زەمەنێکی بەسەرچوودا ون بووم
خۆ هێشتا لە ئاو تێنەگەیشتووم
چۆن خۆم بخەمە شەڕی بارانەوە؟
خۆ هێشتا بە ئاشکرا نامەم بۆ گوڵێک نەناردووە
چۆن دڵی باخێکی قاچاخ رازی بکەم؟
خۆ هێشتا خولیای سەفەر مێشکی نەگرتووم
چۆن بگەمە ئاسمانی سەرسامی ژنێک؟
بە چەند چەپکە شیعری قەرەجی
رێی سەفەری نەورەسێک بکەمە پەلکەزێڕینە؟
من کە هێشتا بە برینی رابردوو خۆم دەشۆم و
لە ئاوێنەی ئازاردا تەماشای خۆم دەکەم

چۆن ئەتوانم ئەستێرەکان ڕاو بکەم و
بیکەمە گەردانەی تیشک بۆ ملی شەو؟
من کە هێشتا کچێکی نیمچە ڕووت
لەسەر کورسی حەزم دانەنیشتووە
چۆن ئەشکەوتی بیرکردنەوەم
پڕ پڕ دەبێت لە مۆمی گەشبینی؟
من کە هێشتا سڵاوم لە پایز نەکردووە و
خۆم لە قەرەی ئاگری سەرکێشی نەداوە
چۆن ئەتوانم داوای ڕووتبوونەوە لە درەخت و
سووتان لە پەپولەیەکی بەرزەفڕ بکەم؟
من کە هێشتا لە هەڵقرچانی دڵ ئەترسم و
شەرم بە لەزەتی هیچ گزنگێک نەفرۆشتووە
چۆن ئەتوانم ببمە ئاگربازترین کۆتر و
قژی درەختێکی ترساو دابهێنم؟
من کە هێشتا مەلێکی بێ باڵ و
دەستەمۆی وەهمەکانی خۆمم
چۆن ئەتوانم بفڕم
بۆ حەوتەمین ئاسمانی عەشق و
سەبەتەی مێشکم پڕ بکەم
لە سێوی هەقیقەت؟
من کە هێشتا لە زمانی دەریا تێناگەم و
توانای نووسینی چامەیەکم نییە

چۆن ئەتوانم تریفە بلاوێنم و
تۆزی غەریبی لە شانی
کلوە بەفرێکی نامۆ بتەکێنم؟
من کە هێشتا زیکری عەشق نازانم و
گوێم پڕ نەبووە لە سەمفۆنی هاژە
چۆن ئەتوانم ببمە
دەروێشی تەریقەتی حەزرەتی یار و
دڵی تاڤگەیەکی هەناسەسارد بدەمەوە
لە کاتی ڕژان بەسەر خەمدا؟
هەر چۆنێک بێت
شەوێکی هێمن و ڕۆژێکی مەستم نییە
تا بورکانی سەفەری تێدا بحەسێتەوە
هەر چۆنێک بێت
ئیمپراتۆرێکی رووت و ڕەجاڵم
لەشکرێکم نییە دەست بگرێت بەسەر
قەڵاکانی غەمگینی دا و
قەلەڕەشی بێهودەییم بۆ دیل بکات
هەر چۆنێک بێت
ماڵێکم هەیە، بەڵام بێ پەنجەرە
کە ناتوانین لێوەی بڕوانین بۆ
بۆ باخەکانی داهاتوو
ماڵێکم هەیە، بەڵام بێ باڵکون

که ناتوانین لێی دانیشین و
ترپەکانی دڵمان بژمێرین
ماڵێکم هەیە، بەڵام بێ باخچە
که ناتوانین تێیدا
تۆوی زەردەخەنەی منداڵی بچێنین
یان جەستەی شەرمی تێدا بنێژین
هەر چۆنێک بێت
ئاوێنەیەکم نییە، نا ئاوێنەم نییە
وێنەی شێتییەکانی خۆم و
هەنگاوەکانی سەفەری تێدا ببینم
ئاوێنەیەکم نییە، نا ئاوێنەم نییە
سیسبوونی گوڵەکانی عەشق و
رژانی شەرابی پەشیمانی تێدا ببینم
ئاوێنەیەکم نییە، نا ئاوێنەم نییە
خنکانی ماسییە پەمەییەکانی ئومێد و
گیانەڵای شەپۆلەکانی حوزنی تێدا ببینم
هەر چۆنێک بێت
پاڵتۆیەکم نییە چەرمەکەی بیرچوونەوە بێت
تاکو چۆلەکەی تەزیوی بیرەوەریی و
لەشی سەرمابردەی چاوەڕوانی
تێدا گەرم گەرم بکەمەوە
هەر چۆنێک بێت

فانۆسێکم نییە، فانۆسێکی رووخۆش
تا بەر پێی گوومانی پێ رووناک بکەمەوە و
لە ژێر پرتە پرتی چاویدا
چنگ لە عەرشی شەوی غەریبی گیر بکەم و
بیخەمە ژێر پێی سپێدەی نیشتمانەوە
هەر چۆنێک بێت
گۆچانێکم نییە، نا گۆچانم نییە
بیکەمە عەساکەی موسا و
«نیل»ی تەمومژی ژیانی پێ شەق بکەم
یان بۆ ئەوەی بەسەر پردی خەیاڵ
تا ئەوبەری دڵنیایی پێی بپەڕمەوە
هەر چۆنێک بێت
هیچ چاویلکەیەکم نییە، نا چاویلکەم نییە
تاکو رۆمانی هەوری پێ بخوێنمەوە و
لە لاپەڕە تەڕەکانیدا بارانێک بناسمەوە
کە بەر لە هەزاران ساڵ بەسەر
باڵای باڵندەی سەفەردا باریوە
هیچ چاویلکەیەکم نییە، نا چاویلکەم نییە
تاکو قەسیدەیەکی زامداری پێ بخوێنمەوە و
لە دێڕەکانیدا گریانێک بدۆزمەوە
منداڵی بلاوێنێتەوە و ماچی گۆنای ئێستا بکا
هەر چۆنێک بێت

کەنارێکی پڕ لە گۆرانیم نییە
تا کەشتییەکانی غوربەت قورگیان پڕ بکەن
لە میلۆدی گەڕانەوە بەرەو نیشتمان
یان ببێتە لاوکی ئەو موسافیرانەی
نیشتمانیان کردە جانتای سەفەرەوە
و بە دوای بەهەشتی مەنفادا رۆشتن
بەڵام پێیان خزایە دۆزەخی تەنهاییەوە
کە ئێستا سروودی دەربەدەریی
بە گوێی ئەو باڵندانەدا دەچرپێنن
سەفەریان رووەو گەرمەسێری وەتەنە
هەر چۆنێک بێت
پێنووسێکم نییە وەک باران تەڕ
سەربردەی پیاوێک بنووسێتەوە
لە مێژە لافاوی ئەوین بردوویەتی و
خۆی بە لکی شیعرەوە گرتۆتەوە
هەر چۆنێک بێت
پێنووسێکم نییە سەوز وەک بەهار
مێژووی زەردهەڵگەڕانی هەقیقەت و
وشکبوونی گەڵای خەیاڵ بنووسێتەوە
یان لەسەر دەفتەری مانگەشەو
وێنەی ئەو پرسیارە گوناهانە بکێشێ
ماسییەک لە کاتی سەرهەڵگرتندا

لە کەناراوەکانی دەکات
هەر چۆنێک بێت
پێنووسێکم نییە، سەوز وەک چاوم
لەسەر بەرگی ژیان پێی بنووسم
تۆ چەند دڵڕەق بوویت لەگەڵم
لەناو گریاندا نیشتەجێت کردم و
رێت لە فڕینی کوندەپەپوی ئازارکانم گرت
لێ نەگەڕایت
تۆزێک تامی مرەبای گەنجی بکەم
ئەوەتانێ بەدیار خۆمەوە پیر بووم
هەر چۆنێک بێت
ئەو دەمەی دەبوو ببمە باران
خودا کردمی بە بیابان
ئەو دەمەی دەبوو ببمە دەریا
لە حەوزی نەفرەتدا خنکام
ئەو دەمەی دەبوو بیر لە عەشق بکەمەوە
ئازار بیری لێ ئەکردمەوە
ئەو دەمەی دەبوو بە ئازادیی بفڕم
کاسەی سەرم لە ناکاو بوو بە زیندان
هەر چۆنێک بێت
تەمەنی خۆمم لە نێو شیعردا دۆزییەوە
فرمێسکەکانی خۆمم لە چاوی یاردا بینی

که ببوونه ئۆقیانووسێک لە بیرەوەریی
تەرمی خۆمم لە گۆڕستانی عەشق ناسییەوە
ئەوسا تێگەیشتم عەشق یوسفێکە
هەزاران ساڵە گورگی درۆ خواردوویەتی
هەر چۆنێک بێت
عەشق نەیکووشتم
و بە دیار خۆمەوە پیر بووم

ئەڵمانیا - بیلەفێلد
«نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس»
سێپتامبەری ٢٠١٨

# چیرۆکی خۆمتان بۆ ئەگێڕمەوە

پێش ئەوەی ئەم هەموو ئەسەفەی غوربەت و
دڵ هەڵقرچانەی وڵاتی بەستەڵەک بمکوژێت
دەفتەرێکی تەزیو دەهێنم
بە قەڵەمی بەفر وەسێتنامەیەک ئەنووسم
لە توێی هەر لاپەڕەیەکدا
چیرۆکێکی سارد گەرم ئەکەمەوە
بێ ئەوەی بیرم بچێت
لەم دنیا پان و بەرینەدا

بێ ناونیشانترین پیاو و
ونبووترین شاعیرم
چیرۆکی خۆمتان بۆ ئەگێڕمەوە
خۆ من حکایەتێکی خۆش و
سەربردەیەکی بەختیارم نییە
نازانم چی بگێڕمەوە و
بۆچی ئەتانەوێت دڵی خۆم بکەمەوە؟
تەنیا ئەم وەسێتنامەیە
چیرۆکی پڕ ئێشی کۆترێکی غەریبی
وەک منی لە خۆ گرتووە
لە رۆژێکی تەنها و لێڵ
لەسەر زەوی تاریکیی لە دایک بووم
هەموو ژیانم سوڕانەوە بوو
لە بازنەی داخراوی خۆمدا
رۆژەکانم هەر هەموو هەتیو بوون و
شەوەکانم بێزار و بێ بزە
کوخێکم هەبوو بێ پەنجەرە
نەمدەتوانی تەماشای ئایندەی لێوە بکەم
دوو دەستم هەبوو لە هەڵم
نەمدەتوانی سەری غەمبارمی پێ هەڵگرم
دوو قاچم هەبوو چەقیو
نەمدەتوانی بەسەر پردی خۆشنودیدا

پێی بپەڕمەوە
دوو چاوم هەبوو بێ بینایی
نەمدەتوانی فڕینی نەورەسەکان ببینم
دڵێکم هەبوو هەمووی زام
نەمدەتوانی بەو هەموو پینەیەوە
بیکەمە کراسی بوکێنی ژیان
ئەوەی هەمبوو لە تەمەندا
سێ چوار قەڵەم بۆیەی رەش بوو
رەنگی هەر تابلۆیەکم دەکێشا
تۆپەڵێک رەشایی دەرئەچوو
رەنگی هەر ئارەزوویەکم دەکرد
شێوەی دەچووە سەر
لافیتەی رەشی پرسەکان
هەر شیعرێکم پێ ئەنووسین
کزەبایەکی بێکەس بوون و
ئادرەسیان نەبوو لە هیچ
دیوانێکی لێو تەڕدا
بەلەمێکم هەبوو کون کون
هەزاران شەڕی بینیبوو
نەمدەتوانی سەفەری پێ بکەم
بە ناوی دەریای زەمەندا
چرایەکم هەبوو سەرکز

پێکەنینی بە ئازارەکانم ئەهات و
نەیدەتوانی ئەو هەموو تاریکییە
دەرک بکات کە لە رۆحمدا هەبوو
تەیرێکم هەبوو ناوی پێکەنین بوو
هیچ کات لەسەر چڵی لێوم نەنیشتەوە و
نەهاتە ناو قەفەسی دڵمەوە
خەیاڵێکم هەبوو، ناوی مۆتەکە بوو
هەموو کات گوڵە گەنمی زەردەخەنە و
چۆلەکەی عەشقی ئەتۆقاند
خەمێکم هەبوو، هاوڕێی هەمیشەیی و
بەوەفاترین هاودەمی عومرم بوو
هەمیشە وەک راوچییەک
ساتە بەختیارەکانی راو دەکردم
کاتژمێریکی کۆنم هەبوو
لە باپیرمەوە بۆم بەجێمابوو
چرکە بە چرکە غەمەکانمی دەپێوا و
تا مردیش رووبەکی خۆشم لێ نەبینی
خەنجەرێکی دەم تیژم هەبوو
پاشماوەی خێڵی برین بوو
لە بری ئەوەی جەرگی تەنهاییم بدڕێ
هەموو کات دەچەقییە نزاکانم
ئەو نزایانەی بۆ باران دەمکردن و

پڕ پڕ بوون لە ویستی زیندوو بوونەوە
ئاوێنەیەکم هەبوو
هەروەک رۆحی خۆم درزی بردبوو
هیچ کات بزەیەکی بەسەر لێومەوە نیشان نەدا
هیچ کات هەستی ئاوریشمی
پیاوێکی غەریبی وەک منی نەبینی
بەرلەوەی ئێوارەیەکیش بگەمەوە پێی
بەقەد دیواری غەمەوە بەربووەوە و
هەپروون بە هەپروون بوو
گۆرانییەکم هەبوو گرینۆک
هەموو تەمەنی لایلایە بوو
بۆ عەشقێکی تاکلایەنەی بابردوو
رۆژێک نەمبینی باسم بکات و
سوکنایی ببەخشێت بە دایکم
کە تا مردیش دوعای بینینەوەی منی ئەکرد
باخێکم هەبوو زۆر پیر ببوو
هەرچی تۆوێکم تێدا ئەچاند
هەر بەری نائومێدیی ئەگرت
هەر چی دارێکم بە درەختی
پێکەنینەوە موتوربە ئەکرد
لە کۆتاییدا ئەبووە شۆڕەبی گریان
هەرچی خەیاڵێکم تێدا ئەڕواند

تەنها ورد و خاشبوونم تێدا ئەدورییەوە
پاسکیلێکم هەبوو ڕەنگ سەوزی قەزوانی
ئەیبردەمە لای میکانۆکانی منالّی و
مەرکانە شکاوەکانی حەوشەی
گەڕەکی تەنگەبەری بیرەوەریی
ئەسپێکم هەبوو سەرکێش لە غاردا
جارێک پێی ئەڕۆشتم
بەرەو کەرنەڤالّی پەروانە مەستەکان
لەناکاو گلام و بەربوومەوە
ناو سەحرای زەمان و
هەرچی تووتڕکی دلّڕەقییە
بە خەونە ئالّەکانمەوە نوسان
جارێکی تریش پێی ئەچووم
بۆ کەناراوەکانی شیعر
کە لەوێ خەلّک بەچاوی دلّ
سەیری دنیا ئەکەن
لە ناکاو لەسەر پشتی بەربوومەوە
بۆ ناو کێلّگە سەرابییەکان و
کۆماری موحیبەتە سەربڕدراوەکان
گیرفانێکم هەبوو، قوولّ قوولّ
زۆر جار پڕم دەکردن
لە مێوژی هەقایەتە خۆشەکانی داپیرەم

هەر کاتێک دەستم ئەکرد بەناویدا
هەقایەتێک دەربهێنم
داستانێکی تاعوناویی خۆی قووت دەکردەوە و
گیرفانی ئارامیی ئەدڕاندم
کۆترێکم هەبوو، نامەبەر
هەموو کاتێک نامەکانی دڵمی
ئەگەیاندە ئەو ژنانەی
لەسەر ڕێگای تەمەنم ئەوەستان و
چاوەڕوانی ئاوڕدانەوەیەکی جیاواز و
چاوداگرتنێکی عاشقانەم بوون
جارێک کۆترەکەم نامەی برد
بۆ ژنێک کە دەنگی سازی ئەوین
نەڕژابووە ناو هەستەکانی
ئەم ژنە دواجار بوو بە غوباری
ناو لاپەڕە بۆرەکانی زەمەن
جارێکی تر کۆترەکەم نامەی برد
بۆ ژنێک کە بەیانیان
مۆسیقای عەشقی ئەژەند و
ئێوارانیش گۆرانی بۆ دڵنیایی ئەچڕی
ئەم هەر زۆر زوو وتی
من لە کوێ تاقەتی پیاوێکی شێتم هەیە
کە دەفڕەنی خانەقای سەرکێشییە

ئەمجارە کۆترەکەم نامەی برد
بۆ ژنێک رووخساری سیحر و
دەنگیشی قاسپەی کەو بوو
هەموو ژیانی لە نێو سەما و
فڕین لەگەڵ باڵندەی بەختەوەریدا
بەسەر بردوو
ئەمیش، هێندەی نەبرد
بە دەنگێک کە لە رەگەزی دڵڕەقی بوو
وتی، من بۆچی ئەبێت
مەراقەکانی ئەو لەناو جۆلانەی
خۆشبەختی خۆمدا راژەنم؟
وەک خۆری دەم کەلی ئێواران
خۆی لەناو تاریکیدا حەشاردا
کۆترەکەم ماندوو بوو
هەرچی نامەی منی گەیاند
یان بە دڕاویی ئەیهێنایەوە
یاخۆ لەناو زەرفی نامەکەدا
دڵی شکاوی منی ئەگەڕاندەوە
ئەو جارە، کۆترەکەم نامەی برد
بۆ ژنێک کە زامی غەریبی
هەموو گیانی کون کون کردبوو
هێشتا ئاسەواری فرمێسک

به چاوەکانییەوە دیار بوون
ئەو ژنێک بوو لە قەبیلەی میهرەبانی و
تیرەی هەتاو
ئەو هەرگیز بەردی نەگرتبووە
شوشەی دڵی هیچ گوڵێکی شەیدا
هیچ کات نوێژی عەشقی
بە هیچ بارانێکی سەوداسەر نەبڕیبوو
لە چاوەکانییەوە تیشک و
لە رۆحییەوە کانییەک لە جوانی هەڵدەقوڵا
ئەو هەر زۆر بە خێرایی
نامەکەی دڵمی قبوڵ کرد
ئەو زۆر زوو لە ناخمدا
دەستیکرد بە تەقینەوە
ئەوەی هەمە لە ژیاندا، ئەو ژنەیە
کە بە چاو تروکاندنێک
ئاگر لە دەشتی عاتیفەم بەر ئەدا
بە یەک بزەی سەر لێوی
دەریای مەنگی شیعرم
ئەخاتە مەوجدان
ئەمێستا، ئەو پێکەنینەکانم
لەگەڵ بەش دەکات و
فرمێسکەکانم دەبات بۆ خۆی

ئەمێستا، ئەو لەزەتی ماچم
پێدەبەخشێت و
تاڵەییەکانی وجودم دەبات بۆ خۆی
ئەمێستا، شەرابی لەزەتم
پێ ئەنۆشێ و
غەمەکانم دەخاتە کۆڵی خۆی
ئەمێستا ئەو ژنە
منی لە کەلاوەی ژیاندا
هەڵگرتۆتەوە بۆ خۆی

ئۆکتۆبەری ٢٠١٨
ئەڵمانیا – بیلەفێڵد
«نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس»

# برینی قەتماغە نەبوو

من باش ئەو کاتەم لە بیرە
لە لەشکری سپارتاکۆسدا «١»
تیروکەوانچی بووم
ئەو رۆحەم هەزاران جەنگی دیوە
کەچی ناوێریَ خۆی بخاتە
جەنگی عەشقی تۆوە!
جەنگێک خوێنی شیعری تێدا دەڕژیَ و
کریستاڵی دڵی تێدا دەشکیَ
من ئەو ساتانەم بیر دێتەوە

مەسیحیان دەبرد بۆ لە خاچدان
من لە نێوان مەسیح و
هەردوو دزەکەدا لە خاچ درام «٢»
کەسێک نەبوو، نرکەی من ببیستێ
بە چوار مێخەی عەشقی تۆوە
کەسێک نەبوو تەرمەکەم دابگرێ
بە خاچی بێدەنگی یارەوە
من پاشماوەی برینێکی کۆنم
لە زەمەنی سۆمەرەوە «٣»
تاکو چاڵدێران»٤»
هەرچی نوکی شمشێری رقە
لە لەشی من دەچەقێنرێت
کەچی هێندە ترسنۆک بووم
لەبەر چەقۆی دڵشکان و
گوێزانی عەشقێکی ناکام
سەرم خستۆتە قۆزاخەی وەهمەوە و
لە بری تیشکی خۆری ئەوین
بە رووناکی فتیلەی تەنهایی رازی بووم
من مرۆڤێکی هێندە پیرم
کەوتنی تەختی نەینەوام لە بیرە»٥»
لە کاتی تۆفانەکەی نوحدا
هەناری سینگی شۆخێکم ئەڕنی
لە کۆڕی دەروێشانەی مەولانادا

**سازی عەشقێکی دێوانەیم لێدەدا**
**کەچی ئێستا هێندە منداڵ بوومەتەوە**
**گڕووم بۆ ماچێکی یار گرتووە و**
**لەناو بێشکەی دەریای دلبەردا نەبێ**
**کەشتی ئارەزووم ناسرەوێ**
**من زۆر دێرینم، زۆر زۆر**
**کەچی ئازارەکانم زۆر تازەن!!**
**ئازارەکانم هیچ کات کۆن نابن**
**من هەر زۆر دێرینم**
**هەرگیز برینەکانم قەتماغە ناگرن**

**مارسی ٢٠١٨**

**ئەڵمانیا - بیلەفێڵد**

**«نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس»**

١- سپارتاکۆس، رابەری شۆڕشی کۆیلەکان لە دژی ئیمپراتۆریای کۆنی رۆمان، لە ساڵی ٧١ی پێش زاین، کوژراوە.

٢- هێمایە بۆ لە خاچدانی عیسای مەسیح لە نێوان دوو دزدا.

٣-شارستانێتی سۆمەرییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە میزۆپۆتامیا دەرکەوتووە.

٤-شەڕی چاڵدێران لە ٢٣-٨-١٥١٤ روویدا لەنێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا، پاش ئەو شەڕەش کوردستان بە رێکەوتن لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریایە دابەشکرایەوە.

٥-نەینەوا پایتەختی ئیمپراتۆریای ئاشووری بوو، لە ساڵی ٦١٢ پێش زایین لەلایەن مادەکانەوە ئەو ئیمپراتۆریایە رووخێنرا و نەینەوا وەک پایتەخت کەوت.

# رازەکانی ئەوین و
# هەناسەکانی دەریا

**سەرسامم بە تۆ**
**کە توانیت لە دڵی خۆتدا**
**یەخسیرم بکەیت**
**سەرسامم بە تۆ**
**وات لێکردم کتێبی عەشق**
**پەڕە پەڕە بخوێنمەوە**
**لە هەر لاپەڕەیەکیشدا**
**مەرجانی پێکەنین بدۆزمەوە**
****

زۆر زوو زانیم دەریایت
لە بری شەپۆل، مات و بێدەنگ
لە بری پاپۆڕ، عەشقی منت
پێدا تێدەپەڕێت
زۆر زوو زانیم دەریایت و
بە شمشێری جوانی ئەمکوژیت
بە ئاگری نیگا ئەمسووتێنیت
بە چرای پڕ ناڵەی
شەوە کپەکانم ئەناسێنیت
****
هەمیشە ئەمەوێ
کۆدی رازەکانت بکەمەوە
لەوێ خۆم ئەبینم
دڵم پڕ بووە لە نوری عەشق
هەمیشە ئەمەوێ
تەڵیسمی رازەکانت بشکێنم
لەوێ خۆم ئەبینم
خەونەکانم پڕ بوون لە بریسکە و
ئاسمانم شاگەشگە بووە
بە سەمای پۆلێک ئەستێرە
****

خێرا وەرە نازەنینم
داری تەمەنم یەک گەڵای پێوە ماوە
بۆ سەوزبوونەوە لە مێرگی عەشقدا
خێرا وەرە فریشتە ژن
لە بەردەم پەنجەرەی چاوەڕوانیدا
تک تک خوێن لە چاوم دێ و
دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە دڵم
****
دەبوو ئێمە زووتر یەکتر بناسین
لە کۆڵانەکانی قەسیدەیەکی دڵ تەڕ
لە شەقامە بخوورییەکانی رۆح
دەبوو ئێمە زووتر ئەم رێگە ببڕین
بەرەو باخە پەلکەزێڕینەییەکانی زەردەخەنە
بەرەو ماڵە پڕ مۆمەکانی فەنتازیا
بەرەو کەناراوەکانی دەریای خەون
****
تۆ ئەتەوێت بەنهێنی خۆشم بوێی
کەچی من بە ئاشکرا ئەوەرێم و
بە پەنهایی و لە تاریکی شەودا ئەگریم
ئەتەوێت بە ئاشکرا شیعرت بۆ بنووسم
کەچی من بە نهێنی ئەتوێمەوە و
بە بەرچاوی خوداوە گۆنات ماچ ئەکەم
****

هەر چاوەڕوان بووم بازی عەشقی تۆ
لەسەر شانی راستم بنیشێتەوە
وا ئێستا لە دوا نیگای وەریوتدا
تەرمی خۆم لەسەر شان هەڵگرتووە
هەر چاوەڕوان بووم لە باوەشی پێکەنینتا
بە ئارامی سەرخەوێک بشکێنم
وا ئێستا بە دیار ئەلبوومی بیرەوەرییەوە
شەڵاڵی بێدەنگترین گریان بووم
****
لە ئاسمانی دڵی ئەم شاعیرەدا کڕێوەیە
بەفر ئەبارێت سوور سوور
هەروەک خوێنی ئەو عاشقانەی
بە وشەی خۆشم ئەوێی
ئاگر لە جەرگیان هەڵایسا
لە بەیتەکانی ئەم شاعیرەدا رەهێڵەیە
باران ئەبارێت بە لێزمە
هەروەک فرمێسکی ئەو عاشقانەی
لە دووری یەکتر
دەریای ئەسرینیان شەپۆل ئەدا
****
بە چاوی دڵ ئەتوانم بتبینم
ئەو کاتەی لە پەنجەرەی خەمەوە

ئەڕوانیتە تابلۆی خۆرەتاو
ئەو ساتەشی دەرگای ئومێد
بە رووی زامە سەرمەدییەکاندا دائەخەیت
بە زمانی رۆح ئەتوانم بتدوێنم
ئەو کاتەی لەناو کەشتیی خەیاڵدا
گۆرانییەکی کۆچەریی ئەچڕیت
ئەو ساتەشی بەدەم بای شەماڵەوە
لانکی ئارەزووەکانم رائەژەنیت
****

ئەبێت بڕۆم
بە شەمەندەفەری دڵتەنگی و
لەگەڵ کاروانی خەمدا
چونکە باڵندەی دڵم هێندە تەزیوە
لە تەنوری ئەوینی تۆدا نەبێت
لە پەنا هیچ ئاگردانێکدا گەرم نابێتەوە
ئەبێت بڕۆم
بە ئەسپە شێکەی شیعر و
هەر خۆم و خەیاڵە سەرابییەکانم
چونکە کەشتی ئەو هەموو دوورییە
لە سۆمای چاوی تاوسیتدا نەبێت
لە هیچ کەنارێکی تردا لەنگەر ناگرێت
****

بۆ هەر کوێ بڕۆم
ئازارێک لە دابڕان بە سوێتر ئەمناسێتەوە
زریکەی پایزێک ئەمگرێتە باوەش
رووبارێکی سەرخۆش سڵاوم لێ ئەکات
رەشەبای مەراق سۆراخم ئەکات
بۆ هەر کوێ بڕۆم
تەشی خەمێکی قووڵ ئەمڕێسێت
لافاوی غوربەت پوشی رۆحم ئەبا
کێردی تاریکی لە رووناکییەکەم ئەچەقێ
ئەژدیهای تەنهایی قووتم ئەدات
ئیدی بۆ ئەهێڵیت بڕۆم؟
****
ئازیزم بیرتە سەردەمانێک
ئاوم ئەژەنی کاتێک دەریا بووم
ئەستێرەم لە باوەش ئەگرت
کاتێک ئاسمان بووم
شەڕم لەگەڵ مەحاڵ ئەکرد
کاتێک عاشقت بووم؟
ئازیزم بیرتە سەردەمانێک
بە قەڵەمی تریفە شیعرم ئەنووسی
کاتێک مانگ بووم
بە دەنگی کازیوە سترانم ئەوت

کاتێک خۆر بووم
بە گڕ قولەی قافی نەریتدا ئەچووم
کە شمشێری عەشقی تۆم بەدەستەوە بوو
****

تەنها ئەوەندە دەرفەتم بدەرێ
رۆحم بە شەونمی ماچەکانت تەڕ بکەم
دەستم بخەمە هەوری سینگتەوە و
لەژێر بارانی چاوەکانتدا بخوسێمەوە
تەنها ئەوەندە دەرفەتم بدەرێ
گوێم پڕ بێت لە خوڕەی مۆسیقای دەنگت
هەناسەم تێکەڵ بە شەپۆلە پەمەییەکانی
ئۆقیانووسی ئارەزووت بکەم و
لە فیردەوسی لەشی رووتتدا
بە نەمریی بمرم!
****

نامەت بۆ ئەنووسم
نامەیەک بۆنی نێرگزی زوڵفتی لێ بێت
نامەیەک تامی هەنگوینی راmoوسان بدا
نامەیەک لە نێو هەر حەرفێکیدا
حەزێکی شێتانە خۆی تیا مەڵاس دابێت
نامەم بۆ بنووسە
نامەیەک بۆنی سنەوبەری لەشتی لێ بێت

نامەیەک تامی شیلکی باوەشت بدا
نامەیەک لەنێو هەر حەرفێکیدا
خۆزگەی لێکئالآن شالآوم بۆ بهێنێ
****
دەرگاکەت دامەخە
بە رووی ئەو شیعرانەی
لە دوورگەی پڕ برینی عەشقەوە دێن
بە رووی ئەو «با»یانەی
لە رۆژهەلآتی سینگمەوە هەڵدەکەن و
کەشتییە چارۆگەدارەکانی تۆ
بە هێمنی بە دەریای شیعردا دەئاژون
دەرگاکەت دامەخە
بە رووی ئەو نەسیمە سپییانەی
ئەیانەوێت رەنگی رۆژە رەشەکانت بگۆڕن
بە رووی ئەو فانۆسە رووناکانەی
خوێنی من نەوتیانە و
لە نیگا سیحراوییەکانتدا دائەگیرسێن
****
پێم بڵێ ئێستا تۆ لە کوێی؟
ئەی خەونە ماڵییەکەی شەیدای سەفەر
ئەی پاسەوانی هەسارەی تیشک
ئەی گوڵە ئومێدی زەمەنی ئافات

پێم بڵێ ئێستا تۆ لە کوێی؟
ئەی تەزیوترین باڵداری نیشتمان
ئەی جادووگەری بەنازی دڵ پڕ لە پشکۆ
ئەی گۆڕهەڵکەنی تەرمی تەنهایی
****

لەسەر لاپەڕەکانی یادەوەریی بنووسە
من وەک باران دڵی شاعیرێکم خوساند
من بووم گوڵەکانی خۆم
لە ئینجانەی چاوی شاعیرێکدا رواند
منم تۆوی میوەی لەزەتم
لە مەزرای دیوانی شاعیرێکدا چاند
لەسەر لاپەڕەکانی یادەوەریی بنووسە
شاعیرێک هات لەسەر بەرماڵی ژوان
فێری نوێژی عەشقی کردم
شاعیرێک هات بە هاڵاوی نیگا
بەستەڵەکی غروری هەڵپڕوکاندم
شاعیرێکم ناسی بە لێوی شیعر
شیلەی خوماربوونی هەڵقوڕاندم
****

ئەی مەرگ لێگەڕێ
با رازەکانی ئەوین بۆ مانگەشەو باس بکەم
با هەناسەکانی دەریا لە شەپۆلەکاندا هەڵمژم

با لە مەیخانەی عەشقدا پێکی توانەوە بنۆشم
ئەی مەرگ لێگەڕێ
با گۆرانی بۆ ئەو گوڵە بڵێم
لە رۆحی یاردا چرۆی کردووە
با شیعر بۆ ئەو ئەستێرانە بنووسم
وەک پاساری لە شەوانی تەنهاییمدا دەجریوێنن
با ئەشک بۆ ئەو کۆترە سەرگەردانانە برێژم
لە کاروانی عەشق جێمان و
بە دیار وەسوەسەی ئینتیحارەوە سەریان نایەوە
****
من دزیم لە گەنجینەی عەشق کرد
سۆزی شمشاڵێکم دزی
شەوانی مەنفای ئەهێنایە سەما
فرمێسکی ژنێکی رووتم دزی
خۆی لە نوری خودا هەڵدەکێشا
من دزیم لە گەنجینەی خودا کرد
بارانێکی قەشەنگم دزی
وەک جامێ شەراب لە چاوی
ژنێکی کۆچەریی ئەڕژا
ئەستێرەیەکی ئارامم دزی
لە ژێر تاڤگەی تیشکەکانیدا
شەهوەت و هەوەسی لێ ئەچۆڕا
****

لە مەملەکەتی ڕۆشناییەوە هاتووم
هاتووم بۆ ئەوەی
خەنجەری ڕووناکی لە جەستەی
ئیبلیسی تەنهایی بچەقێنم و
بە پەنجە گوڵگوڵییەکانی موحیبەت
سەمفۆنی عەشق بژەنم
لە کیشوەری تیشکەوە هاتووم
هاتووم بۆ ئەوەی
بە پێنووسێکی نورانی
مێژووی تاریکی فیراق بنووسمەوە و
بە ماچێکی ئێجگار تامەزۆ
ڕووبارێک لە لەزەت بخۆمەوە
****
بەم ڕۆژگارە بە دواتەوەم، بەڵام تۆ
وەک نەورەسێکی تەلیسماویی
بە باڵێکی ئەفسووناوییەوە لە فڕیندایت
منیش لە سەرزەمینی ڕوئیاوە
وێڵی باڵێکی قەقنەسیم بمگەیەنێت
بە هەرێمی ئاوەدانی ئایندەت
بەم ڕۆژگارە بەدواتەوەم، بەڵام تۆ
وەک دەریایەکی یاخیبوو
بە شەپۆلە تووڕەکانتەوە لە هەڵچووندایت

منیش بە سەدای بریسکاویی خەیاڵ
دڵی نووستوی تۆم بێدار ئەکردەوە
****
هەناسەکانی تۆ بۆنی دەریای لێ دێت
دەریایەک پڕ لە شەپۆلی گوومان
دەریایەک پڕ لە پشکۆی دڵشکان
دەریایەک پڕ لە یادگاریی غەمبار
دەستەکانی تۆ بۆنی دەریای لێ دێت
دەریایەک ماندوو لە درۆی پیاوان
دەریایەک تووڕە لە ژانی سەفەر
دەریایەک پڕ لە بەلەمی چاوەڕوانی
تۆ خۆت دەریایەکی گەنجیت
ئالوودە بە خەونێکی پیرەوە
****
بیرم دەکردەوە تۆ کێی؟
هەر جارەی خەیاڵێک ئەیبردمەوە
جارێک ئەمووت تۆ لەگەڵ باران باریویت
جارێک ئەمووت لە تیشکی هەتاو جیا بوویتەوە
جارێکی تر گوومانی ئەوەم دەکرد
تابلۆیەکی بە فڵچەی فەنتازیا رەنگ کراویت
بیرم دەکردەوە لە کوێوە هاتوویت؟
هەر جارەی خەیاڵێک ئەیبردمەوە

جارێک ئەمووت لە باوەشی جوانییەوە هاتوویت
جارێک ئەمووت لە دەربەندی خەیاڵەوە هاتوویت
جارێکی تر گوومانی ئەوەم دەکرد
فریشتەیەکی لە نیشتمانی زامدارمەوە هاتوویت
****
نازانم چۆن پێت بڵێم، ئارەزوومە
وەک کلوە بەفر بەسەر ئاگری سینەتدا ببارێم
بە مقەستی شیعر کراسی شەرمنیت بدڕم و
وەک چەند دڵۆپە فرمێسکێکی قەتیسماو
بڕژێمە چاوە ئاگرییەکانتەوە
نازانم چۆن پێت بڵێم، ئارەزوومە
وەک موچڕکەیەک بە لەشتدا تێپەڕم
بە دەستی قەدەر دار گێلاسی عەشق
لە ناو هەناسەکانتدا بڕوێنم و
وەک نامەیەکی تازە گەیشتووی دڵداریی
بە تامەزرۆییەوە بمخوێنیتەوە
****
ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمێنێتەوە
بارانی چاوەکانی منە
کە هەرگیز خۆش ناکاتەوە
راوەستانی ئەبەدیی منە
لە تەرمینالی چاوەڕوانیدا

مەیینی خوێنی منە لە بەستەڵەکی مەنفا
ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمێنێتەوە
ئاوڕ نەدانەوەی تۆیە
لە گمەگمی شیعرەکانم
خەنجەری تۆیە
لەسەر ملی کۆتری ئاواتم
بێدەنگی وەحشەتناکی تۆیە
لە ئاست ناڵە ناڵی خەونە سەوزەکانم
****

لە چاوی تۆوە ئەڕوانمە
ئەو ئاوێنانەی درزی زەمەن لە دڵیاندایە
ئەو ماسییانەی لە بێدەنگی دەریا بێزارن
ئەو تیشکانەی لە باوەشی ئەستێرەوە ئەڕژێن
ئەو شیعرانەی چاویان فرمێسکی تێزاوە
لە چاوی تۆوە ئەڕوانمە
ئەو پەروانانەی بە پێکێک عەشق سەرخۆش ئەبن
ئەو زریانانەی بە نیگایەک هێور ئەبنەوە
ئەو باخانەی گوێ لە گۆرانی پاسارییەکان ئەگرن
ئەو تریفانەی، خۆشەویستی سەوداسەری کردن
****

هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە لە ڕێگە پێچاوپێچەکانتدا ون ئەبم

خەریکە دەبمە رۆمانێکی نەنوسراو
خەریکە دەبمە قەسیدەیەکی کزۆڵە
خەریکە ئەبمە دەریاوانێکی یاخی و
مەرجان لە قووڵایی رۆحتدا ئەدۆزمەوە؟
هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە دەبمە دەنگی گریانێکی دوور
خەریکە دەبمە ئیسماعیلێکی سەربڕدراو
خەریکە دەبمە حکایەتێکی خنکاو
خەریکە دەبمە گۆڕستانێکی لێڵ
پڕ لە خەون و رووناکی کوژراو؟
****

تۆ لەگەڵ من بڕوانە
لە نیشتنەوەی «باز»ی غوربەت لەسەر شانم
لە هەڵوەرینی تەمەنی پەپولەیەکی بێ نەوا
لە تێپەڕین بەناو سنوورەکانی قەدەغەدا
لە جەنگە بێ بارووتەکانی عەشق
تۆ لەگەڵ من بڕوانە
لە رۆیشتن بەسەر تەنافی چارەنووسدا
لە بەربوونەوەی ئەستێرەیەکی بریندار
لە دیمەنی جوانەمەرگ بوونی گوڵە حاجیلەکان
لە ترسناکیی دیمەنی ئەو خەونانەی نایبینین
****

له هەر کوێ بیت
به چاوی شیعرێکی دڵتەڕ ئەتبینم
جۆگەلەی ئەسرینەکانم ئەمهێننەوه بۆ لات
باڵندەی هەستم بۆ کوێ بفڕێت
سەرئەنجام دەگاتەوه به ئاسمانی روونی تۆ
له هەر کوێ بیت
له دووری دوورەوه ئاگرەکەت ئەناسمەوه
ئەو شیعرانه ئەتدۆزنەوه بۆت ئەنووسم
به باڵای هەر چەمێکدا بڕوانم
سەرئەنجام ئەمباتەوه بۆ کەنار دەریای تۆ
****
دڵم دەکەوێته خورپه
کاتێک ئەبینم شیعرەکانم ناتوانن
ئاگرێک لەسەر رۆحت بکەنەوه
کاتێک ئەبینم نامه بێ ئۆقرەکانم
ناتوانن پەنجەرەی دڵت بکەنەوه
کاتێک ئەبینم شەپۆلەکانم ناتوانن
بەرەو رووی کەشتی روانینت ببنەوه
دڵم دەکەوێته خورپه
کاتێک ئەبینم ئەو شەیتانەی ناو سەرم
ناتوانێت رازی ئەوینێک بخوێنێتەوه
کاتێک ئەبینم ئەو دەسته تەزیوانەم

ناتوانن خۆیان لەبەر ئاگردانی
دڵی پەرییە ژنێک گەرم بکەنەوە
کاتێک ئەبینم پەلکەزێڕینەی ئارەزووم
ناتوانێ ژووری تاریکی تەنهایی
دەریا ژنێک رووناک بکاتەوە
****

کتێبی دەریام خوێندەوە
لاپەڕەکانی ئاو بوون و
بەرگەکەشی شەپۆل
کە پڕ بوو لە چیرۆکی
پاپۆڕی تێکشکاوی چارەنووس
یان حکایەتی ماسییە یاخییەکانی عەشق
پڕیش بوو لەسەربردەی ئەو دەنکە مرواریيانەی
دەریا لە چاوی هەمووانی شاردۆتەوە
کتێبی ئەوینم خوێندەوە
لاپەڕەکانی ئاوریشم بوون و
بەرگەکەشی باران
کە پڕ بوو لە داستانی نەخوێندراوەی فڕین
یان گێڕانەوەی درەوشانەوە سەرمەدییەکانی نیگا
پڕیش بوو لە وەسفی ئەو دڵە غەمبارانەی
وەک سمۆرە گوێزی عەشقیان شاردۆتەوە
ئەوین کتێبێکە فرمێسک ئەینووسێتەوە

****

گویّ لە گۆرانییەکانم بگرە
گۆرانییەکی حەزین بۆ لاواندنەوەی
ئاوێنە شکاوەکانی ئارەزوو
گۆرانییەکی شاد بۆ سەماکردنی
گوڵە قەرسیلەکانی غەریزە
گۆرانییەکی ئارام بۆ خەواندنی من
لەنێو بەهەشتی مەمکەکانی تۆ
شیعرەکانم بخوێنەوە
شیعرێک کە لە شەوانی غوربەتیدا
ئەتباتەوە کۆڵانێکی رووناکی نیشتمان
شیعرێک لە تەمتوومانی نائومێدیدا
دەستت ئەگرێت بۆ هەسارەی تریفە
شیعرێک لە کیشوەری مەراقەوە
وەک گەردەلوولێکی رووخۆش
ئەتهێنێت بۆ ژێر ساباتی رۆحی من

****

هەر کاتێک تۆ بێیت
ئاسمانم پڕ دەبێت لە ئەستێرە
شەوەکانم لێوانلێو ئەبن لە بریسکە
رۆژەکانم سەراوڕێژ ئەبن لە پێکەنین
هەناسەکانم تەژی ئەبن لە گوڵاو

ڕێگاکانم ئەبنە فەرشی نوور
هەر کاتێک تۆ بێیت
شەقامی ڕوانینم ڕووناک ئەبێتەوە
درەختی خەیاڵم شیعری نوێ ئەگرێ
نسرمی چاوەکانم پڕ ئەبن لە خۆرەتاو
بولبولی نوستووی سۆزم
ئاوازێکی خوساوەی لێک ئاڵان ئەچڕێت
تۆ کەی دێیت ئەی کازیوەی بەیان
لەوەتی لە دایکبووم هەر چاوەڕێم؟
****
کاتێک لە تۆ نزیکم
خەونێک ئەمبینێت،
دەریایەک پێکەنین ئەمخواتەوە
«کەو»ێک ڕازەکانم ئەکاتە
سەمفۆنییەک لە قاسپە
سوپایەک لە ڕووناکی
قەڵا تاریکەکانم داگیر ئەکات
گەردەلوولێک لە شەرابی ماچ
تا «ئۆرگازم»م ئەمبات
کاتێک لە تۆ دوورم
ئەبمە پەیکەرێکی ڕەنگ زەردی
زەمەنی سۆمەر

به شەمەندەفەری مەراق
تا وێستگەی ون بوون ئەڕۆم
ئەکەومە ژێر هەرەسی
چیاکانی نائومێدییەوە
فرمێسک دێت و
چی گەنجینەی زەردەخەنەمە
وەک دەستکەوتی غەزەوات تالانی ئەکات
****
ئەگەر ئەتەوێت بمناسیت
نەوەی عەشتارم،
دواین دڵۆپە خوێنی ئاشوورم
بە ئەسرینەوە ئەمرم و
بە پێکەنینەوە زیندوو ئەبمەوە
لە دڵی خۆمدا زیندانم،
لە باوەشی ژنێکیشدا ئازاد
شۆڕشگێڕێکی بەزیوم و
کۆیلەی شۆخێک
ئەگەر ئەتەوێت بمناسیت
چیرۆکێکم بە پەڕەمووچی جوانی نوسراوم
جامێ ئاوی بەهەشتم
بە هەڵە رێم کەوتۆتە سەر زەوی
دەنگم شمشاڵی عەشقە و

مێشکم شەکردانی شیعر
پێنووسەکەم تۆفانە و
روانینە ئاگراوییەکانم جادوو
****
زۆر لەوە ئەترسم رۆژێک بێت
چەشنی تابلۆی سەر دیوارەکانی شار
ئەم عەشقەمان کاڵ بێتەوە و
باراناوی گوومان بیشواتەوە
یان وەک پێکێکی ساردی رژاو
پێش ئەوەی تێر مەستی یەکتر بین
بچۆڕێینە ناو ئەلبوومی بیرچوونەوەوە
زۆر لەوە ئەترسم رۆژێک بێت
چەشنی مۆمە تۆراوەکانی نیشتمان
ئەم ئەوینەمان بتوێتەوە و
تاریکی مێژوو قوتمان بدات
یان وەک ئەو نامە رۆح سەوزانەی
پێش ئەوەی بگەنە دەستی خودا
دەکەونە ژێر خەنجەری کولتوورەوە
****
پێش ئەوەی باڵندەی گیانمان
لە شەقەی باڵ بدا
شەوێکی ئیرۆسی خۆتم پێ ببەخشە

تاکو بتکەمە شاژنی سەر تەختی لەزەت
رۆژێکی پڕ ڕەنگی خۆتم پێ ببەخشە
تاکو لەسەر بەرماڵی پەلکەزێڕینە
سوجدەت بۆ ببەم
عەسرێکی نیلۆفەڕیی خۆتم پێ ببەخشە
تاکو خونچەی شیعرم
لە ڕۆحتدا سەردەربێنێت
پێش ئەوەی باڵندەی گیانمان
لە شەقەی باڵ بدا
فنجانێک قاوەی تاڵی عەشقتم پێ ببەخشە
تاکو لە زەریایەک هەنگوینی ماچت هەڵکێشم
تۆ هەڵاڵەی لێوی پڕ شیلەتم پێ ببەخشە
تاکو پەپولەی حەزم سەدان ساڵ تامی بکات
دڵۆپێک مرەکەبی ژنێتیتم پێ ببەخشە
تاکو دەیان کتێبی توانەوەی پێ بنووسم
****
نامە بێ نازەکەتم خوێندەوە
کە بە فرمێسکەوە نوسیبووت
ئەم نامەیە مەکەرەوە، بەڵام ئەگەر کردتەوە
وەرە مریەمێکی پاکیزە
لە چەکمەجەی شەرەفپەرستان دەربهێنە
لەگەڵیدا سەفەر بکە بەرەو شارێک

غوباری ناموسپەرستی لێڵی نەکردبێ
نامە نازدارەکەتم خوێندەوە
بە قەڵەمی تریفە نوسیبووت
ئەم نامەیە بکەرەوە، لەگەڵ کردنەوەیدا
وەرە ژوانی ژنێکی دەریایی
بەڵام بە بەلەمی عەشق وەرە و
ماڵێک لە ئاو چێ بکە
****

ژنێک لە ناو مندا ئەژی
هەمیشە مژ لە سیگاری خەونەکانم ئەدات
دوکەڵی رۆژگارە خەمۆکەکانم هەڵدەمژێت
بێ ئەوەی گلەیی لە بەختی خۆی بکات
وەک بەفری بەر هەتاو بە تیشکی شیعرم
هێمن هێمن، ئەتوێتەوە
ژنێک لەناو مندا ئەژی
هەمیشە شەکری خەیاڵەکانم ئەکرۆژێت
شەرابی بێزارییەکانم هەڵدەقوڕێنێت
بێ ئەوەی گلەیی لە بەختی خۆی بکات
وەک چۆلەکەی بەر چۆڕاوگەی عەشقم
رووت و قووت هەڵدەلەرزێت
****

سەیرە هێشتا تۆ ئەتەوێت
عەشق لە ماچ گۆڕینەوەوە دەربهێنێت و
بیخەیتە توێی کتێبێکی تۆز لێ نیشتووەوە
عەشق لە توانەوە لە ئامێزی یەکتردا بگۆڕیت
بۆ شیعرێکی لاڵ لە زەمەنی کەڕبووندا
عەشق لە لەزەتی تێکەڵبوونی رووباری هەست
لەگەڵ دەریای عاتیفە، بگۆڕیت بۆ
هەڵواسران بە خاچی نەریتەوە
سەیرە هێشتا تۆ ئەتەوێت
عەشق لە گۆرانییەکی ئازادەوە بگۆڕیت بۆ
مەقامێکی دێرینی کەلەپچەکراو
عەشق لە فڕین بەناو ئازادیدا بگۆڕیت بۆ
ئەو پێوەندانەی لە هەوری رەشی
کولتووری خواستراوی بیابانەوە ئەبارێن
****
لە هەموو جێیەک بە شوێنتدا ئەگەڕێم
لە ناو رێگە پێچاوپێچەکانی دڵم
لە ناو ئەو مەلە غەوارانەی
لە هیچ جێگەیەکی رۆحم نانیشنەوە
لە ناو ئەو پرسیارانەی هیچ کات
وەڵامێکی دڵخۆشکەر وەرناگرنەوە
من هەر بە شوێن تۆدا ئەگەڕێم
لە هەموو جێگەیەک بە شوێنتدا ئەگەڕێم

لەناو شەبەنگەکانی خەیاڵی خۆم
لە ناو رووباری هەڵچووی ئەسرینم
لە ناو ئەو شەبەقە گەورەیەی
چەقۆی دڵڕەقی کردیە خەونەکانم
من هەر بە شوێن تۆدا ئەگەڕێم
****

بۆ ناسینی من
پرسیار لەو ئەستێرانە بکە
لاوکی درەوشانەوە بۆ ئەو رۆژانە ئەڵێن
لە خومخانەی شەو هەڵکێشران
پرسیار لەو دارسنەوبەرانە بکە
لە وەیشومەی سەختترین زستانیشدا
بەرگی سەوزی ئەوینیان لەبەردایە
پرسیار لەو رێگا گوڵڕێژانە بکە
هەموو دەگەڕێنەوە رۆمای عەشق
بۆ ناسینی من
پرسیار لە قەدیسێکی نورانی بکە
کە خودای لە دڵی ژنێکدا دۆزیوەتەوە
پرسیار لەو رەشەبا سەرەڕۆیانە بکە
ژیلەمۆی مۆمیاکراوی جوانی دەگەشێننەوە
پرسیار لە بەختی رەشی خۆت بکە
کە لە شیعری مندا سپی سپی بۆتەوە
****

هەڵوەریم وەک خەیاڵێک
پەروانەیەک هەڵیگرتمەوە و
تابوتێکی بۆ دروستکردم لە گوڵ
هەڵوەریم وەک شاعیرێک
ژنێکی نامۆی شکۆفەدار
گۆڕێکی بۆ هەڵکەندم لە وشە
هەڵوەریم وەک خەونێک
ڕێبوارێکی دڵ پڕ لە سەفەر
لە ژێر دار ئەرخەوانێکدا ئەسپەردەی کردم
هەڵوەریم وەک ئەستێرەیەک
بەسەر شانی فریشتەیەکەوە بەڕێکرام
بەرەو گۆڕستانی تیشک
****
ئەگەر ئەخوازیت عاشق بیت
وەرە زمانێکی تر
بۆ خۆشەویستی بدۆزینەوە
زیندانەکانی عەقڵ
پڕ بکەین لە حیکمەتی فڕین
بە ڕێنووسێکی تر
خەونی ئازادیی بنووسینەوە
بە ڕێزمانی عاتیفە،
ڕوانین بخەینە ڕستەوە

ئەگەر ئەخوازیت عاشق بیت
وەرە هەوا لە هەناسەکانی فیراق پاک بکەینەوە
بەلەمەکانی حەز
بە دەریای لەشدا بئاژوین
بە نێو هەورە رەشەکانی کولتووردا رەت بین
بە سەوزیی بەهار،
پایزی خەوالۆ بهێنینە سەما
****

من تەنها ئەوەم ئەوێت
ژەنگاوی تەنهاییم لە چەمی بزە بشۆمەوە
گۆزە بە تاڵەکانم پڕ بکەم لە شەرابی نیگا
چاوە تامەزرۆکانم پڕ بکەم لە کلی عەشق
داڵغە وێڵەکانم بمگەیەنن بە خەونی ئەوین
من تەنها ئەوەم ئەوێت
بە کەشتی ماچ، سەفەر بکەم بۆ
ئۆقیانووسی دڵنیایی شۆخە ژنێک
بە باڵی فریشتەیەک بفڕم بەرەو
باوەشی قەسیدەیەکی بۆنخۆش
بە قاچی شیعرەوە هەنگاو بنێم بەرەو
ماڵی کۆترەکانی غوربەت
بە دەستی عەشقەوە، سڵاو
لە دارستانە زەردهەڵگەڕاوەکانی سەفەر بکەم
****

هەمیشە دێم
بە کەژاوەی شیعر
بەرەو زەماوەندی عەشقت دێم
بە کانییەک سەرابەوە
بەرەو دەریای رازەکانت دێم
بە جەستەی شەکەتەوە
بەرەو خاچی ئەوینت دێم
بەسەر پشتی ئەسپی خەیاڵەوە
رووەو واقیعت دێم
هەمیشە دەمێنمەوە
تا خانەقای چاوە شەپۆلاوییەکانت هەبن
وەک سۆفییەکی بێ چارە دەمێنمەوە
تا شاری دڵم پڕ بێت لە پەپولەی نازت
وەک ئەستێرەی چارەنووست دەمێنمەوە
تا سێرگی ئاگرینی ئەوینت هەبێت
بەسەر تەنافی ئەڵماسیی دڵتەوە دەمێنمەوە
تا تۆ ڤینۆس بیت، لە نوێژی عەشقدا
بە کڕنووشەوە لە بەردەمتدا دەمێنمەوە
****
باڵندەیەکی غەمبارم
چەقۆی غەم، زمانی شیعری بڕیم،
بەڵام فرمێسکەکانم هاواریان کرد

ئەی باڵندە باڵ ڕەنگاورەنگەکە
بە قەد زامی ئەم دوورییە و
هێندەی مۆمە رووخۆشەکانی غوربەت
خۆشم ئەوێی
باڵندەیەکی غەمبارم
هەرچی خوێن هەیە،
لە شیعرم دەچۆڕێ
خوێنی سوور وەک خوێنی
ئەو خەونانەی بە مەلۆتکەیی سەربڕان
خوێنی سەوز وەک خوێنی
ئەو باخچانەی بە هەرزەکاریی خنکێنران
خوێنی پەمەیی وەک خوێنی خۆم
کە بە وتنی «خۆشم ئەوێی»
کەوتە مەوجدان

****

بێدەنگیم لە دڵتا ئەزرینگێتەوە
من کاتێک بێدەنگم، هەر ئەو کاتە
شیعرێکی پڕ لە ناڵە ئەنووسم
کە وەک بۆمبێکی ئەتۆمی بە بێدەنگی
لە دڵتا ئەتەقێتەوە
منیش بە شیعرێکی تر
ئاسەواری ئەو تەقینەوە ئەنووسمەوە

ونبوونم لە رۆحتدا ئەدرەوشێتەوە
من کاتێک ون دەبم، هەر ئەو کاتە
لە سەفەردام بەرەو هێلانەی
ئەو پاسارییانەی لە خەیاڵمدا نیشتەجێن
کە شەوانی کشوماتت پڕ دەکەن
لە جریوە جریوی یاخیبوون
منیش بە ونبوونێکی تر
داستانی ئەو سەفەرە ئەنووسمەوە
****
دڵشکان چۆن ئەنوسرێتەوە؟
گۆزەی شکاو چۆن ئەبێتەوە
بەو گۆزە لێوڕێژە دڵخۆشەی
بەر لە شکان ئاوی لە باوەش ئەگرت و
چاوی لە کانیاوێکی شەرمن دائەگرت
دڵشکان چۆن ئەنوسرێتەوە؟
چرا شکاوەکان چۆن ئەبنەوە
بەو کانگا رووناکە نورپرژێنانەی
بەر لە شکان کۆڵانە نوتەکەکانی شەو و
تاریکی ئاسمانیان ئەدایە بەر تیشک و
لەگەڵ کازیوەدا چاویان ئەچووە خەو
****

وەک ڕەشەبا مەبە
کە بە خێرایی دێت و تێدەپەڕێت،
لە هیچ شوێنێکیش نیشتەجێ نابێت،
بەڵام دوای خۆی پریاسکەی خەون
هەڵدەڕژێت و شلۆقی جێدەهێڵێت
وەک خۆر بە، کە شەوان
لە پشتی تاریکییەوە
خۆی حەشار ئەدا و
سپێدان بە زەردەخەنەوە دێتەوە
وەک سەفەر مەبە
کە رسی هەموو ئارامییەک
ئەکاتەوە بە خوری و
نیشتمان لە خۆی زویر ئەکات
لە کۆتاییشدا
دڵی هەرچی خەیاڵە ئەیشکێنێت
وەک باخ بە، پڕ بە لە گوڵ و درەخت
سڵاوی باران بسەنەوە و
بین بنێ بە جۆگەوە
تا لەنێو سینگتدا
گوڵە یاس شین ببێت
****

ئازیزم ئازارێکم هەیە
لە ئازاری وەسێتنامەی پەپولەیەک ئەچێ
لە بێداربوونەوەی پاش داڵغە خۆشەکان ئەچێ
لە بەربوونەوەی ئەستێرەی دڵخۆشی ئەچێت
رەنگی رەشە، وەک مەراقە قەترانییەکان
تامی تاڵە، وەک ئەو پێکەی مەستت ناکات
لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەشدا
وەک گۆرانییەکی نەوتراو خۆشم ئەوێی
ئازیزم خەونێکی زڕاوم هەیە
لە خەونی بولبولی لە قەفەسنراو ئەچێ
لە تەنگیی قەبری پەڕەسێلکەی هیوا ئەچێ
لە کوتانەوەی سەری شیعر ئەچێ
دوور و درێژە، وەک رێگای سەفەرێکی وێڵ
دژوارە، وەک راکردن لە دەستی ئیزرائیل
لەگەڵ ئەو هەموو خەونە زڕاوەشدا
وەک خۆشەویستی، خۆشم ئەوێی
****

نا، هیچ کات مەرگم خۆش ناوێ
چۆن ئاگر ناتوانێت دەستبەرداری
حەزی سووتان بێت
ئاوها منیش ئالودەی ژیان بووم و
فەرشی سوور بۆ پێشوازیی رائەخەم

بەڵام بە بەرچاوی بێدەنگی تۆوە
داڵی مەرگ، پارچە پارچە
گۆشتی ژیانم دائەکرمێنێت
نا، هیچ کات مەرگم خۆش ناوێت
چۆن ماسی چاوی بەرایی نادا
تەڕایی دەریا جێبهێڵێت
ئاوها منیش دەستم بە ژیانەوە گرتووە و
هەموو رۆژێک گۆرانییەکی نوێی بۆ ئەڵێم
بەڵام بە بەرچاوی بێدەنگی تۆوە
باهۆزی مەرگ، گەڵا گەڵا
درەختی تەمەنم ئەوەرێنێت
****
باوەڕم وایە تۆش وەک خۆمیت
سەدان ئێوارەی خەمناک
ویستووتە لەگەڵ رەوە پەپولەیەکی رەنجاو
گالیسکەی گریان
بەدوای خۆتدا کێش بکەیت
سەدان عەسری لێڵ
ویستووتە لەگەڵ پۆلە ریشۆڵەیەکی گەڕۆک
لە شەقامەکانی تەنهایی خۆت هەڵبێیت
سەدان شەوی خامۆش
ویستووتە لەگەڵ چرکە چرکی کاتژمێرێکدا

بەرەو دەرەوەی زەمەن سەفەر بکەیت
باوەڕم وایە تۆش وەک خۆمیت
ئەو دەمەی دنیا پڕ دەبێت لە ژاوەژاو
تۆ بە زمانی بێدەنگی باسی
لرفەی ئەو «با»یانە ئەکەیت
بینایی عەشق پڕ ئەکەن لە تۆزی کینە
ئەو دەمەی دەفری وجود
پڕ دەبێت لە ژەهر
تۆ بە فۆنتێکی هەنگوینی
لەسەر پێستی چرچی ژیان ئەنووسیت
عەشق، واتە توانەوەی من لە تۆدا
****
تۆ چی ئەبینیت لە مندا؟
جگە لە بورکانێک وشە و
دەفتەرێک شیعر
جگە لە نیگایەکی دوور و
دڵێکی ئێجگار نزیک
جگە لە رووخسارێکی پیر و
رۆحێکی لاو
جگە لە جەستەیەکی ماندوو و
دوو چاوی پڕ گڕ
جگە لە خۆم لە ئاوێنەی رۆحتدا

من چی ئەبینم لە تۆدا؟
جگە لە باڵندەیەکی شەرمن و
فڕینێکی بەرز
جگە لە بڵێسەی روانین و
بۆنی چڵێک نێرگز
جگە لە هەستێکی وەنەوشەیی و
دەریایەکی پڕ شەپۆل
جگە لە بەرامەی ژیان و تامی ماچ
جگە لە خۆت کە وەک جادوویەک
بە ئەسپایی رژایتە چاومەوە

****

من چۆن بتوانم
بەم دەنگە نوساوەوە ببمە حەیرانبێژی
ئەو یاسەمینە بێزارانەی
تەرمی خۆیان بەرەو فەنابوون لە کۆڵ ناوە
یان ئەو ئینجانانەی بەر لەسەفەر
لە حەوشەی چاوەڕوانیدا جێمهێشتن؟
ئەفسوس بەم دەنگە نوساوەوە
ناتوانم ببمە حەیرانبێژی
کچێک کە هەموو شەوێک
خەونم پێوە ئەبینێ و
لە ئەشکەوتەکانی غوربەتدا

بەدوامدا ئەگەڕێ
یان ببمە شەکەتترین حەیرانبێژی
ئەو سەربازە کوژراوەی بەرەی جەنگ
کە لە گیرفانیدا تەنها وێنەی دایکی و
نامەیەکی چرچبووی
مەعشوقەکەی تێدا جێمابوو
ئەفسوس ناتوانم
****
ئەو هەموو شیعرە لە کوێ بێنم؟
زریکەی ئەو هەموو گوڵە ژاکاوە بنووسمەوە
ئەو هەموو هەستە ئاڵە تاساوە یاداشت بکەم
ئەو هەموو سەفەرەی بەردەم ماڵی مردن بهۆنمەوە
ئەو هەموو کەفەی دەمی دەریا
بکەمە چوارینە
ئەو هەموو خەونە دزراوەی
نێو دوعاکانی دایکم
بکەمە پێنج خشتەکی
ئەو هەموو خەونە چۆن ببینم؟
تەرزە دڵی پەلکە گیا زویر نەکات و
سەفەر نیشتمان نەکاتە تەرمیناڵ
کتێبی فڕین لە پاساری نەدزرێ و
چاوی کانییەکی عاشق پڕ نەکرێت

لە بەردی دابڕان
من ئیدی خەونێکم نەماوە بۆ بینین!
****

من زۆر گۆڕاوم
جاران چەمێکی روونی پێکەنین بووم
ئێستا رووبارێکی هەڵچووی گریان
جاران پایتەختی شیعر و شەراب بووم
ئێستا شاری نائومێدیی و خەونی زڕاو
جاران چاوی ژیانم پڕ بوو لە رەنگی هەتاو
ئێستا فتیلەیەکی دڵتەنگی بەر رەشەبام
من زۆر گۆڕاوم
جاران خەیاڵەکانم لێوانلێو بوون لە بۆنی خاک
ئێستا روحم پڕ بووە لە تەپوتۆزی مەنفا
جاران ماڵی دڵم هەوارگەی شۆخە ژنێک بوو
ئێستا هێلانەی کوندەپەپوی تەنهایی
جاران کاسەی سەرم پڕ بوو لە نوری خودا
ئێستاش هاوینەهەواری شەیتان
زۆر سەیر گۆڕاوم!!
****

زۆر ئەترسم
کاروانەکەت هەرگیز نەگاتە دڵم و
پێکەنینەکانت گوێچکەی ژیانم

پڕ نەکات لە نۆتەی موحیبەت
یان ئەو گۆرانییەی بۆ بەهار ئەیچڕیت
نەگاتە باخی وشکهەڵاتووی رۆحم
زۆر ئەترسم
لەو چیرۆکەی هەموو رۆژێک
بە خوێنی عەشقت ئەینووسیتەوە
فەرامۆش بکرێم و
لە دواهەمین دێڕیدا
فڕێ بدرێمە سەرنوێلک
یان ئەو تەوبە سپییەی
لە بەردەم قەشەیەک ئەیکەیت
جێی گوناهە رەشەکانی منی تێدا نەبێتەوە
****
هێندە تەڵخە ئاوێنەی ژیان
وا ئەزانم هەزاران ساڵە مردووم
وا تێدەگەم هیچ نابینم جگە لە مردن
هیچ شوێنێک شک نابەم جگە لە گۆڕستان
هیچ شتێک بۆ دڵخۆشی شک نابەم
جگە لە سەما لەسەر پشکۆی ئەوینت
هێندە تەڵخە ئاوێنەی ژیان
خۆم لە هیچ شوێنێک نابینم
جگە لە ژێر دەواری رەشی غەم

ناتوانم بۆ هیچ کوێیەک بڕۆم
جگە لە شمشێرستانی زەمەن
خۆم لە هیچ شوێنێک نادۆزمەوە
جگە لە باوەشی ژنێکی غەریب
کە هەموو رۆژێک حەرفی ناوی من
لەسەر بەردی رەقی وجود هەڵدەکۆڵێ
****

ئەی پەرییە ژن
ئەو هەموو خەونبینینە بە هەوری وشەوە
بۆ ئەوەیە بارانێک شیعرت بەسەردا بڕژم
ئەو هەموو مەستییە بە سۆزی شمشاڵ
بۆ ئەوەیە دڵی غەریبت رابژەنم
ئەو هەموو بانگهێشتەی پەلکەزێڕینە
بۆ ئەوەیە رەنگی ئەوینمان تۆختر بێتەوە
ئەی پەرییە ژن
چەندان زمانم خوڵقاند
هەر بۆ ئەوەی پێت بڵێم
ئەمەوێت هاوسەفەرت بم لە رێکردن
بە ناو سرووده بێ رەنگەکانی مەنفادا
چەندان کتێبم نووسی
هەر بۆ ئەوەی پێت بڵێم
زەمەنێکە چاوەڕێی کەسێک دەکەیت

کەسێک چاوەکانی پڕ بن لە شەپۆل و
ڕازەکانی دەریای ئەوین بخوێنێتەوە
ئەوەتا من هاتووم و
زەمەنی چاوەڕوانیت کۆتایی هات
****

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد \ کۆڵن
مانگی ئۆگەست و سێپتامبەری ٢٠١٨

# ژیانێک بەشمان ناکات

ژیانێک بەشمان ناکات
بۆ تامکردنی کۆنە شەرابی
ناو گۆزە پرشنگاوییەکانی عەشق
ژیانێک هەر زۆر کەمە
بۆ جێکردنەوەی ئەو هەموو
ئارەزوو بارانەی هەوری عاتیفە
ژیانێک بەشمان ناکات،
بۆ باڵای بەرزی داستانەکەمان و

مێژووی لێکئاڵانمان
یەک جار ژیان، هەر زۆر کورتە
ژیانێک زۆر هەژارە
بۆ ئەو کۆشکە جەواهیرییانەی
بە سەرکێشیی ئەوین
لەسەر سەحرای مەحاڵ رۆیدەنێین
ژیانێک زۆر خێرایە
بۆ ئەو هێمنییەی من
بۆ ئەو ئارامییەی تۆ
لە تێپەڕین بە کوچەکانی دڵەڕاوکێدا
ژیانێک زۆر دەڵەمەیە
لەبەردەم لەرینەوەی «با»ی هەست و
سەمای شێتانەی خەیاڵەکانی من
ئەبێت ئێمە زیاد لە جارێک بژین
هەر هیچ نەبێت دەبێت
دوو هێندەی نوح
تامی هەرمێی تەمەن بکەین
ئەوسا دەتوانین
تێر بە کامی دڵی خۆمان
وەک دوو شیعری نەنوسراو
شکۆفە بکەین
وەک دوو ئاسکەکێوی

به لاپاڵی چیای غەریزەدا سەربکەوین
وەک دوو چرا
لە زەمەنی کوێرییدا دابگیرسێین
وەک دوو ڕێبواری شەکەت
دەستی عەشق بخەینە ژێر باڵی ژیان
وەک دوو دەریای شەپۆلاویی
لەناو یەکتردا چاو لێک بنێین
ئەبێت ئێمە زیاد لە جارێک بژین
یان وەک خدری زیندە
بۆ تا هەتایە بژین
ئەوسا دەتوانین
پەیکەری دڵڕەقی ڕابوەشێنین و
مۆمی عەشق
لە ئەشکەوتی عەقڵدا هەڵبکەین
ئەوسا دەتوانین
زمانێک بۆ خەون پەیدا بکەین و
قەڵەمێک بدەینە دەست خەیاڵ
دێڕ بە دێڕ خۆی بنووسێتەوە
ئەوسا دەتوانین
چاوێک بۆ بینینی جوانی بدۆزینەوە و
دەستێکی میهرەبانیش بۆ
هەڵگرتنەوەی تەرمی قەدەر

ئەوسا دەتوانین
بچینە سەر مەرقەدی داهاتوو و
نزای پاکبوونەوە بۆ ئەو گوناهانە بکەین
لە رابردوودا کردوومانن
دەبێت ئێمە زیاد لە جارێک بژین
یان هەر هیچ نەبێت
هێندەی مەسیح بژین
ئەو کاتەی بزماری مەنفا
لە خەونی شەوانمان دەچەقێت
یان ئەو ساتەی بە خاچی تەنهاییەوە
وەک کەلاکێکی کۆن هەڵدەواسرێین
خودا هەڵمانبکێشێت بەرەو ئاسمان
بۆ ئەو ئاسمانەی ناوی نیشتمانە
ئەبێت ئێمە زیاد لە جارێک بژین
یان خوێنی عەشتار
بچێتە ناو هەموو دەمارەکانی ژیانمان
ئەوسا دەتوانین
تفەنگی دڵڕەقی بێدەنگ بکەین و
ببینە ئاوازدانەری سروودی ماچ
ئەوسا دەتوانین
پێغەمبەرەکانی عەشق
لە گۆڕستانەکانی بێدەنگی

زیندوو بکەینەوە و
نەیزەکی کینە لە هەسارەی دڵ
دوور دوور بخەینەوە
دەبێت ئێمە زیاد لە جارێک بژین
یان لەم چەرخە سۆزانی و
زەمەنە نەزۆکەدا
هیچ کات لە دایک نەبین

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد
«نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس»
١–١٠–٢٠١٨

# بەدەم سەفەری شارانەوە*

پاریس
بە شانزێ ئەلیزێ دا ئەڕۆیشتم
ژێر هەموو هەنگاوەکانم تەڕ بوون!
شیعرێکی رووخۆشی «ئاراگۆن»م بینی
وەک باران ئەباری
****

جنێف

له سیمای هەر کاتژمێرێک ورد ئەبوومەوە
جان جاک رۆسۆ
بە ڕێزەوە سڵاوی لێ ئەکردم
وام ئەزانی دڵی ئەوە
لە جەستەی زەمەندا لێ ئەدات
****

دیمەشق

لەسەری هەر کوچەیەکدا
پۆلێک لە پیاوانی پۆلیس و
ژنانی لەشفرۆش وەستابوون
«ئەدۆنیس»م بینی
بە خۆی و دەفتەرێکی ڕەساسی شیعرەوە
سەر بەرەو ژوور هەڵدەهات
****

ئیستامبۆڵ

گۆرانییەکی ئەحمەد کایا و
شیعرێکی «نازم حیکمەت»م بینی
هەردووکیان ببوونە
دەستە خوشکی ناو زیندان
ئۆرهان پاموک
پرچی هەردووکیانی دائەهێنا
****

بەرلین
ئاگام لێ بوو نیوە شەوێک
برێخت لەسەر مێزێکی سوورباو
نامەیەکی بۆ مارکس ئەنووسی
لە نامەکەدا نوسیبووی
هاوڕێ ناکامەکەم
تارماییەکەت هێشتا
ئاسمانی ئەوروپای دانەپۆشیوە
****
تاران
بە بەرچاوی سوهرابەوە
ئاوەکان لێڵ لێڵ کران
شاملۆ شیعری بیر چوو بووەوە و
لەسەر خیابانەکان
دەرۆزەی ئەکرد بۆ لەتێک نان
****
بەغداد
لە ئەبونەواس، جەواهیری
بە گوێی «ڕەسافی»دا ئەچرپاند
ئیدی بۆ لەمەولا ئەبێت
شیعرەکانمان عەمامە لەسەر بکەن
هادی عەلەوی
لەولاوە دایە پڕمەی گریان

****

رۆما

مێژوویەکم بینی

پەیکەر ئەیگێڕایەوە

فلچەکەی «داڤینشی»یش

سلاوی لە موسافیرەکان ئەکرد

لە نازی هەر کچێکدا

خەندەیەکی مۆنالیزایی ئەدرەوشایەوە

****

ئەمستردام

سندووقێکی پرتەقالیم دۆزییەوە

گوێیە بڕاوەکانی ڤان کوخی تیا بوو

لەگەڵ نامەیەکی پڕ فرمێسک

بۆ سیۆی برای

****

کۆڵن

نیچە لە کەنار رووباری راین

گوێی لە موزیکی ڤاگنەر ئەگرت

بەدەم جگەرەکێشانەوە ئەیووت

«تف بە ئاڕاستەی بادا مەکەن» -١-

ئینجا بردیان بۆ شێتخانە

****

کۆپنهاگن
«نیلس هاو»م بینی
به بەلەم ئەپەڕییەوە بۆ مالمۆ
گوێم لێ بوو
شیعری بۆ دەریا ئەخوێندەوە و
به ماسییەکانی ئەوت
«شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە» -٢-
****
ستۆکهۆڵم
ستریندبێرگ خەریکی
نووسینی شانۆنامە بوو
جانتایەکی بەدەستەوە بوو
بەرەو پاریس خۆی کۆکردبووەوە
لەوێ کەوتە دۆزەخەوە -٣-
****
قاهیرە
میقداد بەدرخان
له مۆزەخانەکاندا بەدوای خۆیدا ئەگەڕا
تەنیا هەر ئەو بەشەی لە خۆی دەست کەوتەوە
که ناوی ڕۆژنامەی کوردستان بوو
****

نیویۆرک
هێشتا ڕێم نەکەوتۆتە ئەوێ
ئەگەر کاتم هەبوو بچم
لە تەنیشت پەیکەری ئازادییەوە
پەڕۆیەکی سپی
بۆ ئابڕووی ئەمەریکا هەڵدەکەم
****

هەولێر
دێوانەیەکم بینی لای مەچکۆوە
پێموابوو سوکراتە و ڕێی بزر کردووە
وەختێک لێی چوومە پێشەوە
وتم ئەو شێتە جوانەم دیوە
وا بزانم ناوی فەرهاد پیرباڵە

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد
١٧–٩–٢٠١٧

*باس لەو شارانەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێم تێیان کەوتووە، جگە لە نیویۆرک کە هێشتا ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە بۆی بچم.

١– ئەو دێرەی ناوی کەوانەکە وتەی نیچە خۆیەتی.
٢– ناونیشانی کتێبێکی شاعیری دانیمارکی نیلس هاوە.
٣– ستریندبێرگ ڕۆژانی ژیانی لە پاریس بە دۆزەخ پێناسە کردووە، کە دواتر لە توێی ڕۆمانێکدا هەر بە ناوی «دۆزەخ» ئەو ڕۆژانەی یادداشت کرد.

# زامی ئەفرین

ئەفرین عیسایەکە
بە خاچی ژەنگاویی
سوڵتانەوە هەڵوسراوە
ئەفرینم، چوار پەلی
بە چوار بزمار داکوتراوە
بزماری یەکەم
بزماری «فەتح»ی
ئاینی بۆگەنیوی بیابانە

بزماری دووەم
بزماری گورگە بۆرەکانی
دۆڵی ئەرگەنەکۆنە«١»
بزماری سێهەم
بزماری درۆی
جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤە
بزماری چوارەم
پڕ سوێترین بزمارە
ئەویش بزمارێکی جەمانە لەسەر و
کرمی ئەسکارسی ناوخۆیە
ئەفرینم تازە بووکێکە
بەرگی سپی فریشتەئاسای
لە خوێناودا سوور کراوە
کچە ئەسمەرێکی سرکە
چوار دڕندەی بێ دڵ لاقەی دەکەن
دڕندەی یەکەم
قەعقاعەکانی میراتگری غەزەواتن
دڕندەی دووەم
توتکە سەگەکانی «ئۆرتغرۆل»ن «٢»
دڕندەی سێهەم
رەشمارەکانی «کریملن»ن «٣»
دڕندەی چوارەم

چاوی نوقاوی دیموکراسییە
ئەوەتانێ ببینن
نووکی رمی بەدرەوشتی ناتۆ
شمشێری ژەهراویی قەرەقۆیلۆ «٤»
خەنجەری ناپاکیی دنیا
هەرسێکیان
لەدڵی ئاوریشمی کوردبوونم گیراوە
نەزیفی خوێنم دوێنی لە کەرکوک و
ئەمڕۆش لە ئەفرین بەربووە
ئەوەتانێ بە بەرچاوی
سۆزی مردووی هەموو جیهانەوە
چەخماخەی ئاگر بارینە
لە ئاسمانی پڕ دووکەڵی
موشەکی نەوەکانی ئەتاتورکەوە
شۆستەکانی شار
ئاواییەکانی دەوروبەر
پێماندەڵێن ئەوەی دەبارێ
تەنیا مەرگە و
ئەوەی روودەدات
هەڵەبجەیەکی ترە
ئەوەی دەبینرێت
پلیشانەوەی گوڵە

لە ژێر پێی پیرە بەرازی
کۆشکی جانکایا «٥»
ئەوەی دەگوزەرێ
هەڵوەرینی خونچەی ئومێدی کورد و
تۆپینی ویژدانی مرۆڤایەتییە
ئەفرینم
بوو بە لاپەڕەکی غەمگین
لە دیرۆکی هەزاران ساڵەی
سووتاندنی خوێنی کوردبوونما
ئەفرینم بوو بەداستانێکی ڕەشپۆش
لە مێژووی تاریک و لێڵی
ئابڕووی تکاوی سوڵتاندا

ئەڵمانیا – بیلەفێڵد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
١٨–٣–٢٠١٨

١– دۆڵێکی ئەفسانەییە و تورکەکان نەژادی خۆیان دەبەنەوە بۆ ئەو دۆڵە کە بە دۆڵی گورگە بۆرەکان ناوزەدی دەکەن.
٢–هێمایە بۆ «عوسمانی کوڕی ئۆرتغرۆل»ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ساڵی ١٢٩٩ی زایینی.
٣–کۆشکی سەرۆکایەتی وڵاتی روسیا.
٤–ناوی هۆزێکی توندوتیژە کە تورکەکان بە رەگەز دەچنەوە سەر ئەو هۆزە و واتاکەی مەڕی رەشە.
٥–کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا.

# حەشد قڕان*

حەشد قڕانە، حەشد قڕان
ئەوە ئێمە لێرەین
ئێمە کوڕی چیاکانین
وەرن ئەی هۆزی جنۆکەی بیابانشین
ئێمە کوڕی چیاکانین
کە گۆڕستانێکن لەسەردەمی غەزەواتەوە
ئێسک و پروسکی رزیوی
باوانتانی لێ جێماوە

وەرن ئەی قەلەڕەشە تۆزاوییەکانی سەحرا
با ئێمە فێرتان بکەین
بیابان ئەبێت کڕنوش ببات بۆ چیا و
سەری شۆڕی لە ئاست باڵای بڵندی نەوی بکا
وەرن ئەی خێڵی شین و شەپۆڕ و عاشورا
لە چیاکانی ئێمەوە
زەماوەندی سەرکەوتنی وەهمیتان
لێ ئەکەینە عاشورایەکی نوێ
کە هەزاران ساڵ لە خوێناویدا بتلێنەوە
وەرن ئەی بەکتریا
ریش رشکاوییەکانی نەجەف و کەربەلا
وەرن ئەی جرجە بۆگەنەکانی مەرجەعیەت
چیاکانی ئێمە لە مێژە
خەنجەری تۆڵەی ئەنفال و هەڵەبجەی
بۆ گەردنی پیستان تیژکردۆتەوە
وەرن ئەی عەبا رەشەکانی
ناو تاریکی دڵی مێژوو
لە چیا ردێن سپییەکانی ئێمەوە
گەردەلولی قڕکردنتان دەست پێئەکا
وەک چۆن لە دەمی راپەڕیندا وتمان
بەعسی قڕانە، بەعسی قڕان
ئێستاش پڕ بە قورگی کوردبوونمان

به قەد قووڵیی زامی کەرکوک
سروودێکی نوێ ئەچڕین و
هاوار ئەکەین گەلۆ بەم نزیکانە
حەشد قڕانە، حەشد قڕان
خائین قڕانە، خائین قڕان

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد
١٨-١٠-٢٠١٧

*هێمایە بۆ میلیشیای شیعیی «حەشدی شەعبی» کە لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ دوای داگیرکردنی کەرکوک، دەستیانکرد بە کوشتن و کاولکاریی، بەڵام دوو ڕۆژ دوای ئەم شیعرە لە شەڕی «پردێ» لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە خەونی داگیرکارییان لە گۆڕنرا، من ئەم شیعرەم لە ئێوارەی ١٨ی ئۆکتۆبەر بە ڤیدیۆ بڵاوکردەوە لە فەیسبوک.

# سروودێک بۆ پێشمەرگە

ئێوە پێم بڵێن
چیاتان بینیوە گێژەڵوکە بیبا؟
زریانتان بینیوە
پوش و پەڵاش رایگرێ؟
ئەستێرەتان دیوە
تاریکی دایپۆشێ؟
ئێوە پێم بڵێن
هەڵۆتان دیوە

قەلەڕەش راوی بکات؟
ئێوە خۆرەتاوتان دیوە
سەرما بیتەزێنێ؟
ئاسکەکێویتان دیوە
کیسەڵ ماراسۆنی لەگەڵ بکات؟
هەورە بروسکەتان دیوە
ئاسمان کۆت و دیلی بکات؟
ئێوە پێم بڵێن
زەمین لەرزەتان دیوە
گوێ بۆ لیتاو رابگرێت؟
پۆڵاتان دیوە
سەر بۆ کورە دانەوێنێت؟
ئاگرتان بینیوە
لە سەرما و سوتان بترسێت؟
ئێوە پێم بڵێن
رۆژی رووناتان بینیوە
شەمشەمەکوێرە چاوی پێی هەڵبێ؟
ئێوە پێم بڵێن
قولەی قافتان بینیوە
لەبەر مێروولەی باڵدار هەڵبێ؟
رەشەباتان بینیوە
لە بەردەم گڕەو گەرما بلەرزێت؟

هیچ کاروانێکتان دیوە
بە سەگوەڕ نەگاتە جێ؟
تاریکترین شەو توانیویەتی
ڕێ لە خۆرهەڵاتن بگرێت؟
ئێوە پێم بڵێن
ئیدی ئیرادەی پێشمەرگە
بە کێ ئەشکێنرێت؟
پێشمەرگە لافاوە
خەیاڵی خاویان رائەماڵێ
پێشمەرگە ئاگرە
شەهوەتی داگیرکارییان ئەسوتێنێ
پێشمەرگە چرایە
جەرگی ئەنگوستەچاو ئەدڕێ
پێشمەرگە کێڵگەیە
خونچەی سەربەستی لە دڵیدا ئەڕسکێ
پێشمەرگە بومەلەرزەیە
عەرشی بەغداد ئەهەژێنێت
پێشمەرگە مژدەبەخشی ئازادییە
وەک هەڵۆ لەسەر بەرزترین لوتکەوە
لە زەماوەندی سەرکەوتن ئەڕوانێت

ئەڵمانیا - نۆرنبێرگ
٢٠١٧-١٠-٢٧

# خوێن لە باڵای نیشتمانم ئەچۆڕێت*

ئەم بەیانییە
پێش ئەوەی خۆر
سڵاوێکی روناک لە نیشتمان بکات
لە رۆژهەڵاتی وڵاتەوە
رەشەبای مەرگ هەڵیکرد و
ئاگری چاوی ژیانی کوژاندەوە
لەو دەمەدا کە بایەقوشەکانی عەجەم
ناوی ئەستێرەکانیان ئەخوێندەوە

که دەبێت ڕووناکیان خامۆش بکرێت
ئاگام لە دکتۆر قاسملۆ بوو
بە گوێی پێشەوا قازیدا چرپاند
ئەمڕۆ ڕامین و سوهەیلە
دێنە دیدارمان
ئەوان بۆنی خاکیان لێدێت و
خەونی ئازادییان پێیە
هەواڵی ئەو ریشۆڵە ئازادانەیان لایە
بە دارلاستیکی مناڵەکانی سیغە
لە خەونی فڕیندا دەخرێنە خوارەوە
لەو کاتەدا کە
ئەژدیها عەمامە لەسەرەکانی تاران
پێکی فرمێسکی
«دایکە شەریفە»یان هەڵدەقوڕاند
ئاگام لە شەرەفکەندی بوو
بە خۆی و چەپکێک گوڵی سپییەوە
چوو بووە گوندی ئەڵمانە و
بە کاک فوادی ئەوت
ئەوەتانێ «زانیار»ەکەی تۆ و
«سوهەیلە»کەی من
لە بەهەشتی شەهیدان ژوانیان هەیە و
پێویستە بە خوێناویی خۆمان

گوڵە ڕەشەکانی دەستیان سوور بکەین
ئەمشەو بەر لە سەحەر
خەونێکم بینی، لە سنە بووم
ڕامین بە سواری ئەسپی ئازادییەوە
لە ئاویەر سەر بەرەو خوار دەهات
ماڵی دایکە شەریفە
پڕ پڕ ببوو لە فریشتە
پڕ پڕ بوو لە پەپولەی باڵ سووتاو
ماڵیان ببووە دورگەیەکی تەڕ
لە دەریای گریاندا
ماڵیان ببووە سەکۆیەکی سەربەست
بۆ پێکگەیشتنی گوڵ و پەروانە
ڕامین هاواری ئەکرد
ئەمڕۆ، بەڵێ هەر ئەمڕۆ
دوکەڵی مەرگ دەخرێتە چاوی ژیانمەوە
ئەستێرەیەک لە ئاسماندا دەکشێت
هەر بە بزەیەکەوە ئەیووت
گەلۆ، ئەو ڕۆژە لە بیر مەکەن کە دێمەوە
خۆم و ئازادیی پێکەوە دێیینەوە
کە هاتمەوە گەردەلولم لەگەڵە
مێزەر و عەمامەیان هەڵدەگرم و
تاکو زبڵدانەکانی مێژوو دایانئێم

ئەمشەو لە خەونمدا
لە مهاباد بووم، شار خرۆشا بوو
بۆکان بە خۆی و رووبارێک فرمێسکەوە
سەقز بە خۆی و زەریایەک تووڕەییەوە
شنۆ بە خۆی و شاخێک لە ورەوە
سەردەشت بە خۆی و جەرگی سووتاوییەوە
هەر هەموویان لە مهاباد بوون
یەک یەک دەچوونە سەر مەزاری پێشەوا و
بە دەسماڵی غەم چاویان ئەسڕی
بە دەنگێکی چەخماخەئاسا ئەیانووت
ئەمجارە بوکە رەشپۆشەکەی رۆژهەڵات
ناوی سوهەیلەیە و
بە کەژاوەی خوێنەوە دێتەوە
ئەم شەو، لە خەونمدا لە مەریوان بووم
بانە بە جلێکی رەشەوە میوان بوو
جوانرۆ لایلایەی بۆ ئەکرد
کرمانشاه شیوەنی بۆ ئەگێڕا
«زانیار و لوقمان»م بینی
بەرەو پیری کاک فواد ئەچوون
ئەیانووت ئەی گوڵە سوورەکە
تۆ خۆت گوڵێکی تەنیا بوویت
ئێستا رۆژهەڵات بووە بە باخ و

هەر ڕۆژەی گوڵێکی سوور
پێشکەش بە خاک ئەکات
ئەوەتانێ ئێمە دوو گوڵی سوورین
لە باخی خەبات و شۆڕشەکەی تۆدا
وەک گوڵەباخ سەرمان دەرهێناوە و
مژدەی بەهاری وڵاتمان بۆ هێناویت
ئەم وەیشومەیەش تەمەنی زۆر کورتە
هەر لە تەمەنی داڵغەی قەلەڕەشێک ئەچێت
هەروەک تەمەنی لقە دارێکی وشکە
لە ئاگردانی خۆڕاگرییماندا
ئەمشەو لە خەونمدا
بە ئۆتوبوس شار بە شاری ڕۆژهەڵات
بە نیازی دۆزینەوەی سەری خۆم
لە گۆڕستانی شەهیداندا وێڵ بووم
ئەوەی لەوێ نەبوو من بووم
ئەوەی لەوێ بوو «نەسرین» بوو
لە ناو ئینجانەی خوێنی خۆیدا
تۆوی بەرخۆدانی ئەڕواند
چاوی بڕیبووە
لەشی دایکە نیشتمان
کە لە هەموو لاوە
ڕمی عەجەمی تێ دەگیرا و

جۆگەلەی خوێن

لە سنەوە ڕێچکەی گرتبوو

بە مەریواندا تێپەڕی و

لە کۆیە بوو بە ڕووبارێک

ئەمشەو لە خەونمدا لە ڕۆژهەڵات بووم

بە بەرچاوی دایکە نیشتمانەوە

جەرگی کۆرپەکانی ئازادییان

بە خەنجەری ژەنگاویی

دەستی ئاخوند ئەبڕی

کاتێک لەم خەونە ناخۆشە

بێدار بوومەوە

بینیم باڵای نیشتمانم

خوێنی لێ دەچۆڕێت و

چاوی چل ملیۆن کوردیش فرمێسک

ئەڵمانیا - بیلەفێڵد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

٨-٩-٢٠١٧

*ئەمڕۆ ٨-٩-٢٠١٨ سێ چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری سێدارەوە «ڕامین حسێن پەناهی» و «زانیار و لوقمان مرادی» لە سێدارە دران، هاوکات بارەگاکانی حزبی دیموکرات لە شاری کۆیە بوونە ئامانجی بۆردومانی هێزەکانی ئێران و لە ئاکامدا ١٦ سەرکردە و پێشمەرگە شەهید بوون، لە نێویاندا دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ژن هەبوون بە ناوەکانی «سوهەیلە قادری- نەسرین حەداد». ئەم ڕووداوە ناخی هەژاندم و بڕیارم دا لە نەخۆشخانەوە ئەو هەژانە دەروونییە بخەمە چێوەی ئەم شیعرەوە.

# نامەکانت

نامەکانت تەڕن و
بۆنی فرمێسکیان لێ دێت
ئەوەی بۆم دەخوێنرێتەوە
تەنیا سەربردەی خۆمەوە
لەو دەمەدا کە تەنیا عەشقم مابوو بۆ وتن و
گۆرانییەکی تەنیام پێ مابوو بۆ دنیا
نامەی یەکەمت
لە شەوێکی هێمندا
لەبەر چرای ئەوین نوسیبوو

بۆنی عەتری غەریبی لێ ئەهات و
لە ناو دەستی مەنفادا چرچ ببوو
ئەوجا گەیشتە ئەو پیاوەی
رێی نیشتمانی
لە کۆڵانە نوتەکەکانی تاراوگەدا
ون کردبوو
نامەی دووەمت
لە ئێوارەیەکی باراناویی
بە دزی مۆتەکەی دڵتەنگییەوە نوسیبوو
هەر ئەوەندەم بۆ خوێندرایەوە
بە خەتێکی شێدار نوسیبووت
کێ دێت لەسەر رووی ئەم کاغەزە
فرمێسکەکانم کۆ بکاتەوە؟
کێ دێت لە نێو دێڕەکانیدا
دڵێکی خۆڵەمێشی هەڵبگرێتەوە؟
نامەی سێهەمت
بە مرەکەبێکی سوور
لە رەنگی خوێن و
بە پەڕەمووچێکی گەرم
وەک ئاگر نوسیبوو
بە چاویلکەی خەمەوە
توانیم هەر ئەو چەند رستەیە حنجە بکەم:

ماڵئاوایی لە دڵتەنگیی بکە و
سڵاوێک لە هەتاوی چاوەکانم بکە
ببە بە جەنراڵێکی هیچ کات نەبەزیو و
جەنگی تەنهاییم ببەوە
نامەی چوارەمت
بە تیشکی نیگا و
دەست و پەنجەی تەماشا نوسیبوو
وشەکانی لە گەڕەکی بەرائەت و
لە شاری گوڵفرۆشانەوە خواسترابوون
بە قەڵەمێکی مۆر
تەنیا ئەم چەند دێڕەت یادداشت کردبوو:
پەپولەی دڵم
لە سینگی خۆمەوە فڕییە
ناو لای چەپی سینگی پیاوێک کە
پۆشاکی شیعری لەبەردابوو
پیاوێک کاتژمێرێکی رەشی لەدەستدا بوو
کە چرکە بە چرکە
پاشەڕۆژی تەماویی منی ئەژمارد
نامەی پێنجەمت
دوای سڵاوێکی هەناسە سارد
لەسەر پەڕەیەکی ڕەش نوسیبووت
ئەم نامەیەت
لە دوورگەی ئازارەوە بۆ ئەنوسم

پیت بە پیتی تۆفانێکە لە ماچ و
حەسرەتێکە بۆ تریفەی چاوەکانت
لە خوار واژۆکەشتەوە نوسرابوو
ئەی کۆترە غەریبەکە
بیرم کردوویت و خۆشم ئەوێی
نامەی شەشەمت
لە زەرفێکی زەردباودا ناردبوو
نوسیبووت قەڵەمەکەم خەریکە کوێر ئەبێت
گریان لە چاوەکانم نابڕێت
هەموو ساتێک میوانی تەنهاییم
ئەمەوێت تۆ بێی
لە قەبری ئەم دڵتەنگییە دەرمبهێنیت
خۆ تا ئێستا هیچ شیعرێک
پێی نەوتم بۆ هێندە تەنگە نەفەسیت؟
ئەمەوێت تۆ بێی
لەم بەرمۆدای گوومانە دەرمبهێنیت
خۆ تا ئێستا پەپولەیەک
پێی نەوتووم گوڵم ئیزن هەیە
لەسەر پەڕەی دڵنیاییت بنیشمەوە؟
منیش تەنها
بە حەپەساویی بێدەنگ بووم
نامەی حەوتەمت
لەبەردەم ئاوێنەی چاوەڕوانیدا

بەدەم نەفەسدان لە پایپی تەمەنەوە نوسیبوو
ئەوەی سەرنجی منی راکێشا
ئەو هاوارە قورگ پڕ لە گریانە بوو
بانگی گۆدۆی عەشقی ئەکرد
ئەوەی سەرنجی منی راکێشا
ئەم دێڕە ئاڵۆز و گرێچنە بوو:
لەوەتی هەم
بە باڵای عەشقدا هەڵدەزنێم و
هەمیشە دەکەومە
شیوە دۆزەخییەکانی دابڕانەوە
لەوەتی هەم تۆوی موحیبەت
لە دڵی پیاوێکدا ئەڕوێنم
کە هەمیشە تەنهایی ئەگرێت!!
نامەکانت هەر دێن و
ماندوو نابن لە هاتن
من تەنها جارێک نامەم بۆ ناردیتەوە
بە خوێن ساردییەوە نوسیم
داوای لێبوردن دەکەم
هیچ تێناگەم

ئەڵمانیا – کۆڵن
کەنار رووباری راین
ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# دەریا ئەکەمە شایەت

دەریا ئەکەمە شایەت
رۆژێک نایەت
من دوا کۆپلەی گۆرانی عەشقت بچڕم
رۆژێک نایەت
دێڕی شیعرم خاڵی بێت لە بۆنی هەستی تۆ
دەریا ئەکەمە شایەت
رۆژێک نایەت
ئەم «وەلی»یە دڵی «شەم»ی خۆی جێبهێڵێت
رۆژێک نایەت
پێنووسەکەم خاڵی کۆتایی دابنێ و

له سەحرای شیعرێکی مردوودا جێتبهێڵم
دەریا ئەکەمە شایەت
رۆژێک نایەت
مورووی رەشی تەنهایی بدەم لە گەردنت
رۆژێک نایەت
بەرگی قەترانیی دڵڕەقیت بکەمە بەر و
قوفڵی بێدەنگی بدەم لە دەرگای هەمیشە کراوەت
بە رووی ئارەزووەکانمدا
دەریا ئەکەمە شایەت و
سوێند بە هەموو شەپۆلەکان دەخۆم
سوێند بە قووڵایی رۆحی دەریا دەخۆم
سوێند بەچاوی شینی دەریا دەخۆم
خۆم لا نادەم لەژێر خوڕەی
بارانی خۆشەویستی تۆ
هەتا ئەوکاتەی دەبمەوە بە تۆ

١٩–١٠–٢٠١٨
باکووری زەوی